


**٢٥ی گەلاوێژ**

**٢٠٢٦ - ١٩٤٥**




# ٨١ ساڵ

# تێکۆشان لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس دا

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

# پێڕست:

١- حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.......................................................... وەک پێشەکی ..... ٣
٢- بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان(١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی)................................... ٨
٣- ڕاگەیەندراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزرانی................................ ١١
٤- حیزبی دێموکرات؛ ئامانج و ئەرکەکانی لەهەلومەرجی ئێستادا.................................... برایم لاجانی ..... ١٦
٥- حیزبی دێموکراتی کوردستان و گوتاری نەتەوەیی................................................... عومەر باڵەکی ..... ٢٢
٦- ئەندێشەی پێشڕەو و شۆڕشی بڕوا.................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٢٦
٧- دوای هەشتا و چەند ساڵ(لە پاشخانی جەماوەرییەوە هەتا فرەچەشنی لە خەباتدا)............. ڕەزا دانشجوو ..... ٣٢
٨- سوژەڤانی و دابڕان: دیاردەناسیی حیزبی دێموکرات.............................................. شاهۆ حوسێنی ..... ٤٤
٩- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزب(واشنتۆن)...... ٥٣
١٠- بۆچی ملیۆنان کەس گوێ لە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگرن؟............... برایم لاجانی ..... ٥٨
١١- د. قادر وریا: دێموکراسیی زۆرایەتی ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا وەڵامدەر بێت...................................
.................................................................................................. دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٦٦
١٣- دێموکرات دەڵێ چی و چیی دەوێ؟........................................................................ عەلی لەیلاخ ..... ٧٣
١٤- حیزبی دێموکرات؛ سیمبولی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.........................
................................................................................................................... هەردی سەلیمی ..... ٧٨
١٥- دیپلۆماسی بە بێ دەوڵەت: (گوزار لە پارادیپلۆماسییەوە بۆ ڕۆڵگێڕانی ستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا)..........
.................................................................................................................... زانیار حوسێنی ..... ٨١
١٦- بەساڵداچوو بەڵام بەدەماخ و لەسەر پێ؛ ئەرک و ئالەنگارییەکانی بەردەم حیزبێکی هەشتاویەک ساڵە...............
.................................................................................................................. د. ئاسۆ حەسەنزادە ..... ٨٧
١٧- لە مێژوو و میراتەوە بۆ پرۆژەی داهاتوو؛ (حیزبی دێموکرات و نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردەواری)......................
.................................................................................................................... عەلی بداغی ..... ٩٧
١٨- پانۆرامای ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران.......... ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی ..... ١٠٢

# حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

## وەک پێشەکی

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی دا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوە دێرینەی ناوچەکەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ. ڕێکخراو نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە لایەکو دەستتێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بەهۆی داڕشتنی سنووری دەوڵەت - نەتەوە تازەپێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەکو لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستانو حاشا کردن لە پێناسی نەتەوەیی کوردو مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسی دا. هەر ئەو غەدرە مێژووییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناوی و پڕتێچوو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا.

هەرچەند پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیش دا، بەشێکی جیانەکراو لە پڕۆژەی سەقامگیرکردنی "دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی" بە هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیان توانیوە ڕێ لە ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن. ناسیۆنالیزمی مۆدێڕنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بەشێوەیەکی شایانی تێگەیشتن لە لایەکەوە بەرهەمی

## ٢٥ی گەلاوێژ

پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیو لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەی رووناکبیری کورد بوو،

**لەرێی پێکهێنانی کۆمەڵەی "ژ – ک" ەوە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢ی زایینی) دا شێوازی رێکخراوەیی بەخۆیەوە گرت.**

پێناسەی کۆمەڵەی "ژ - ک" بنچینەی لە سەر بەرزبوونەوەی بیری نەتەوەییو رزگاریی کورد لە هەموو کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو. ژ - ک لە پاش ٣ ساڵ، بە هۆی بەرین بوونەوەی مەودای چالاکی و لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چینو توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆی دا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەم پێیە،

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینی دا بە رێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرا.**

دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی کۆمەڵەی "ژ - ک". بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا و بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆی دا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا پێک بهێنێ.

**کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتووی دەسەڵاتی کوردیی بە شیوەیەکی مودێرنو بە نێوەرۆکێکی دیموکراتیکەوە، نیشان دا. هەرچەند کۆماری کوردستان پاش ١١ مانگ دەسەڵاتداریی دیموکراتیک، بەهۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا،**

بەڵام ئەزموونی دیموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستان دا، بە لاپەڕەیەکی زێرینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەییو دیموکراتیکەکانی دا دێتە ئەژمار. جەوهەری دیموکراتیکی دەسەڵاتداری لەو کۆمارەدا کە لەجێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی رێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەلایەکو هەوڵدان لە پێناوی پێکەوەژیانێکی تێکەڵ بە هاورێزی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی لەلایەکی دیکە دانرابوو، نەک هەر لە ئاستی کوردستانو ئێرانی ئەو سەردەمەدا، بەلکوو هەم ئەوساو هەم ئێستا لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەراست دا بە رووداوێکی گرنگ دادەنراو

دادەنرێ. هەرچەند پێشەوا قازی محەممەدو بەشێکی دیکە لە رێبەرانی حیزبو کۆمار لە پێناوی خەباتی رزگاریخوازانەیان دا بە فەرمانی رێژیمی پاشایەتیی ئێران لە سێدارە دران، بەڵام ئەزموونی دیموکراتیکو پێشکەوتنخوازانەی کۆماری کوردستان هەروا رێنیشاندەری ئەوە لە دوای ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بووەو دەبێ.

لەگەڵ ئەوەی رووخانی کۆماری کوردستان زەبرێکی گەورە بوو کە لە پەیکەری حیزبی دیموکراتی کوردستان درا، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە لە ماوەیەکی بە نیسبەت کورت دا خۆیان رێک خستەوەو خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەییان دەست پێکردەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٦٥ ساڵ تەمەنی خۆیدا زۆر فەسڵی زێڕینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناونو تووشی نوشوستیو تێشکانیش بووە.

**بێجگە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبەو بە گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بوو، ئەم حیزبە بزووتنەوەی پڕشکۆی ساڵانی ٤٧ – ١٣٤٦ی بەرپا کردوە، چەند جار لە ململانەی هەڵبژاردن دا خۆی تاقی کردۆتەوەو هەموو جارێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو سەرەنجام بۆ ماوەی پتر لە سێ دەیە خەباتێکی قارەمانانەی بە دژی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردوە.**

ئەم حیزبە هەر لەو کاتەدا رووخانی کۆماری کوردستانو تێک شکانی راپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ - ١٣٤٦ی بەخۆوە دیوەو چەند جار لە دەورانی رێژیمی پاشایەتیو رێژیمی ئیسلامییدا کەوتۆتە بەر پەلاماری پۆلیسو هێزە سەرکوتکەرەکانو بە دەیانو سەدان تێکۆشەری کەوتوونەتە زیندانەوە کە زۆربەیان حوکمی قورسو تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو خەباتە قارەمانانەو پڕلە شانازی‌یەدا زیاتر لە پێنج هەزار کادرو ئەندامی شەهید بوون کە نیزیک ٢٥ کەسیان لە کادری رێبەری بوونو لە سەرووی هەمووشیانەوە ناوی سێ رێبەری پایەبەرز: پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی دەدرەوشێنەوە.**

لەپاش دەستپێکی پرۆسەی سەقەتی دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوە لە ئێران دا ، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا چ لە سەردەمی پاشایەتیو چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا، هیچ کات ئامادە نەبووە هەنگاوێک بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کوردو نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران هەڵێنێتەوە. روانگەی تەواویەتخوازانەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو حاشاکردن لە فرەنەتەوەبوونی ئێرانو پرسی رەوای نەتەوایەتیی کورد، هۆکاری بەردەوامبوونی ئەو کێشەیە بووە.

مەسەلەی کورد لە ئێران دا بەردەوام نەک هەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی‌یەوە، بەڵکوو لەلایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە

دەرەوەی دەسەڵاتی رەسمیو، تەنانەت لەلایەن بەشێک لە ئوپۆزیسیونی سەراسەریو رووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێکراوە. گرفتی ئەو روانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کوردو مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندنو خۆگێلکردن لەو ڕاستی یەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژمونیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆڕاگرتنو بەبنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، شتێک نیە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادیموکراتیکو شۆڤینیستی‌یەدا.

هەر بەهۆی ئەو روانگە تەواویەتخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسییش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێران دا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بزووتنەوەی کورد لە رەوتی خۆی دا هەمیشە نەبوونی دیموکراسیی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی رابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد بەردەوام خوازیاری چارەسەری دیموکراتییانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. بەڵام بەداخەوە لەبەر نادیموکرات بوونی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستان دا، بەردەوام ویستی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بە زمانێکی نادیموکراتیکو تێکەڵ بە زەبروزەنگ وەڵام دراوەتەوە. نیەتی ئاشتیخوازانەو ویستی کەڵکوەرگرتن لە دیالۆگو وتوویژ بۆچارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، یان هەر لەلایەن نوێنەرانی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە رەت کراوەتەوە یان وەک داوێک بۆ لەنێوبردنی رێبەرانی سیاسیو لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، کەڵکی لێوەرگیراوە.

ئەزموونو رەوتی رووداوەکان دەریان خستوە کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندو حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەکانی ئێرانو سەپاندنی پێناسی نەتەوەیەک بەسەر هەموو نەتەوەکانی دیکەدا، هیچ کاتێک جێی نەگرتوە. لەئارادابوونی پرسی نەتەوەکان وەک گرینگترین پرسی سیاسی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو راستی‌یەیە.

سووربوون لەسەر رەوتی ناسیۆنالیزمی تەواویەتخوازی ئێرانییش کە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی لە دایک بووە، شتێک نیە جگە لە هەوڵێکی نابەرپرسانە بە ئاقاری درێژەدان بە سەنتەرگەرایی‌یەکی مێژوویی‌و لەسەر حیسابی لێڵکردنی هەرچی زیاتری ئاسۆی پێکەوەژیانی داوتەڵەبانەی نەتەوەکانی نێو ئێران .

**هەربۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، لەبەر رووناکایی ئەو خاڵەی سەرەوەداو بە لەبەرچاوگرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کوردو رەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک**

## ٢٥ی گەلاوێژ

بەتەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێو ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە. دەرەتانی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش – سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەمو کارەساتەی ڕابردوو – کاتێک دەڕەخسێ کە بێ ئەملاوئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

سەرچاوە: بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسند کراوی کۆنگرەی ١٥

## ٢٥ی گەلاوێژ

بسم الله الرحمن الرحيم

## "بەیاننامەی"یەکەم"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان"

### ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی

ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بۆ بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لە ژێر پێ نەرانی دێموکراسی هەڵگیرسا بوو، بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دێموکراسی سەرکوت و دنیای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلانی و نەتەوەکانی جیهانی لە ژێر دەستی چەند نەفەر ملهوڕو سەرەڕۆدا یەخسیر بکا بە شێوەیەکی قەتعی تێک شکاو لێک بڵاو بوو و هەروەها کە چاوەروان دەکرا بۆ ئازادیی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا. ئەمڕۆ گەلانی دنیا لە گەورە و چووک دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵک وەرگرن و لەو بەڵێنی یانەی کە بە هۆی مەنشووری مێژوویی ئاتلانتیکەوە دراوە سوود ببینن و هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان بە دەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان بە مەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن.

ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژیین ساڵەها و بەڵکوو چەندین سەد ساڵە کە لە پێناوی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و

مەحەللی دا خەباتمان کردوە و قوربانیمان داوە. بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسەی حیسێبیی ئێمە قبووڵ بکەن و تەنانەت نەیان هێشتوە ئێمە لەو مافەش کەڵک وەربگرین کە قانوونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەکان و ویلایەتەکانی ئێران دای ناوەو بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللە بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعید و یەخسیری بووە. بە تایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی ڕەزاخان دا تەنانەت لە بەر کردنی جل و بەرگیش دا ئازاد نەبووین. بە زۆری سەرنێزە بە هۆی ئەفسەرانی دزو خائین و تالانکەرەوە هەموو دارایی و ژیانی ئێمەیان تەفرو تونا کردوە و چاویان لە ناموس و شەڕەفی ئێمەوە بووەو بۆ لە نێو بردن و خاشە بڕ کردنی نەسلی ئێمە لە هیچ نزمی و دڕندەیی یەک خۆیان نەپاراستوە. ئاخر ئێمەش ئینسانین. ئێمەش مێژوو، زمان و شوێنەواری خۆمان هەیە کە لامان خۆشەویستن. بۆچی دەبێ مافی ئێمە لە ژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لە نێو ماڵی خۆمان دا ئازاد و موختار بین؟ بۆ چی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بە زمانی کوردی پەروەردە بکەین؟، بۆ چی نایەڵن کوردستانی ویلایەتێکی خودموختار بێ و لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتی یەوە ئیدارە بکرێ کە قانوونی ئەساسی دیاریی کردوە؟

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلليی خۆمان خەبات بکەین. ئەم خەباتە یەکیەتی و یەکڕەنگیی پێویستە، ڕێکخراو و پێشەنگی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست،دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەی خۆیان کۆببنەوە و لە پێناوی وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان دا فیداکاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەر و ڕێنوێنی ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی لە مەترسیی تەفرو تونا بوون ڕزگار دەبێ و هەبوون و ناموس و شەڕەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانێ لە نێو سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاریی نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

**هاونیشتمانان، ئێمە بێجگە لە مافی ڕەواو ئینسانیی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانی ئێمە لە بەندەکانی خوارەوە دا خولاسە کراون. بیان خوێننەوە و هەموو گەلی کورد، فەرد فەردیان تێ بگەیەنن. ئەوە دروشمەکانی ئێمەن:**

**١- نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسووڕاندنی کارو باری مەحلليی خۆی سەربەخۆ و ئازادیی بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاریی خۆی وەدەست بێنێ.**

**٢- مافی خوێندنی بە زمانی زگماکیی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بەهۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ.**

## ٢٥ی گەلاوێژ

٣- لەسەر بناخەی قانوونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتیی کوردستان بە زوویی هەڵبژێردرێ و بە هەموو کاروباری کۆمەڵاتی و دەوڵەتی رابگاو چاوەدێری یان بەسەر دا بکا.
٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بە بێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

٥- دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێ یی و خاوەن ملک دا رێککەوتنێک پێک بهێنرێ و دواڕۆژی هەر دوولا دابین بکرێ.

٦- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەبات دا بەتایبەتی لەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتی یەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆری یەکان و ئەرمەنی یەکان و هی دیکە، یەکیەتی و برایەتی یەکی تەواو پێک بهێنێ.

٧- حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەش ساغی و باشتر کردنی ژیانی ئابووری و مەعنەویی گەلی کورد دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم رێگایەدا تێ دەکۆشێ.

٨- ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادی یان بدرێتێ بۆ بەختەوەری پێشخستنی نیشتمانی خۆمان.

بەرنامەکە بە کوردی دەست نەکەوت بۆیە لە دەقی فارسی یەوە وەرگێڕدراوە.(د)

سەرچاوە : کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی - کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ٢٥ی گەلاوێژ

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزرانی




**خەڵکی مافخواز و خەباتکاری کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو سەردەمدا و پاش پتر لە دوو دەیە زەبروزەنگی حکوومەتی ڕەزاشا بە ئامانجی تواندنەوە و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی سەپاندنی زمان، کولتوور و ئیرادەی سیاسیی باڵادەست، حیزبێک لە دایک بوو کە بووە بنیاتنەری قۆناغی نوێ لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ماوەی ئەو دوو دەیەدا و لە کاتێکدا لە باکوورەوە هەتا باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان - لە سمکۆی شکاکەوە بگرە هەتا شۆڕشی ڕینۆ لە ئیلام - بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد دژی ڕێژیمی پەهلەوی لە ئارادابوو، لە ناوەندی کوردستانیش بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردی خەریکی گەشەسەندن بوو. بیرۆکەیەک کە حیزبی "ئازادی" بناغەکەی داڕشت، "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" واتای نەتەوەیی پێ بەخشی و لە ئاکامدا "حیزبی دێموکراتی کوردستان" بوو بە بەرهەمی ئەو ڕابوونە سیاسی و جەماوەرییە بە بیری نەتەوەخوازییەوە.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دەرەنجامی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد

## ٢٥ی گەلاوێژ

بۆ بەربەرەکانی و بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی پەهلەوی بوو. حیزبی دێموکرات دەیویست وێڕای شەپۆلەکانی نوێبوونەوەی ئێران، کۆمەڵگەی کوردستانیش نوێ ببێتەوە و داوا ڕەوا و مافخوازانەکەی لە ڕێی حیزبێکی مەدەنی و مۆدێڕنەوە هاوشێوەی دنیای تازە بکاتە ڕۆژەڤ. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم نموونەکانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بۆیە ئەو حیزبە توانیی لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا بناغەی حکوومەت داڕێژێ. کۆماری کوردستان بەو هەمووە دەسکەوتە مێژوویی، نەتەوەیی و سیاسییەی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگەی کوردی و ئەو شێوازە نوێیە لە خەباتی سەردەمیانە بوو کە کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا لە ڕێی حیزبی سیاسی و بە پلان و بەرنامەی ئامانجدارەوە دەیبردە پێشێ.

حیزبی دێموکرات نە تەنیا کوردی کردە خاوەن حکوومەت بەڵکوو مانا و گوتاری سیاسیی بە خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەی بەخشی، گوتارێک کە ئەگەرچی بەردەوام بە پێی پێداویستی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان گۆڕانی پێدا هاتووە بەڵام جەوهەرە نەگۆڕەکەی بۆتە کۆڵەکەی ژیانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە چەشنێک کە هەتا ئێستاش کورد سیاسیترین نەتەوەی نێو پێکهاتەی جوغرافیایی ئێرانە و ئەو تایبەتمەندییە وای کردووە بۆ ساتێکیش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو گەلە نەوەستێ.

هەرەسهێنانی کۆمار و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی وێڕای ئەوەیکە زەبرێکی قورس لە حیزبی ساوای تازە دامەزراوی دێموکرات بوو، بەڵام هاوکات ئەزموونێکی گرینگ بوو هەم بۆ حیزبی دێموکرات و هەمیش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. بەردەوامیی حیزبی دێموکرات لە ڕێڕەوی تێکۆشان و بووژاندنەوە و داڕشتنەوەی قەوارەی حیزب و بەڕێوەبردنی خەباتێکی خوێناوی بەڵام پڕ دەسکەوت ئەم حیزبەی وا ڕاهێنا ئەگەر ڕۆژێک ڕێبەرانێکی مەزنی وەک د. قاسملوو و د. شەرەفکەندییش لە دەست بدات، هەر لە سەر پێ بمێنێتەوە و ئیرادەی نەتەوەییشی نەڕووخێ.

بەردەوامبوونی حیزب پاش کۆمار و خوێندەوەی ڕێبەرانی نوێ بە نیسبەت ڕووداوەکانی ئێران لە سەرەتاکانی دەیەی ٣٠ی هەتاوی و حەولدان بۆ تێکەڵبوون بە پرۆسەی سیاسیی ئێران دەکرێ وەک نیشانەکانی قۆناغێکی نوێی گوتاری لە سیاسەتی ئەو حیزبەدا باسی بکەین. هەر لەسەر ئەو بنەمایە خەباتی چەکداریی ٤٧ - ٤٦ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی محەممەدڕەزا شا بە نیسبەت پرسی کورد پاش کوودەتا بوو کە بە شەهیدبوونی لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە لە حیزبدا، حیزبی دێموکرات پتر بە خۆی و بەرنامە و سیاسەتیدا هاتەوە و لە حیزبێکی بە پێکهاتە مۆدێڕنەوە بوو بە حیزبێکی مۆدێڕنی بە تەواو مانا لە بواری هزری و نەزەری و کردارییەوە. بۆیە کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا سەرکەوت، حیزبی دێموکرات بوو بە حیزبی خۆشەویست و ئاڵاهەڵگری گوتاری کۆمەڵگە و وەک جەماوەریترین ڕەوتی سیاسیی نێو ئێران

## ٢٥ی گەلاوێژ

ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سیاسەتی کورد و بەرگری لە مافە ڕەواکانی ئەو نەتەوەیەدا گێڕا. واقعبینیی سیاسی هاوکات لەگەڵ پێداگری لەسەر ویست و داواکاریە نەتەوەییەکان وەک دیارترین تایبەتمەندی حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا نموودی پەیدا کرد کە هەتا ئێستاش نەخشەڕێی ئەو حیزبە بووە لە ساتە سەخت و دژوارەکانی ژیانی نەتەوەی کورددا.

تێکەڵبوون بە شۆڕشی گەلانی ئێران، کەوتنە گوفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی نوێ، سازکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان، شکستی دانووستان و شەڕ و بەرگریی چەکداریی دەیەکانی ٦٠ و ٧٠، شەهیدکرانی ڕێبەرانی مەزنی حیزب؛ قاسملوو و شەرەفکەندی، ئەزموونوەرگرتن لە دابڕانەکانی نێو حیزب، گۆڕانی درووشمی سەرەکی لە خودموختارییەوە بۆ فیدراڵیزم، مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکان، پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری، دواتر ناوەندی دیالۆگ و ئێستاش هاوپەیمانیی کوردستانی و گۆڕانکارییەکان لە گوتاری سیاسیی ئەو حیزبە بە پێی هەلومەرج، بایەخدان بە ڕەوتی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ، نەورۆزە بەشکۆیەکانی کوردستان و بەجەماوەریبوونی سەمبولە کوردییەکان وەک بایەخی نەتەوەیی هەموو ئەو ئەزموونە گرینگانەن کە حیزبی دێموکراتی کردۆتە ئەو حیزبە ئاستبەرزەی کە وێڕای هەموو ئاستەنگەکان توانیویەتی خۆشەویستی نێو دڵی نەوە دوای نەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و بمێنێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە تێکەڵبوون بە هاوپەیمانییە سەراسەرییەکانی وەک کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، "نهاد همبستگی برای آزادی و برابری" و زۆر کۆڕ و دامەزراوەی سەراسەریی دی لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا؛ ڕۆیشتن بە ڕێچکەی قاسملووی مەزن و پێداگری لەسەر واقعبینیی سیاسییە لە سیاسەتی کوردیدا؛ ئەویش لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات وەک بەرپرسیارترین حیزبی کوردی هەموو کاتێک لەسەر بنەما نەتەوەییەکان پێداگرە و قەت نەیویستووە خولیای کوردانەی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا کاڵ بێتەوە.

**خەڵکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کورد!**

**حیزبی دێموکرات وێڕای ئەوەیکە بە درێژایی ٨١ ساڵ خەبات لە سەر خەتی نەتەوەیی و بایەخە نیشتمانیەکان ماوەتەوە، بەردەوام وەک حیزبێکی پێشکەوتنخواز ویستوویەتی نەریتە ناحەزەکانی کۆمەڵگەش بگۆڕێ و بیری لە وڵاتێکی مۆدێرن و سەردەمیانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەها و بایەخانە کردۆتەوە کە دەستکەوتە بەنرخەکانی مرۆڤایەتین بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دادپەروەر و تەندورووست.**

حیزبی دێموکرات پێداگر بووە لە سەر ئەوەی سەروەریی سیاسی بەبێ سەلماندن و چەسپاندنی مافی ژن وەک سووژە و

## ٢٥ی گەلاوێژ

پرسێکی سەربەخۆ دەست نادات. لە باوەڕی حیزبی دێموکراتدا پیاوسالاری دەبێ لە زەینی مرۆڤی کورددا جێ بۆ باوەڕمەندیی شکۆی ژن و لابردنی هەموو ستەمەکان لە سەر ژنان خۆش بکات و لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە بڕواندرێتە بابەت و پرسە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان نە ڕوانگەیەکی تەسکی پیاوانەوە. باوەڕمەندی بە ڕۆڵی هەموو پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی نیشتمانی و بنیاتنانی کوردستانێکی پێگەیشتوو لە داهاتووی سەربەستیدا باوەڕێکی نەگۆڕ و بنەمایی بووە و دەمێنێتەوە. کار و کارنامەی ئەو حیزبە بە درێژایی هەشت دەیە خەبات نیشانی داوە کە حیزبەکەمان بە بەدیهێنانی زۆر دەسکەوتی سیاسی، نەتەوەیی و مێژوویی بە نرخی بەختکردنی گیانی زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی سەنگەر و، ڕوانگە سیاسی و دەستپێشخەرییە سیاسییەکانی لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەروا متمانەی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانی لەپشتە و پشتقایم بەو پێگە و متمانەیە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەبێت.

ئێستاش لە دۆخێکدا کە ئێران کەوتۆتە قۆناغێکی جیاوازەوە و کۆماری ئیسلامی ڕێبەرە پێشووەکەی لە دەست داوە و و ڕێبەرە نوێیەکەی ناوێک پتر نییە، و لە کاتێکدا دەسەڵات لە جەرگەی شەڕێکی نادیاری دەرەکی و شەڕی لایەنەکانی نێوخۆ بۆ تاپۆکردنی دەسەڵاتدایە،

**بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وێڕای هەموو زەبروزەنگەکانی دەزگای سەرکوت هەروا لەسەر پێیە. هاوکات بەرهەمی حەولی هەشتا و یەک ساڵەی حیزبی دێموکرات بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی و بەهادان بە ڕۆڵی جەماوەر لە بەرەو پێشبردنی خەباتی نیشتمانی سەرکەوتوو بووە.**

لەمڕۆی ساڵوەگەڕی هەشتاویەک ساڵەی تەمەنی حیزبی دێموکراتدا خەباتی فرە ڕەهەندی حیزبەکەمان لە هەموو کاتێک پتر مانای بەخۆیەوە گرتووە، حەولە دیپلۆماتیکەکانی حیزب لەگەڵ لایەنە جیهانیەکان بۆ ناساندنی پرسی کورد و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێران بۆ چەسپاندنی مافی سەروەریی سیاسی، خەباتی مەدەنی و خەباتی میدیایی لە ڕێی ئەو خوێنە تازە و لاوانەی گەڕاونەتە دەماریەوە، هەروەها خەباتی پێشمەرگانە بە ئامادەبوونی هێزی پێشمەرگە وەک باسکی بەهێزی گەل ڕەنگدانەوەی ستراتیژی خەباتی چەند ڕەهەندیی حیزبی دێموکراتی ئێرانن.

حیزبی دێموکرات لەم ساتە تایبەت و هەستیارەدا بە باوەڕی قووڵ بە ڕێبازی پڕ شانازی ڕێبەرانی شەهید و سەرجەم شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان پەیمان نوێ دەکاتەوە لە ڕێبازی نیشتمانیی خۆی لا نەدات و هیچ مووشەکباران و هێرشێکی درۆنی و تەنانەت سەربازییش هەنگاوی پێ شل نەکات و بە متمانە بەخۆییەوە لە حەول بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی بەردەوام دەبێت.

**٢٥ی گەلاوێژ**

**هەروەها یادی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بەرز ڕادەگرێ و خۆڕاگری بنەماڵە و کەسوکاریان بەرز دەنرخێنێ، و لەو پێناوەشدا بە ئەزموونوەرگرتن لە مێژوو حەولی بێوچان دەدات بۆ ڕاگرتنی یەکگرتوویی نێو ڕیزەکانی خۆی و یەکیەتیی نەتەوەیی و هاوپێوەندیی ڕێکخراوەیی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەستەی کارگێڕی**

**گەلاوێژی ١٤٠٥**

**١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

## !حیزبی دێموکرات؛ ئامانج و ئەرکەکانی لە هەلومەرجی ئێستادا






**ئیبراهیم لاجانی**

**ئەم نووسینە سەرەتا باس لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات، بنەمای سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و ڕوانگە و بۆچوونەکانی بۆ ئێرانی داهاتوو دەکات:**

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٦ی

## ٢٥ی گەلاوێژ

ئاگۆستی ١٩٤٥) بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا کۆماری کوردستانی لە مەهاباد ڕاگەیاند، سەر بە بنەماڵەی گەورەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان و ئۆردووگای سۆسیال دێموکراسیی جیهانییە. حیزبی دێموکرات پێی وایە پرسی کورد لە ئێراندا نەک هەر پرسێکی ئەمنییەتی نییە، بگرە بەتەنیا پرسێکی کولتووری و ئابوورییش نییە؛ بەڵکوو پرسێکی نەتەوەییە؛ چونکی کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکە لە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێبەش کراوە.

– **پێکهاتەی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا،** پێکهاتەی دەوڵەتێکی ناوەندگەرا و تاکنەتەوەییە کە بنەماکەی لە سەردەمی ڕەزاشادا دانراوە و کۆماری ئیسلامییش بە زیادکردنی دیکتاتۆریی ئایینی و ئایدیۆلۆژیک، بە شێوەیەکی زۆر سەرکوتکەرانەتر، هەمان سیستەمی بەرهەمهێناوەتەوە. هەتا ئەوکاتەش ئەم پێکهاتە ناوەندگەرا و تاکنەتەوەییە بەرقەرار بێت، هەر حکوومەتێک لە تاران بە هەر ناوێک و بە هەر ئایدیۆلۆژییەک دەسەڵات بگرێتە دەست؛ ستەمی نەتەوەیی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بێچارەسەر دەمێنێتەوە. ئەزموونی سەدەی ڕابردوو، چەندین جار ڕاستیی ئەم حوکمەی سەلماندووە.

– **هۆکاری سەرەکیی مانەوەی حکوومەتە ناوەندگەراکان لە ئێراندا،** بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانی مەشرووعییەت و بنکەی جەماوەریی سنووردارییان لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا، بە شێوەی سەرەکی زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێکخراو بووە. پارێزەری سەرەکیی کۆماری ئیسلامییش لە کوردستان، سپای پاسداران و دامودەزگا ئیتلاعاتی—ئەمنییەتییەکان و تۆڕی بەرفراوانی دەزگا سەرکوتکەرەکانن لە ناوچەکەدا. دەسەڵات لە ڕێگەی ئەم هێزانەوە بەتوندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی کوردی سەرکوت کردووە.

– **گواستنەوەی ئێران بۆ دێموکراسی بەبێ چارەسەری دێموکراتیکی کێشەی نەتەوەیی مەحاڵە؛** هەروەها جێبەجێبوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا، بەبێ جێگیربوونی دێموکراسی لە هەموو وڵاتدا مەحاڵ دەبێت. ئەم دووانە دوو ڕووی یەک ڕاستیین و دروشمی مێژوویی حیزب -دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان- کە ئێستا بۆتە فیدراڵیزم دەربڕینی کورتکراوەی ئەم پەیوەندییە دیالیکتیکییەیە.

– **لە بارودۆخێکدا دەسەڵات مافی چالاکیی سیاسی و تەنانەت سینفیشی لە خەڵک سەندووەتەوە،** خەبات و بەرەنگاریی مەدەنی، مانگرتنی گشتی، سەرپێچیی مەدەنی و ڕێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی، سەرەکیترین شێوەکانی خەباتی ئێمە پێک دەهێنن. حیزب، لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و مەدەنی و پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی خەڵکەوە، بۆ ڕووخانی کۆماری

ئیسلامی و گواستنەوە بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک کار دەکات.

- **لە بەرامبەر توندوتیژیی حکوومەتیدا**، حیزب مافی ڕەوای بەرگریکردن لە خۆی و بەرگریکردن لە مان و مەوجودیەتی گەلی کورد - مافێک کە لە یاسا و عورفی نێودەوڵەتیدا دانی پێدانراوە - بۆ خۆی بە مافێکی ڕەوا دەزانێت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی بەرگریکار لە خەڵکە؛ نەک ئامرازی شەڕ و برەوپێدانی توندوتیژی.

– **چارەسەری ئێمە بۆ کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا**، سیستەمێکی ناناوەندی و فیدراڵە کە لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا، خودموختاری/خۆبەڕێوەبەریی کوردستان بە پەرلەمان و دامودەزگا هەڵبژێردراوە خۆجێییەکان، دەسەڵاتی یاسایی ڕوون و ڕەسمیبوونی زمانی کوردی، دەستەبەر بکات.

– **حیزب پابەندی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان** وەک مافێکی بنەڕەتی و دانپێدانراوە لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا. لە بارودۆخی ئێستادا بەکارهێنانی ئەم مافە لە شێوەی پێکەوەژیانی خوویستانە و یەکسانی نەتەوەکانی ئێران لە سیستەمێکی فیدراڵی دێموکراتیکدا دەبینێت.

– **حیزب داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکات.** ئایین بابەتێکە پەیوەست بە ویژدانی تاکەکەسی، و حکوومەت دەبێت بەرامبەر هەموو ئایین و مەزهەبەکان و هەروەها بەرامبەر بێئایینی، بێلایەن بێت. ئازادیی بیروباوەڕ بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان دەبێت دەستەبەر بکرێت.

– **یەکسانیی تەواوی یاسایی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا**، نەهێشتنی هەر جۆرە ستەم و جیاوازییەکی ڕەگەزی، و بەشداریی یەکسانی ژنان لە دامودەزگا بڕیاردەرەکاندا، لە بنەما نەگۆڕەکانی بەرنامەی ئێمەن. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە ناخی بزووتنەوەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و بوو بە دروشمی سەرانسەریی ئێران و جیهان، ڕەگ و ڕیشەی هەر لەو نەریتەدایە.

– **حیزب داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکات:** مافی کار، مافی ڕێکخراوبوون و مانگرتن بۆ کرێکاران و مامۆستایان و پەرستاران، بیمە و دڵنیایی کۆمەڵایەتیی گشتگیر، خوێندن و چارەسەری خۆڕایی، و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی بەئەنقەستی گەشەنەکردنی کوردستان، پاراستنی ژینگەی کوردستان، لە دارستانەکانی بەڕووەوە تا سەرچاوەکانی ئاو، بەشێکی دانەبڕاوی ئەم بەرنامەیەیە.

## ٢٥ی گەلاوێژ

– **خەباتی ئێمە لە کوردستان و ئێران بۆ چێکردنی دەسەڵاتێکە** جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندیدارەکانی، بنەمای یاسادانان بن؛ ئێرانێکی دێموکراتیک، فیدراڵ، سێکولار و فرەڕەنگ و فرەفەرهەنگ، و کوردستانێکی خودموختار و ئازاد کە خەڵکەکەی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەمە، هەمان ئەو ئامانجەیە قازی محەممەد لە پێناویدا گیانی بەخت کرد، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن و د. سادق شەرەفکەندی لە بەرلین گیانیان لەسەر نا، و هەزاران پێشمەرگە و تێکۆشەری کورد لە ڕێگای ئەودا قوربانییان داوە.

**لە بارودۆخی ئێستاشدا ئەرکەکانمان بەمجۆرە پێناسە دەکەین:**

– **ئەمڕۆ کە نیزیک لە پێنج دەیە** بەسەر جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت، ئەم سیستەمە نەک هەر هیچکام لە ئامانجەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی جێبەجێ نەکردووە، بەڵکوو بە تێکەڵکردنی دیکتاتۆریی ئایینی و ناوەندگەراییەکی توندڕەو، ئێرانی کردووە بە یەکێک لە پڕقەیرانترین وڵاتانی ناوچەکە و کوردستانی گۆڕیوە بۆ یەکێک لە سەربازیترین ناوچەکانی وڵات.

– **کۆماری ئیسلامی، بە پشتبەستن بە سپای پاسداران،** وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سپا و دەزگای دادوەریی فەرمانبەردار، کوردستانی کردووە بە ناوچەیەکی داگیرکراو و ئەمنییەتی: بەرزترین ئاماری لەسێدارەدان، زۆرترین ژمارەی زیندانیی سیاسی بە بەراورد دەگەڵ دانیشتووان، کوشتن و گرتن و ڕاوونانی خەڵک، و قەدەغەکردنی تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و خوێندن بە زمانی دایک، ڕوخساری ئاشکرای ئەم سیاسەتەن.

– **سەرەڕای هەموو ئەم سەرکوتە،** کۆمەڵگەی کوردستان لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە ڕووی وشیاریی نەتەوەیی و دێموکراتیکەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە. نەوەی نوێی کورد، سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەی لەسەریەتی، تۆڕێکی بەرفراوان لە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، خولە پەروەردەییەکانی زمانی کوردی، ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایان، چالاکانی کرێکاری، پارێزەرانی ژینگە، مافناسان و چالاکانی دیجیتاڵی دروست کردووە.

– **بە درێژایی هەموو سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی کوردستان ساتێک لە بەرەنگاری نەوەستاون:** لە بەرەنگاریی مێژوویی ساڵی ١٣٥٨ لە بەرامبەر فەتوای جیهاد و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان، تا مانگرتنە گشتییە سەرانسەرییەکان، تا ڕۆڵی پێشەنگی کوردستان لە ڕاپەڕینی ژینا لە ساڵی ١٤٠١دا کە بە گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»ی بۆ ئێران و جیهان برد. سەرکوتی خوێناویی سنە، سەقز، مەهاباد،

بۆکان، جوانرۆ، پیرانشار و شنۆ، و مووشەکبارانی بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا، نیشانی دا کە دەسەڵات جگە لە زمانی گوللە هیچ وەڵامێکی بۆ کوردستان نییە.

– **داواکاریی خەڵک ڕوونە:** کرێکاران داوای مافی ڕێکخراوبوون و کرێی دادپەروەرانە دەکەن؛ کۆڵبەران داوای کاری بەڕێز لە جیاتی مردن لە تێپەڕگە سنوورییەکان؛ مامۆستایان داوای خوێندن بە زمانی دایک و بژێوییەکی شایستە؛ ژنان داوای یەکسانیی تەواو و ئازادیی جلوبەرگ؛ خێزانەکانی زیندانییانی سیاسی داوای ڕاگرتنی لەسێدارەدان؛ و گەلی کورد بە گشتی داوای دانپێدانان بە ناسنامە و مافە نەتەوەییەکانی خۆی. جێبەجێبوونی ئەم داواکارییانە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا مەحاڵە.

– **ئەزموونی چوار دەیە نیشانی داوە لە ژێر سێبەری ئەم دەسەڵاتەدا،** ئەگەری ڕێکخستنی ئاشکرا و یاسایی خەڵک تەنانەت لە دامودەزگا سینفییەکانیشدا نییە. بەڵام ئەزموونی درەوشاوەی کوردستان - لە شوراکانی خەڵکی لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشەوە تا مانگرتنە گشتییە ڕێکوپێک و سەرانسەرییەکان لە ڕاپەڕینی ١٤٠١دا - سەلماندوویەتی کە خەڵکی ڕێکخراو دەتوانن لە جەرگەی سەرکوتیشدا دامودەزگای بەرەنگاری دروست بکەن. کوردستان، ڕێکخراوترین کۆمەڵگای مەدەنیی بەرەنگاری لە ئێراندا پێک هێناوە.

– **لە بارودۆخی ئێستادا، هەنگاوی یەکەم بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن،** کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە تەنیا کاتێک دەستەبەرکراو دەبێت کە لە جیاتی ئەم سیستەمە، پێکهاتەیەکی ناناوەندی، فیدراڵ، سێکولار و دێموکراتیک دابمەزرێت. جێگرتنەوەی دیکتاتۆرییەکی ناوەندی بە دیکتاتۆرییەکی ناوەندیی جۆرێکی دیکە، دووبارەکردنەوەی هەمان کارەساتە.

– **ئێمە بۆ ئێرانێک خەبات دەکەین کە تێیدا مافی بەهرەمەندبوون لە** «نان، کار، خانوو، ئازادی و ناسنامەی نەتەوەیی» دەستەبەر کرابێت؛ سیستەمێک کە زنجیرەکانی سەرکوت لە پێی کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، لاوان، نەتەوە ژێرستەمەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان بکاتەوە و سامان و سەرچاوەکانی وڵات لە خزمەتی ئاسوودەیی و ئازادیی هەموو خەڵکدا بەکار بهێنێت.

چارەنووسی داهاتووی ئێران بەوەوە بەندە کە ئایا هێزە دێموکراتەکانی ئەم وڵاتە دەتوانن بەسەر ناوەندگەراییی مێژووییدا زاڵ بن و ئێرانێکی فرەنەتەوە، فرەزمان و فرەکولتوور لەسەر بنەمای ڕەزامەندی و بەشداریی خۆویستانەی هەموو

نەتەوەکانی بنیات بنێنەوە یان نا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ، وەڵامی خۆی داوەتەوە: دێموکراسی بۆ ئێران، دابین و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و فیدراڵ و سێکولاردا.

– **بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گواستنەوە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا** بەبێ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی مەحاڵە، و بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پێشەنگی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرانسەریدا،

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی وایە:**

**ئەلف؛** بەهێزکردن و بەرفراوانکردنی ڕێکخستنی مەدەنی و سیاسی لە نێوخۆی کوردستاندا، بە شێوەی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئەمنییەتی، یەکەم ئەرکە. ڕێکخراوبوون، مەرجی مانەوە و مەرجی کاریگەرییە.

**ب؛** یەکیەتی و هەماهەنگیی حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێویستییەکی مێژووییە، نەک تاکتیکێکی کاتی. پەرتوبڵاوی، گەورەترین کەلێنە کە دوژمن بەدژی کوردستان کەڵکی لێوەردەگرێ.

**ج؛** هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکراتیک و فیدراڵخوازەکانی سەرانسەریی ئێران و لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لەسەر بنەمای بنچینە ڕوونەکان و پەسەندکردنی مافە نەتەوەییەکان، دەبێت بە جدییەت کار و خەباتی بۆ بکرێ. هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئەو هێزانەی کە کێشەی نەتەوەیی نکۆڵی لێ دەکەن یان بۆ «دوای گواستنەوە» دوای دەخەن، بێ پاساوە.

**د؛** دیپلۆماسی و کاری نێودەوڵەتی - لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامودەزگا مافیمرۆڤییەکانەوە تا پەرلەمانەکان و حیزبە هاوسۆزەکانی ئەورووپا و ئەمریکا - ئامرازێکی جدییە بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد و ئاشکراکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا. ئەوە دەبێت بەرفراوان بکرێت.

**ە؛** هێزی پێشمەرگەی کوردستان، وەک هێزی بەرگریکار لە خەڵک و دەستەبەرکەری ئاسایشیان لە بەرامبەر توندوتیژیی دەوڵەتیدا، دەبێت بپارێزرێت، ڕێکبخرێت و ئامادە ڕابگیرێت.

**١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و گوتاری نەتەوەیی





**عومەر باڵەکی**

**٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ دەنێتە هەشتا و یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی. دوای هەشتا و یەک ساڵ خەبات و قوربانیدانی بێ‌پسانەوەی لە‌پێناو وەدەستخستنەوەی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبینین ئێستاش ئەو حیزبە بە هەمان گوڕوتینی ڕۆژی دامەزراندنی لە مەیدانی تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددایە.**

## ٢٥ی گەلاوێژ

بەپێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمدا لەسەر بنەماکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژێ – کاف و بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد پێویستییەکی مێژوویی بوو. کە دەگوترێ پێویستییەکی مێژوویی، بەو مانایە کە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا بوو کە جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە توندترین شێوە سەرکوت کرابوون و کەشوهەوایەکی نائومێدی باڵی بەسەر پانتایی کوردستانی گەورەدا کێشابوو. لە هەمان کاتدا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی دیکتاتۆریی پەهلەویدا بە ڕەچاوکردنی توندوتیژییەکی لەڕادەبەدەر دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد، نیزامی سیاسیی زاڵ بە سەر وڵات هەوڵی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران دەدا؛ واتە تواندنەوەی کولتوور و فەرهەنگ و زمان و مێژووی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتداردا، و بە قسەی خۆیان پێکهێنانی ئێرانێکی یەکپارچە لەسەر بنەمای یەک زمان و یەک نەتەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاودا پەرچەکردارێکی شوناسخوازیی نەتەوەیی بوو لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوەی شوناسی نەتەوەکان لە نەتەوەی باڵادەستدا. لە هەمان کاتدا دامەزرانی حیزب بە شێوەی مودێرن و سەردەمیانە کە بتوانێت ڕێبەریی جووڵانەوەی نەتەوەیی بکات، کۆتایی بە بزووتنەوە پەرشوبڵاوەکانی نەتەوەی کورد لە پانتایی کوردستان هێنا و گوتاری نەتەوەیی و یەکگرتووی کوردی بە هێماکانی وەک: «ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، دیاریکردنی بڕیاردان لە مافی چارەنووس وەک ستراتیژیی درێژخایەنی خۆی، دامەزراندنی سوپای میللی بە نازناوی پێشمەرگە، بەڕەسمیکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانە و ئیداراتی دەوڵەتی...» بێنێتە نێو فەرهەنگ و کولتووری سیاسی و خەباتگێڕیی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

هەموو ئەوانەش بە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەکردەوە جێبەجێ کران. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆوەی گوتاری نەتەوەیی لە نێو هۆز و عەشیرەت و ناوچەیەکی بەرتەسکی جوگرافییەوە بگوازرێتەوە بۆ پانتایی هەموو کوردستان و بەتایبەتی بۆ نێو شار و چینی ماماوەندی کۆمەڵگەی کوردەواری، و ئەوە بوو بەو هۆکارەی کە ڕووناکبیران و خوێندەوارانی دڵسۆزی نیشتمان تێکەڵ بە بزاڤی مافخوازانەی گەلی کورد ببن و لە هەمان کاتدا مەیدانی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بێنە نێو کۆڕی ڕێبەریکردنی ئەو جووڵانەوەیە.

یەکێکی دیکە لە پێویستییەکانی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان ئاشنا بە دنیای مودێرن و پێشکەوتووی ئەو سەردەمە بکات، بەتایبەتی لە بواری بەڕێوەبردنی وڵات یا حیزب بە شێوازی ڕێبەریی بەکۆمەڵ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دا پرسی نەتەوەیی گرێ بدات بە

## ٢٥ی گەلاوێژ

جێگیرکردنی پڕەنسیپەکانی دێموکراسی لەنێو حیزب و کۆمەڵگەدا، کە لەو سەردەمدا یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. بە واتایەکی دیکە، جێگیرکردنی ئەو پڕەنسیپانە لەنێو حیزب و کۆمەڵگەدا لە دواڕۆژدا ڕێگەی خۆش کرد بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئیدارەدانی کوردستاندا لەو قۆناغانەی کوردستان ئازاد و لەژێر دەسەڵاتی خەڵکدا بوو، یا لە ئیدارەدانی نێوخۆی حیزب کە ڕێبەریی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردی کەوتبووە سەر شان.

بەو هۆکارانەی سەرەوە باسمان کرد، دەتوانین بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی شوناسێکی سەردەمیانە و هەمەلایەنە بە جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد ببەخشێت؛ بە چەشنێک کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان خۆیان تێدا دەدیتەوە. ئەوەش لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا بووەتە ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. واتە پشتیوانیی هەراوی خەڵکی کوردستان لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی حیزبی دێموکرات هەروا بەهێز ڕابگرێت و لە گەردەلوولی ڕووداوەکان بیپارێزێت، بە چەشنێک کە لە هەشتا و یەک ساڵەی دامەزرانیدا ئێستاش حیزبی دێموکرات، حیزبی پێشەنگی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەگەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی هەمەلایەنەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکردبایە و حیزبیان بە ئی خۆیان نەزانیبا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا کە بە دژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی -کە هەتا سەر ئێسقان دوژمنی سوێندخواردووی گەلی کورد بوون و هەن- خەبات و بەربەرەکانیی کردووە و دەیان کارەساتی گەورەی بەسەر هاتووە، دەبوایە ئەو حیزبە لێک هەڵوەشابایەوە و ئاسەواری نەمابایە. کارەساتگەلێکی وەک: «ڕووخانی کۆماری کوردستان، لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی، هێرشی بەربڵاوی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵەکانی ٣٢ و ٣٨ی هەتاوی و تێکشکانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧، داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، شەهیدبوونی زیاتر لە پێنج هەزار کادر و پێشمەرگە و شەهیدبوونی زیاتر لە ٣٠ ئەندامی ڕێبەریی حیزب و تیرۆرکردنی د. قاسملوو و شەرەفکەندی و چەندین جاران بۆمباران و مووشەکبارانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی ئاشکرای حیزب لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە و دەیان کارەساتی دوژمنکارانەی دیکەی حکوومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و...». بەڵام دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سووربوون لەسەر درێژەدانی خەبات و پشتیوانیی بەربەرینی خەڵکی کوردستان و ئازایەتی و لەخۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرا و نهێنیی حیزب، وای کردووە پێگەی سیاسی و جەماوەریی ئەو حیزبە ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە دنیای دەرەوەش بەهێزتر لە جاران خۆی دەربخات.

## ٢٥ی گەلاوێژ

ئەوەش تەنیا قسەیەک نییە بۆ دڵخۆشی، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانە. لە ساڵی ١٤٠١ لە ڕاپەڕینی ژینادا کە سەرانسەری ئێران و کوردستانی گرتەوە، لە کوردستان هێما نەتەوەییەکان - کە حیزبی دێموکراتی کوردستان داهێنەر و لە پەرەگرتن و گەشەکردنیاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە- بوونە سەمبۆلی نارەزایەتییەکان و درووشمی «قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» بوو بە دروشمی زۆربەی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوە تەنیا دروشمێک نەبوو، بەڵکوو سەلماندنی ئەو ڕاستییە بوو کە بیر و هزری قاسملوو، کە هەمان ڕێگا و ڕێبازی حیزبی دێموکراتە؛ دوای چەندین دەیە دەم بە دەم گەشەی کردووە و نەوە دوای نەوە هاتووە و ئێستا لە شەقامەکانی کوردستاندا دەنگ دەداتەوە.

یاخود بەخاکسپاردنی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بە ئاڵای کوردستان و هێماکانی حیزب، نیشانەی بوونی حیزبی دێموکراتە لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندا، یا لە نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاویدا کە بە «نەورۆزی خاکیپۆشان» ناوی دەرکرد، خەڵکی کوردستان بە پۆشینی جلی خاکی پەیامێکی ڕاستەوخۆیان دا بە دەسەڵاتدارانی تاران کە پێشمەرگە هەڵگری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانن و پێشمەرگە کوڕ و کچی ئەو نیشتمانەن و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی گەل تێدەکۆشن و پارێزگاری لە مان و مەوجودییەتی گەلی کورد دەکەن.

هەموو ئەوانەی باس کران بەڵگەن لەسەر ئەوەی بیر و هزری حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە، هەر بۆیە لە ماوەی هەشتا و یەک ساڵی ڕابردوودا لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. لە هەمان کاتدا گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات بۆ نەوە لە دوای نەوە بووەتە هێزێکی بزوێنەر،

**به چەشنێک کە ڕەوڕەوەی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەو هەشتا و یەک ساڵەی ڕابردوودا لە سووڕان نەکەوتووە و درێژەی بە حەیاتی خۆی داوە. بەو پشتیوانییە بەربەرینەی خەڵکی کوردستان، ئەو خەباتە هەتا لووتکەی سەرکەوتن و وەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت.**

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

## ئەندێشەی پێشڕەو و شۆڕشی بڕوا (ڕۆڵ و کاریگەریی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی و ڕێبەرایەتیی فکری لە جوغرافیای ئێراندا)







شەماڵ تەرغیبی


### پێشەکی: کوردستان وەک داینەمۆی گۆڕانکاریی سیاسی

لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی لە هاوکێشەی ئاڵۆزی ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەت -

نەتەوە لە ئێراندا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەردەم پێگەیەکی بێوێنە و جیاوازی هەبووە. کوردستان هەرگیز تەنیا «جوغرافیایەکی زوڵملێکراو»، «کێشەیەکی ئەمنیەتی» یان «پەراوێزێکی داواکار» نەبووە؛ بەڵکوو هەمیشە وەک سەرچاوەی بیرکردنەوەی سیاسی، مۆدێلسازیی ڕێکخراوەیی، و جەمسەری هاندانی ئازادیخوازی دەرکەوتووە و سەری هەڵداوە.

لە ناوەند و جەرگەی ئەم جووڵانەوە حاشاهەڵنەگرەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک کۆڵەکەی سەرەکی و بڕبڕەی پشتی وەرچەرخانە سیاسییەکان کار دەکات. لە کاتی دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینییدا، ئەم حیزبە نەک هەر ڕێڕەوی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردی لە قۆناغی ناوچەیی و عەشیرەییەوە بڕی بۆ ئاستی مەدەنی و حیزبی، بەڵکوو مۆدێلێکی سیاسی و فکریی پێک هێنا کە بووە "سەرباشقە" و "ئۆلگوو" بۆ تەواوی نەتەوە ستەملێکراوەکانی تر (بەلووچ، عەرەب، ئازەری، تورکمان) و تەنانەت بزووتنەوە سەرانسەرییە ئازادیخوازەکان لە ئێراندا. لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە تا هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی "ژینا"، ئەم ڕۆڵە سیاسییە گەشەی کردووە.

## گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە "بەدەستەوەبوونی دەسەڵاتناسییەوە" بۆ "خاوەن ئیرادەی سیاسی"

بەر لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوە کوردییەکان لە سەرانسەری کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی، زیاتر کاردانەوەی دەستبەجێ بوون لە بەرامبەر زۆرداریی ڕێژیمی ناوەندیدا. سەرکردایەتییان لە دەستی دەرەبەگ، ئاغا یان ڕێبەرانی ئایینیدا بوو. ئەم جۆرە بزووتنەوانە، سەرەڕای فیداکاریی زۆر، هەڵگری ژێرخانی ڕێژەیی و سەردەمیانە نەبوون بۆ دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی گشتگیر.

حیزبی دێموکرات بە داڕشتنی خەباتی حیزبی و ڕێکخراوانە، وەرچەرخانێکی فکریی قووڵی بەسەر تێگەیشتنی کۆمەڵگەدا هێنا. حیزب بە جەماوەرەکەی گەیاند کە خەبات تەنیا بەرگری لە زەوی یان خێڵ نییە، بەڵکوو سەلماندنی بوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆیە بە مێژوو، زمان، کولتوور و جوغرافیای تایبەت بە خۆیەوە. ئەم خودئاگاییە نەتەوەییە بووە هۆی ئەوەی تاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بکات بەشێکە لە گشتێکی بەهێز کە شایستەی مافی دیارییکردنی چارەنووسە.

## دامەزراوەییبوونی شوناسی نەتەوەیی

**تەنیا بڕوا بە نەتەوەبوون بەس نییە، تا ئەو کاتەی نەبێتە خاوەنی «دامەزراوە». حیزبی دێموکرات ئەم بڕوایەی کردە واقیعی بەرچاو:**

**– زمان و پەروەردە:** بۆ یەکەم جار زمانی کوردی بووە زمانی فەرمیی پەروەردە، کارگێڕی و دادپەروەری لە دامەزراوە حکوومەتییەکاندا.

**– سیمبۆلە نەتەوەییەکان:** دروستکردن و فەرمیکردنی ئاڵای کوردستان، سرودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"، و دامەزراندنی سوپای میللی (پێشمەرگە).

**– میدیای میللی:** دامەزراندنی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک "کوردستان" و "گۆڤاری هاوار" کە بیری نەتەوەیی و ئاگایی سیاسییان لەنێو چینەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو دەکردەوە.

ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی ئەوەیکە شوناسی کوردی لە ئاستی دابونەریتی ناوچەییەوە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی خودئاگایی بەکۆمەڵی سیاسی، بە شێوەیەک کە تەنانەت دوای نەمانی کۆمار و داگیرکردنی پێتەختەکەی لە ناخی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕەگی داکوتی و نەفەوتا.

- مۆدێلسازی و بوون بە سەرباشقە بۆ گەلانی تر لە جوغرافیای ئێراندا

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی ڕەزا شا لەسەر تیۆریی "یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ڕێبەر"، هەوڵی سڕینەوەی نەتەوە نافارسەکان درا. لەم کەشوهەوا خنکێنەرەدا، خەباتی حیزبی دێموکرات بووە ڕووناکییەک بۆ باقی نەتەوەکانیش کە لێرەدا و لە دوو بەستێندا شی دەکەینەوە:

### ئا) کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و سەرەتای مۆدێلسازی

کۆماری کوردستان لە مەهاباد تەنیا بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کورد لە پارچەکانی تری نیشتمان هیوابەخش نەبوو؛ بەڵکوو بە کردەوە ئۆلگوویەکی مۆدێرنی لە حوکمڕانی نیشان دا. لە کاتێکدا تاران لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکەر و گەندەڵی پاشایەتیدا بوو، کۆماری کوردستان: سیستەمی دادپەروەریی خستە گەڕ، ڕێگەی بە بەشداریی سیاسیی ژنان و لاوان دا، بەستێنی خۆش کرد بۆفێربوون و خوێندن و خوێندنەوە و تەنانەت بەشێک لە لاوانی ڕەوانەی باکۆ کرد بۆ خوێندنی ئەکادێمیک، دەزگای میدیایی خۆی دانا تا کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک بکا و پەیوەندیی ئاشتییانەی لەگەڵ نەتەوە دراوسێکان (بە تایبەت ئازەربایجان) لەسەر بنەمای ڕێزلێگرتنی دوولایەنە دارشت.

ئەم ئەزموونە سەلماندی کە نەتەوە «پەراوێزخراوەکان» توانای ئیدارەدانی خۆیان بە بەرزترین ئاستی دێموکراتیک هەیە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جووڵانەوەکانی دواتر لە ئەهواز، بەلووچستان و ئازەربایجان، ئەزموونی کوردستان وەک چوارچێوەیەکی سەرکەوتوو ببینن.

## ب) تیۆریزەکردنی فێدراڵیزم و دێموکراسی

لە قۆناغی دوای شۆڕشی ٥٧دا، بە ڕێبەرایەتیی نوێخوازانە و بیرمەندانەی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی دێموکرات دروشمی زێڕینی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" (کە دواتر گەشەی کرد بۆ فێدراڵیزم) بڵاو کردەوە.

ئەم دروشمە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بیرکردنەوەی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا دروست کرد کە دەکرێ لە سێ بەستێندا خوێندنەوەی بۆ بکرێ: یەکەم حیزبی دێموکرات سەلماندی کە ئێران جوغرافیایەک نییە کە تەنیا سەر بە یەک زمان و یەک شوناس (فارس) بێت، بەڵکوو موزاییکێکە لە نەتەوە ڕەسەنەکان. دووهەم، حیزب نیشانی دا بۆ بەدیهاتنی ئازادی لە ئێراندا دەبێت دەسەڵاتی ڕەهای تاران بڕوخێت و دەسەڵات بەسەر ناوچەکان و نەتەوەکاندا دابەش بێت و لە غەیری ئەوەدا وڵاتێک و جوغرافیایەک بە ناوی ئێران نامێنیت. سێهەم، بە هەوڵی حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی نەتەوە پەراوێزخراوەکان لە یەکتر نیزیک بوونەوە و ڕێکخراوێک بەناوی «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ» دامەزرا، کە تێیدا کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک و تورکمان بە یەک دەنگ داوای مافی خۆبەڕێوەبەریان دەکەن.

## کوردستان وەک «پێتەختی ئازادی» دوای شۆڕشی ٥٧

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧ی هەتاوی)، کاتێک خومەینی و داروودەستەکەی تەواوی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکانیان لە وڵات زەوت کرد و سیستمی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامییان بەسەر خەڵکانی نیشتەجی لە جوغرافیای ئێراندا سەپاند، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە تاقە پەناگە و سەنگەری ئازادی لە تەواوی جوغرافیای ئێراندا. حیزبە چەپەکان، ڕۆشنبیران، نووسەران و چالاکوانانی سیاسیی فارس، بەلووچ و عەرەب کە لە تاران ڕاوەدوونران، ڕوویان لە کوردستان دەکرد. هەر لەجێدا بایکۆتکردنی ڕیفراندۆمی دیاریکردنی جۆری حکوومەت (کۆماری ئیسلامی) لە لایەن خەڵکی کوردستان بە ڕێنمایی حیزبی دێموکرات بالاترین ئاستی ئاگایی سیاسی بوو لەو کاتە هەستیارەدا. کوردستان تەنیا هەرێمێک بوو کە بە دەنگی بەرز گوتی «نا» بۆ ستەمکاریی ئایینی.

## ٢٥ی گەلاوێژ

کاتێکیش خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨، فەرمانی جیهادی دژی کوردستان و خەڵکەکەی دەرکرد، خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بەرگرییەکی مێژوویی و حەماسییان تۆمار کرد. ئەم بەرگرییە تەنیا شەڕی چەکداری نەبوو؛ بەڵکوو داکۆکی بوو لە ئازادی، مافی چارەی خۆنووسین، باوەڕمەندبوون بە چەمکە جیهانگیرە ئەورۆپییەکان و مافەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر دوگماتیزمی ئایینیدا.

دواجار سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی "ژینا" لە پاییزی ١٤٠١، خاڵی وەرچەرخانی مێژووی هاوچەرخ بوو لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا. لەم ڕووداوە مێژووییەدا، دەور و کاریگەریی حیزبی دێموکرات و گەشەی ئاگایی نەتەوەیی لە کوردستاندا گەیشتە باڵاترین ئاستی خۆی. دروشم و فەلسەفەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە ڕەگی لە نیو ئەدەبیاتی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد و پەروەردەی سیاسیی کوردستاندا هەبوو، نیشانی دا کوردستان نەک هەر ناڕازییە، بەڵکوو خاوەنی بەدیلی فکری، فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە بۆ داهاتووی تەواوی وڵات.

### پوختەی مەبەست:

بە پێداچوونەوە بەم مێژووە پڕ سەروەری و فیداکارییەدا، دەکرێت بڵێین کاریگەرییە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی و ئۆلگووسازی لە ئێراندا،

### لە چەند خاڵی بنەڕەتیدا کورت دەبێتەوە:

- حیزب توانی شوناسی کوردی لە ئاستی دابونەریت و خێڵەوە بباتە ئاستی "نەتەوەی سیاسیی خاوەن ئیرادە."

- بە داڕشتنی تیۆریی فێدراڵیزم و دیموکراتیزاسیۆنی کوردستان، بێوێنەترین مۆدێلی بۆ مانەوەی ئاشتییانەی گەلان لەنێو چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا پێشکەش کرد.

- حیزبی دێموکرات نیشانی داوە کە شکستە کاتییەکان مانای کۆتایی ڕێگە نین، بەڵکوو بەرخۆدان پرۆسەیەکی بەردەوامە.

- لە ڕاپەڕینی ژینادا سەلمێنرا کە ئەندێشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەوتووترین، مرۆڤدۆستانەترین و ئازادیخوازانەترین ئایدۆلۆژیایە کە دەتوانێت تەواوی کۆمەڵگە بەرەو ڕزگاریی یەکجارەکی ببات.

## ٢٥ی گەلاوێژ

ئەمڕۆ، لە ٨١ ساڵەی خەباتیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر وەک یەکێک لە دێرینترین و بەئەزموونترین حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەمێنێتەوە، بەڵکوو وەک شادەماری سەرەکیی گۆڕانکاریی حەتمی و نەخشەداڕێژەری داهاتووی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری ناوچەکە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوامە.

١٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

# دوای هەشتا و چەند ساڵ

(١)






**ڕەزا دانشجوو**

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ خاڵی وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی. سەرەتایەکی شکۆمەندانە بۆ ژیانێکی شەرەفمەندانە! دەستپێکی دەورانێکی نوێ لە نەسرەوتن و سەرهەڵدان!

## ٢٥ی گەلاوێژ

ئەو ڕۆژەی کە پێشەوای گەل بڕیاری دابڕان لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و عەشیرەتی دەرکرد و دەستپێکی سەردەمێکی نوێی بە پێناسەیەکی مۆدێرن بۆ خەباتێکی ئامانجدار ڕاگەیاند. ئەم ڕۆژە ڕۆژی دووبارە ژیانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو زۆرێک لە خزم و کەسانی زۆر نزیک لە پێشەواش ئەم بیرۆکە نوێیەیان وەک خەونێکی کورتخایەن و تەنانەت ململانێییەکی مەترسیدار دەدی! بەڵام پێشەوا هەم ئەم کۆمەڵگەیەی کە تێیدا گەورە ببوو زۆر باش دەناسی، هەم زۆر بە وردی ئاگاداری توانا و هێزی ناوازەی ئەم کۆمەڵگەیە بوو و بێگومان زۆر باشیش دەیزانی کە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی چ پێشهاتگەلێک دەبێتەوە و پێویستی بە چی هەیە. ئەمە سەرەتای ڕێگەیەکی دوور و درێژ بوو، ڕێگەیەکی نارێک و بوومەلێڵ، پڕ لە ملە و بستووی سەخت و هەورازونشێوی مەترسیدار! ڕێگەیەک کە ئێستا و دوای ڕێگەبڕینێکی هەشتا ساڵە دەریخستووە کە ئەم بڕیارەی پێشەوای مەزن چەندە ڕاست و لۆژیکی بووە.

لەم وتارەدا تێدەکۆشین سەرەتا باس لەوە بکەین کە هۆکارگەلی ئەم بڕیارە مێژووییەی پێشەوا چی بوون، دواتر چاوخشاندنێکی کورت دەخەینە سەر بەشێک لەم حیزب و بزووتنەوە سیاسییانە لە ئێران و جیهاندا کە هاوکات لەگەڵ حیزبی دێموکرات یان زۆر دواتر پێک هاتن و دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر یان بە تەواوی لەبێن چوون یان زۆر لاواز بوون و لە ڕاستیدا ئێستا تەنیا ناویان لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەبینرێت. لە کۆتاییدا باس لە نهێنیی ئەم مانەوە و زیندووبوون و خۆڕاگری و ڕاوەستاوییە دەکەین!

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە چ فاکتۆرگەلێک بوونە هۆی ئەوەی پێشەوای نەمر بڕیاری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بدات، پێویستە ئاماژە بە سێ خاڵ بکەین:**

### بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی

لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم لە سێپتەمبەری ١٩٣٩، بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتبوو. لە ساڵی ١٩٤١دا ئێران لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەت و بەریتانیاوە داگیرکرا! ئامانجی داگیرکاریی هاوپەیمانان نزیکبوونەوەی ڕەزاخان بوو لە ئاڵمانییەکان و ترسی هاوکاری لەگەڵ هیتلەر و لە ڕاستیدا بەستنی ڕێگەی باشوور بۆ باکووری ئێران. لەو نێوەندەدا ڕەزاخان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە دەسەڵات لابرا و دەربەدەر کرا! لەشکری خۆبەزلزان و بێدەسەڵاتی پەهلەوی، بێ هیچ خۆڕاگری و بەرخۆدانێک و تەنیا لە چەند ڕۆژدا بەتەواوی لێک هەڵوەشایەوە و زۆر زوو تەسلیم بوو! ئینگلیزەکان کوڕە بیست و یەک ساڵانەکەی ڕەزاشا؛ واتە محەممەدڕەزایان وەک جێنشینی باوکی هەڵبژارد!

## ٢٥ی گەلاوێژ

وڵات بە ئاشکرا لەلایەن باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و بەریتانیاوە بەڕێوە دەبرا و سیاسەتمەدارە گەندەڵەکانی پەهلەوی بە پێی داخوازییەکان، پابەندی فەرمانی یان یەکێک یان هەندێک جار هەردوو باڵیۆزخانەی سۆڤیەت و بەریتانیا بوون! حکوومەتی ناوەندی بەکردەوە بوونی نەبوو! سۆڤیەت لە باکوور و ئینگلیز لە باشوور حوکمڕانییان دەکرد!

سەرکردە عەشیرەتەکان و خانەکانی ناوچەکانی نێوەڕاست و سنوورەکان، لە غیابی حکومەتی ناوەندیدا، هەرچییان ویستبایە دەیانکرد؛ ئاژاوە و پشێوی لە هەموو شوێنێک زاڵ بوو. برسێتی و قاتی و قڕان دۆخەکەی زۆر خراپتر کردبوو. لە وەها هەلومەرجێکدا بوونی حکومەتێکی خۆجێیی دادپەروەر بە واتای کۆتایی ئەم هەموو پشێوی و ئاژاوەگێڕییە بوو!

بەڵام بەبێ پێکهاتەیەک و ڕێکخراوەیەکی مۆدێرن و یەکگرتوو، نەدەکرا حکومەتێکی خۆجێیی پێک بهێنرێت؛ لەڕاستیدا دامەزراندنی حیزب بەردی بناغەی حکوومەتێکی خۆجێیی بوو!

### پشتیوانیی سۆڤیەت

نەیاران و دژبەرانی نەتەوەی کورد هەمیشە پشتیوانیی سۆڤیەتیان بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردن و هێرشبردن دژی کورد و کوردستان بەکارهێناوە. ئەمە لە کاتێکدا کە تەنانەت سەربەخۆیی و گۆڕانکاریی زۆر گەورە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەرهەمی هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی بووە. ڕاستە کە حکومەتی سۆڤیەت لە کاتی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پاڵپشتیی دەکرد، بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ کە نەیاران و دژبەرانی کورد زۆر نامرۆڤانە خۆی لێ دەدزنەوە و هەرگیز باسی ناکەن، سەربەخۆیی بیرۆکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی ئەم حیزبە لە بڕیاردان و گرتنەبەری هەڵوێست و ڕوانگەیەکی سیاسیی تەواو سەربەخۆیە. خاڵێکی زۆر گرنگی دیکە جیاوازیی بیروبۆچوونیەتی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. حیزبێکی ناسیۆنالیستی کوردی چۆن دەتوانێت شوێنکەوتووی بزووتنەوەیەکی چەپی ڕادیکاڵ بێت؟ لە لایەکی دیکەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە هەموو کاتێک زیاتر جێیی دین و ئایین لە کۆمەڵگەدا دیارە. هەرچەند حکوومەت سێکۆلارە، بەڵام دژایەتیی لەگەڵ ئایینی خەڵکدا نییە. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە بزووتنەوەی چەپگەرای ستالینییەوە نییە!

هەروەک باس کرا، پێشەوای شەهید وەک هەر سەرکردەیەکی بیرمەند، بە دڵنیاییەوە ئەم دەرفەتە مێژووییەی بەکارهێناوە، بەڵام زۆر ڕوونە وەشاندنەکەی بەتەواوی کوردی بووە و لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بنیات نراوە.

## گواستنەوە و دابڕان لە بیرکردنەوەی خێڵەکی – عەشیرەتی

بۆ ئەوەی باشتر لەم بابەتە تێبگەین، باشترە ئاوڕێک لە ساڵانی دوورەوە بدەینەوە. کۆمەڵگەیەک کە سەرکردە عەشیرەتەکان و خانەکان ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری دەکەن، لە ڕاستیدا هەموو شتێک پەیوەستە بە ڕەزامەندیی ئەوانەوە! ئەمە ڕێگەیەکی زۆر مەترسیدار و ناپارێزراوە. بێ گوێدان بەوەی کە بەداخەوە زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان کەسانی وابەستە بوون و لە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان زیاتر بیریان لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە، تەنانەت ئەو سەرۆک خێڵ و عەشیرەتانەی کە دەیانویست بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خێڵەکەیان بڕیار بدەن کەسانی شارەزا نەبوون و بە گشتی لەژێر کاریگەریی بارودۆخی دەوروبەریاندا بوون و هەندێک جار بە بڕیارە ناعەقڵانییەکانیان هەموو شتێکیان لەناو دەبرد.

**حیزب وەک ڕێکخراوەیەکی یاسامەند کۆتاییهێنەری ئەم شێوە بڕیاردانە بوو. هەموو شتێک دەبوو فۆرمێکی لۆجیکی و مۆدێرن وەربگرێت. دەبوو کەشوهەوای سۆزداری و بڕیارە تاکلایەنەکان کۆتاییان پێ بێت.**

بێگومان نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە پێشتر بزووتنەوەی فیکری و ئازادیخواز وەک "ژێکاف" هەبوو و ڕۆڵی بەرچاوی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و برەودان بە بیری کوردایەتی گێڕا، بەڵام ئێستا هەلومەرجەکان جیاواز بوون؛ هەر وەک باس کرا بە هۆی بارودۆخی ئێران و جیهان ئێستا جێ بۆ تێکۆشانی سیاسیی گەورەتر هەبوو. کۆمەڵەی "ژ کاف" جێگا و توانایی ڕووداوەکانی دواتری وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستانی نەبوو. پێویست بە سازمان و ڕێکخراوەیەکی گەورەتر و مۆدێرنتر بوو.

دوای باسکردنێکی کورت لە هۆکاری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێستا باس لە چارەنووسی تاقمێک حیزبی سیاسی لە ئێران و جیهاندا دەکەین کە هاوکات لەگەڵ حیزبی دێموکرات یان تەنانەت زۆر دواتر پێکهاتوون و ئێستا تەنیا ناویان لە مێژوودا ماوە. بۆچی ئەم حیزبانە لەناو چوون؟

## پشتبەستن بە پشتیوانیی دەرەکی

پێشتر باس لەوە کرا کە زۆرێک لە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان تەنانەت سەربەخۆیی و گۆڕینی سنوورەکان لە زۆر وڵاتاندا ملکەچی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەیی و جیهانین. لە سەردەمێکدا ئەرمەنستان بە پاڵپشتیی ڕووسەکان و

## ٢٥ی گەلاوێژ

بارودۆخی نالەباری سەربازی-ئابووریی ئازەربایجان، قەرەباغ و زۆرێک لە ناوچەکانی ئازەربایجانی داگیر کرد. دوای چەند ساڵێک ئازەربایجان بە پاڵپشتیی تورکیا و بێگومان پشتتێکردنی ڕووسەکان لە ئەرمەنستان، هەموو ئەو ناوچانەیان گرتەوە و ئەرمەنستان تەسلیم بوو، ئەگینا شتی زۆر خراپتریش ڕووی دەدا. حیزبی توودە بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ڕووسەکان دامەزرا. حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هاوکات و بە پشتیوانیی سۆڤیەت دامەزران! حیزبی توودە بۆ ماوەیەکی زۆر گەورەترین حیزبی سیاسیی ئێران بوو. لە شۆڕشی ١٣٥٧دا و تەنانەت چەند ساڵ دواتریش هەموو کۆبوونەوەکانی حیزبی توودە دەیان هەزار کەسی بوون! ئێستا، لەم حیزبە گەورەیە لە دەرەوەی ئێران و لە ژێر چەند ناوێکی جیاوازدا تەنیا چەند کەسێک ماون! پیشەوەری، سەرۆکی فیرقەی ئازەربایجان، زۆر پێش هاتنی سوپای پەهلەوی بۆ تەورێز، بۆ یەکێتیی سۆڤیەت هەڵات و هەر لەوێش مرد. ئێستا حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان تەنیا لە مێژوودا ماوە! بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا نۆیەمی دەیەی ژیانی تێپەڕ دەکات کە ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی؛ چ لە ناو ئێران وەک ئەندام و لایەنگری نهێنی و چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە دەیان وڵاتی جیهان وەک ئەندام و لایەنگری ئاشکرا، سەدان جار زیادی کردووە! ئەمەش بەو مانایەیە کە پشتیوانیی دەرەکی دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت قەڵغان و پەناگەیەک بێت، بەڵام پەنا و ماڵی سەرەکی لە شوێنێکی ترە. پەنا و ماڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان دڵ و مێشکی خەڵکی کوردستانە و ئەمەیە نهێنیی ژیانی لاوێکی هەشتا و یەک ساڵە!

### مردنی سەرکردەیەک، مردن و کۆتاییهاتنی بزووتنەوەیەک!

لە زۆر حاڵەتدا مردنی سەرکردەیەک و لەدەستدانی ئەندامانی دیار و خاوەن پێگە، بووەتە هۆی کۆتاییهاتنی حیزبێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسی. مردنی میرزا کوچەکخانی جەنگەڵی و تەسلیمبوونی ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە، کۆتایی بزووتنەوەی جەنگەڵ بوو. مردنی پیشەوەری کۆتایی فیرقەی ئازەربایجان بوو. دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی سەرکردەکانی حیزبی توودە وەک ئیحسان تەبەری و کیانووری، کۆتایی حیزبی توودە بوو! ئەم پرسە تایبەت بە ئێران نەبووە و نییە. پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی لە ساڵی ١٩٧٦ەوە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سریلانکا دژی جیاکاریی نەتەوەیی و ڕەگەزی دژی کەمینەی تامیل لەو وڵاتەدا شەڕیان دەکرد. دوای ساڵانێک لە ململانێی چەکداری، لە ساڵی ٢٠٠٩ بە کوشتنی سەرۆکی ئەم گرووپە، خەبات بۆ ئۆتۆنۆمیش کۆتایی هات و گرووپەکە بە ئاشکرا هەڵوەشایەوە!

حیزبی دێموکراتی کوردستان چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و چ لە سەردەمی پەهلەویدا، بەردەوام سەرکردەکانی لەسێدارە دراون یان تیرۆر کراون! تەنانەت هەندێک جار ئەم تیرۆرە کوێر و قێزەونە دژ بە ئەندامانی ئاسایی حیزبیش بووە! لەسێدارەدانی پێشەوای شەهید و هاوڕێیانی بە دەستی پەهلەوی، تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و

## ٢٥ی گەلاوێژ

هاوەڵەکانیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، تیرۆری دەیان ئەندامی ڕێبەرایەتی و سەدان ئەندامی ئاسایی حیزب، هیچ پەککەوتنێکی لە ڕێبازی شکۆمەندی خەباتی حیزبی دێموکراتدا دروست نەکردووە. هەرچەندە نەبوونی ئەو کەسایەتییە دیارانە بەئازار بووە و نەبوونیان کارەساتێکی گەورە و خەسارەتێکی بێقەرەبوو لە ڕێبازی ڕزگاریدا بووە، بەڵام ڕۆحی خۆڕاگری و بەرخۆدان بەردەوام بەرەو لووتکە بووە.

### کۆتایی خەبات بەبێ گەیشتن بە ئامانج

زۆر حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخواز هەبوون کە بە هۆکاری جۆراوجۆر دوای ماوەیەک لە خەبات و بەرخۆدان، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە خەبات ماندوو بوون و تەسلیمی هەلومەرج و بارودۆخی سەپێندراو بوون. بزووتنەوەی ئێتا "Euskadi Ta Askatasuna" کە ساڵانێک بۆ سەربەخۆیی باسک لە ئیسپانیا خەباتی دەکرد، دواتر لە ساڵی ٢٠١١ کۆتایی خەباتی چەکداریی ڕاگەیاند و لە ساڵی ٢٠١٨ هەڵوەشایەوە بێ ئەوەی ئامانجەکانی مسۆگەر بکات و باسک وەک بەشێک لە ئیسپانیا مایەوە. سوپای کۆماریی ئێرلەند - کاتی "ProvisionalIrish Republican Army" دوای ساڵانێک دەستبەرداری خەباتی چەکداری بوو بەبێ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە چەکی وەک ئامرازێک بۆ خەبات بەکار هێناوە. ساڵانێکە خەباتی چەکداری کردووە و بە پێی هەلومەرجەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خەباتی چەکداریی ڕاگرتووە. لە ڕاستیدا چەک لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، و ئەوە ئامانجە کە ڕێگەکە دیاری دەکات. کۆتاییهێنان بە خەبات بەبێ گەیشتن بە ئامانج واتە تەسلیمبوون! حیزبی دێموکرات دەیان ڕووداوی تاڵ و نەخوازراو و سەپێندراوی تێپەڕاندووە و هیچ کات تەسلیمی بارودۆخی ناوچەکە و ئاراستەی ڕووداوەکان نەبووە.

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

## دوای هەشتا و چەند ساڵ! (لە پاشخانی جەماوەرییەوە هەتا فرەچەشنی لە خەباتدا)

### بەشی دوویەم و کۆتایی

### بیرهێنانەوەیەک:

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا، بەکورتی باسمان لەو هۆکارانە کرد کە کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبووە؛ پاشان چاوێکمان خشاند بەسەر کۆمەڵێک ڕەوتی سیاسی و بزووتنەوەی هاوچەرخدا، تەنانەت ئەو ڕەوتانەی ساڵانێک دوای حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و جیهاندا لەدایک بوون، بەڵام ئێستا بە هۆکاری جۆراوجۆر یان زۆر لاواز و بێدەنگ بوون و پێگەی جەماوەرییان لەدەست داوە، یانیش بە تەواوی هەڵوەشاونەتەوە و تەنیا ناوەکانیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا ماوەتەوە. وێڕای خستنەڕووی کورتەی مێژووی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە، بەراوردمان لە نێوان ئەوان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کرد.

ئێستا لە بەشی دووەمدا، سەرەتا ئاوڕێک دەدەینەوە لە ڕەمز و نهێنی و هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە و مانەوە و زیندوویەتیی حیزبی دێموکرات؛ لە بەشی کۆتاییشدا بەکورتی تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاڵنگاری و بەربەستانەی کە لە دەیەی نۆیەمی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەکرێت ڕووبەڕووی ئەم حیزبە ببنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە هەشت دەیە خەبات و ململانێی سیاسی لەگەڵ دوو دەسەڵاتی گەندەڵ، بێبەزەیی و تاوانباردا، بەرەورووی ئاستەنگ و بەربەستی بێژمار بووەتەوە؛ ئەو ئاستەنگانەی کە وەک پێشتر باسمان لێ کرد، زۆرجار بوونەتە هۆکاری کۆتاییهاتن بە ژیانی سیاسیی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئازادیخواز! بەڵام ئەو تایبەتمەندییە ناوازانە چین کە حیزبی دێموکرات لەو حیزبانە جیا دەکەنەوە؟ و چی وای کردووە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی دەیەی نۆیەمی تەمەنیدا بەم شێوەیە بەهێز و بەتوانا بمێنێتەوە؟

### ڕەمز و نهێنیی ئەم مانەوە و بەردەوامییە چییە؟

#### ١- پێگە و پاشخانی جەماوەری

بێگومان ئەمە گرنگترین و بنچینەییترین تایبەتمەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و هەیە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات وەڵامێکی ئەرێنی بوو بۆ داخوازییەکی ڕەوای کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکراو، ماندوو و بێزار لە ستەم و بێبەشکردنی سیاسی-کۆمەڵایەتی. پێکهاتنی حیزبی دێموکرات دەرئەنجامی ساڵانێک پەراوێزخستن و هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی خۆسەپێنی پەهلەوییەوە بوو؛ درێژەی ئەم خەباتەش لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی و تەنانەت پەرەپێدانی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە دژ بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بە پێچەوانەی دەزگای پڕوپاگەندەی چەواشەکاری دوژمنانی گەلی کورد و زۆر بانگەشەی بێبنەمای نەیاران و ناحەزانی گەلەکەمان، حیزبی دێموکرات بە پێی هەموو بەڵگە مێژووییەکان، هەمیشە حیزبێکی سەربەخۆ و پشتبەستوو بە کۆمەڵگەی کوردستان بووە. هەر بۆیەش نە پشتتێکردنی یەکێتیی سۆڤیەت توانی کۆتایی بە حیزبی دێموکرات بهێنێت و نە گۆڕانی هاوکێشە ناوچەییەکان بچووکترین گۆڕانکاریی لە سیاسەتە سەربەخۆکانی ئەم حیزبەدا دروست کردووە! هەر ئەم پێگە پتەوە جەماوەرییەیە کە خەوی لە چاوی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی زڕاندووە و هەر ئەو داماوییەش وای کردووە کە بەرامبەر بە گەلی کورد هێندە دڕندانە و ستەمکارانە هەڵسوکەوت بکەن.

کێشەی کۆماری ئیسلامی بێگومان تەنیا چەند هەزار پێشمەرگە و کادیری حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان، یان چەند هەزار ئەندام و لایەنگری ئەم حیزبە لە دەرەوەی وڵات نییە؛ هۆی دەرد و ژانی بێبڕانەوەی ڕێژیمی ئاخوندی، پێگەی قووڵی جەماوەریی حیزبی دێموکراتە لە نێو ناخی ملیۆنان کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، و ئەوە ئیرادەی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵات کە وەک قەڵغانێکی مرۆیی و قەڵایەکی داگیرنەکراو حیزبی دێموکراتی پاراستووە و دەیپارێزێت.

### ٢- زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا

لەسێدارەدان و شەهیدکردنی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانی، و گرتن و دەستبەسەرکردنی زۆرێک لە کادیرە دیارەکانی حیزبی دێموکرات لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ دوای دامەزرانی حیزب و سەرکوتکردنی خوێناویی کۆماری کوردستان، دەکرا بە مانای کۆتاییهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێت؛ هەروەک چۆن هەڵاتنی پێشەوەری و کوشتن و دەستبەسەرکردنی سەرکردەکانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو بە کۆتایی ژیانی ئەو ڕێکخراوەیە! بەڵام بە پێچەوانەی فیرقەی ئازەربایجان، تەنیا چەند ساڵێکی خایاند تا حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرهەڵبداتەوە و دووبارە لق و پۆپەکانی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو، ڕێبەر و کاریزمای گەورەی کورد، و دوکتور شەرەفکەندی، دوو سەرکردەی بلیمەتی حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەنیا چەند ساڵێکدا و یەک لە دوای یەک، دەکرا کۆتاییی هەموو شتێک بێت. ئەگەرچی لەدەستدانی ئەو کەسایەتییە مەزنانە خەسارێکی گەورە و قەرەبوونەکراو بوو، بەڵام حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەو کۆستە گەورانەش هەرگیز چۆکی دانەدا و لەسەر پێ بۆ درێژەدانی خەبات مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی سیاسیی خۆیدا چەندین جار بە هۆی ناکۆکیی نێوخۆییەوە تامی تاڵ و بەئازاری لێکترازان و دابڕانی چێشتووە. هەرچەند ئەو لێکترازانانە بەداخەوە زیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورە بوون، بەڵام دواجار حیزبی دێموکرات توانیویەتی بە پشتیوانی و ئیرادەی گەل، ئەم قۆناغە مەترسیدارانەش تێپەڕێنێت و جارێکی تر لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکرات و یادگاری پێشەوا و شەهیدانی کوردستاندا، یەکگرتوویی و تەباییی خۆی دەستەبەر بکاتەوە.

ئەمانە تەنیا بەشێک بوون لەو قەیران و ئاستەنگە بێژمارانەی کە بەدرێژاییی دەیان ساڵ بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتوون. وەک کۆتاییی ئەم بەشە، پێویستە ئاماژەیەک بە دەیان ڕێککەوتن و مامەڵەی ژێربەژێری داگیرکەرانی کوردستان دژ بە حیزبی دێموکرات لە درێژاییی تەواوی ساڵانی خەباتدا بکەین. لە کاتێکدا تەنانەت تەنیا یەکێک لەم بەربەستانە بەس بوو بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیانی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسی بهێنێت، حیزبی دێموکرات لە دەیەی نۆیەمی ژیانیدا شێلگیرتر و ڕاوەستاوتر لە هەمیشە لە سەنگەری خەبات و کۆڵنەداندایە.

### ٣- فرەچەشنی لە خەباتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی پێشکەوتنخواز، بناغەی کاری خۆی لەسەر بنەمای دیالۆگ و لێکتێگەیشتن داناوە؛ دیالۆگ و وتووێژ تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی جگە لە زمانی زەبروزەنگ لە هیچ زمانێکی تر تێناگەن. حیزبی دێموکرات بە باوەڕبوون بەم پرەنسیپە، هەمیشە هەوڵی داوە پێشەنگی دانیشتن، وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانە بێت. پێشەوای نەمر زۆر هەوڵی دا لە ڕێگەی ئاشتییانەوە پرسی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پەهلەویدا چارەسەر بکات. دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئاگاداربوون لە سروشتی نامرۆڤانە و دژەئازادیی خومەینی، زۆر تێکۆشا لە دەرگای دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکات، تەنانەت چەندین جار نامەی بۆ نووسی و لە کۆتاییشدا هەر بە هۆی ئەو باوەڕە قووڵەی بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان، لەسەر مێزی گفتوگۆ لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرا!
بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو ناپاکییە، حیزبی دێموکرات هیچ کات باوەڕی خۆی بە دیالۆگ لەدەست نەداوە و دەرگای

دانوستانی دانەخستووە.

بەڵام ئەمە تەنیا بژاردەی حیزبی دێموکرات بۆ خەبات نەبووە و نییە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «بەرگریی ڕەوا» بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی خۆی دەزانێت و هەمیشە ئامادەی بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەر پەلامارێکی داگیرکەران بووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە دیالۆگ و بەرگریی ڕەوا دوو باڵی تەواوکەری خەباتی حیزبی دێموکراتن. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات بە هۆی هەلومەرجی هەنووکەیی و بارودۆخی ناوچەیی بە شێوەیەکی کاتی خەباتی چەکداریی ڕاگرتووە، بەڵام لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا هەمیشە ئامادەی هەر چەشنە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیەکە. ڕۆژنامەگەری، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگییەکان یان خەباتی چەکداری! خەبات هەر خەباتە؛ ڕەنگە مەیدانەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانج و ڕێبازەکە نەگۆڕ و یەکە. ئەم توانستە بێوێنەیە بۆ مانۆڕکردن لە بوارە جیاجیاکاندا و گۆڕینی مەیدانی خەبات بەپێی بارودۆخ و پێشهاتەکان، یەکێک لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی حیزبی دێموکرات بووە و هەیە. سەردەمێک بارگرانیی خەبات لەسەر شانی ماندوونەناسی پێشمەرگەکانی شاخ بوو، سەردەمێکی تر بەرهەمی قەڵەم و نووسین، و سەردەمێکی تریش بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی؛ زۆر کاتیش هەرسێکیان پێکەوە: چەک، قەڵەم و شەقام!

**ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە هێمای دینامیزم و زیندوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن. بەڵام حیزبی دێموکرات لە دەیەی نۆیەمی تەمەنیدا،**

**بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی جدیيە کە پشتگوێخستنیان دەتوانێت لێکەوتەی نەخوازراوی بۆ حیزب هەبێت:**

## ئاڵنگارییە دەرەکییەکان

ژیان لە جوگرافیای ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، خۆی لە خۆیدا ئاڵنگارییەکی زۆر گەورەیە؛ ناوچەیەک کە لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان شەڕ، کودەتا و شۆڕشی بەخۆیەوە بینیوە و هەرگیز ڕەنگی ئاشتی و ئارامیی بەردەوامی نەدیوە. ئێرە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە؛ جبەخانەیەک پڕ لە بارووت کە چاوەڕێی پریشکێکە! بە دڵنیاییەوە چالاکیی سیاسی لە جوگرافیایەکی ئاوا نائارام، گرژ و پڕ لە مەترسیدا زۆر سەخت و پڕ لە ڕووداوی نەخوازراوە.

ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان، ئەگەر لەسەر هەموو شتێک ناکۆک بن، هەمیشە لەسەر یەک شت

یەکدەنگ و هاوپەیمانن: دژایەتیکردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد! هاوپەیمانیی نەگریسی داگیرکەران هەمیشە بە هەموو هێزیانەوە دژی خەباتی ڕەوای گەلی کورد بووە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دواییەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ناوچەکەدا خوڵقاندووە. ئێستا بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لووتکەی ناڕوونی و ناسەقامگیریدایە و چارەنووسی ناوچەکە بە موویەکەوە بەستراوەتەوە. تێگەیشتن لەم بارودۆخە ئاڵۆزە و هەبوونی نەخشەڕێگەیەکی گشتگیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، پێویستییەکی بنەڕەتی و چارەنووسسازە.

## ئاڵنگاریی نێوخۆیی و ڕێکخراوەیی: پرسی نەوەکان

### بەدەر لە قەیرانە ڕێکخراوەییەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردەم ئاڵنگارییەکی نێوخۆییی زۆر گرنگتردایە: جیاوازیی نەوەکان!

حیزبێک کە پێکهاتووە لە چەندین بەرە و نەوەی جیاواز؛ تێکۆشەرانێک کە مێژووی خەباتیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕژیمی پەهلەوی، ئەوانەی ساڵانێک لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شەڕی کۆماری ئیسلامییان کردووە، و لە بەرامبەردا نەوەی نوێ و گەنجانی بوێر کە ئێستا لە شەقام و شاخدا پێشەنگایەتی دەکەن. بە دڵنیاییەوە مرۆڤ ناتوانێت بە هەمان زمان و دەستەواژەی سەردەمی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کەسێکدا بدوێت کە تەنانەت دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووش لەدایک بووە!

ئامراز، زمان و میدیای هەرکام لەم نەوویە جیاوازن. شیکارییەکی زانستی بۆ ناسینی ئەم جیاوازییانە و چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەریەک لەم نەوانەدا، ڕێگەخۆشکەری سەرەکیی داهاتووە. دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش دەتوانێت ئەم جیاوازییە نەوەییە لە مایەی ناکۆکییەوە بگۆڕێت بۆ سەرچاوەی دەوڵەمەندی و دینامیزمی زیاتری حیزب.

## کۆتایی:

ئەو نەمامەی پێشەوای نەمر هەشتا و یەک ساڵ لەمەوبەر چاندی و بە خوێنی پاکی خۆی و هاوڕێیانی ئاوی دا، ئێستا بە گیانبەختکردنی هەزاران شەهید لە درێژاییی تەواوی ساڵانی خەباتدا، ڕەگ و ڕیشەی بە پانتاییی تەواوی ئەم خاکەدا وەها داکوتاوە کە ئیتر تەوری هیچ داگیرکەرێک زەفەری پێ نابات؛ درەختێکی چڕ و پڕ بە لق و پۆپی بێژمارەوە کە دەیان زستانی سارد و سەخت و دەیان هاوینی تاقەتپڕووکێنی تێپەڕاندووە.

## ٢٥ی گەلاوێژ

ئیتر نە لە هێرشی ڕەشەبا و تۆفان و نە لە تووڕەیی لەناکاوی زریان دەترسێت؛ ئەم ڕەگ و ڕیشەیە فێر بوون چۆن ڕاوەستن، چۆن بەرەنگاری تاریکی ببنەوە، چۆن هەستنەوە و چۆن هەرگیز کۆڵ نەدەن! تا ئەو ڕۆژەی ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان، کچان و کوڕانی ئازادیخواز و نەوەکانی پێشەوا لە ئاگری هەتا دالاهۆ، ئاڵای کوردستان بە دەستێک و دەسماڵی چۆپی بە دەستەکەی ترەوە، لە دەوری ئەم درەختە شکۆدارە ڕەشبەڵەک دەبەستن و سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» دەچڕن!

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان...**

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

---

# سوژەڤانی و داب‌ڕان: دیاردەناسیی حیزبی دێموکرات





شاهۆ حوسێنی

کاتێک مێژوو لە توێژی ڕووکەشیی ڕووداوەکان و ڕۆژژمێرەکان جیا دەکەینەوە و دەگەینە ژێرخانی ئەندێشە و وەرچەرخانە وێژەمانییەکان، تازە بەها و شکۆی ساتە چارەنووس‌سازەکانی وەک ٢٥ی گەلاوێژ ئاشکرا دەبێت؛ ساتێک کە تێیدا مرۆڤی کورد لە "دۆخێکی گنخاو"یەوە بۆ "ئیرادەیەکی عەقڵانی و مێژوویی" باز دەدات. مەخابن مێژوونووسیی نەریتی و دابەزێندراو

## ٢٥ی گەلاوێژ

لە نێو کورددا، هەمیشە ئارەزووی ئەوەی هەیە ڕووداوە سیاسییە گەورەکان لە زنجیرەیەک بەسەرهات، ڕووداو و کاردانەوە بەرامبەر بە بۆشایی دەسەڵات، یان کاریگەرییە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکەدا قەتیس بکاتەوە. لەم جۆرە ڕوانینەدا، دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هاوینی ١٣٢٤ (ئاگوستی ١٩٤٥) تەنیا وەک بەرهەمی دۆخی بەرەو کۆتایی شەڕی جیهانیی دووهەم و ئامادەیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دەناسێندرێت. بەڵام خوێندنەوەیەکی وەها ڕووکەش و ماتریالیستانە، شوناسی قووڵ، ژێرخانی هزری و بزوێنەرە بووننااسانەکەی (ئۆنتۆلۆژیکی) ئەم ڕووداوە بە تەواوی پشتگوێ دەخات. بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لەوەی لە ٢٥ی گەلاوێژدا ڕووی دا، دەبێت لە توێکڵ و ڕووکەسی ڕواڵەتی ڕووداوەکە تێپەڕین و ڕۆ بچینە نێو توێژگەلی دیاردەناسانە و پێکهاتەی سوژەبوون لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا. مرۆڤی کورد تا پێش ئەم وەرچەرخانە مێژووییە، لە وتاری سیاسیی باڵادەستدا، لە "دۆخێکی گنخاو" یان ژیانێکی نائیرادیدا ڕاگیرابوو. ئەم دۆخە پەتییە، تایبەتمەندیی کۆمەڵگەیەکە کە ئەگەرچی ئامادەیی بابەتی، جوگرافی، کلتووری و زمانەوانیی هەیە، بەڵام بێبەشە لە ئامرازی دامەزراوەیی بۆ گۆڕینی ئەم ئامادەییە بۆ داخوازییەکی عەقڵانی و یاسایی.

لە نەریتی فەلسەفەی سیاسییدا جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان "بوون لە خۆدا" و "بوون بۆ خۆ" ڕێک لەم خودئاگاهییە دامەزراوەییەدا حەشار دراوە. ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی پێشوو لە مێژووی کوردستاندا، بە هەموو چاونەترسی و ڕەسەنایەتیی ئەخلاقیی کۆڕگێڕانییەوە، زۆربەی جار تایبەتمەندی کاردانەوەی غەریزی، عەشیرەیی، یان ناوچەییان هەبوو لە بەرامبەر سەرکوتکاریی ناوەندا. ئەوان هێشتا نەیانتوانیبوو ئازاری ژیاو وەربگێڕن بۆ تیۆرێکی سیاسی و ڕزگاردەر. دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی دەرکەوتنی ئەم خودئاگاییەدا کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی ژ.ک-دا دەرکەوتبوو، ساتی وەرچەرخانی ناسیارناسانە (ئێپیستەمۆلۆژی) بوو لەم ڕەوتە. لەم خاڵەدا، ئیرادەی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد لە فۆرمی پەرشوبڵاوی، تاکەکەسی و غەریزی دەرچوو و بۆ فۆرمێکی پێکهاتەمەند، مۆدێرن و وێژەمانێکی بەرز. حیزب لێرەدا نەک تەنیا لەگوێن ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ وەدەستهێنان یان دابەشکردنی دەسەڵات، بەڵکوو وەک ناوبژیوانێکی عەقڵانی دەرکەوت کە توانی ناسنامەی کوردی لە درێژبوونەوەیەکی سروشتی و نەریتەوەرەوە، بگوێزێتەوە بۆ پرۆژەیەکی عەقڵانییانەی نەتەوەساز و نوێخواز. ئەمە هەمان بازدانی سوژەیە؛ ساتێک کە کۆمەڵگەیەک لەژێر باری "مۆدێلی بڕیاری بەسەردا سەپێنراوی ئەوی‌دی" تێدەپەڕێت و خۆی وەک "بکەری مێژووساز" پێناسە دەکاتەوە.

یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەکرێت بە ڕوانینێکی دیاردەناسانەی سیاسی و ڕەخنە لە چەمکی "هەڵپەساردن" و "بارودۆخی نائاسایی" شیکاریی بۆ بکرێت. لە تیۆری سیاسیی مۆدێرندا، سەروەریی ڕەها هەمیشە خۆی لە توانای ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا بەرهەم دەهێنێتەوە.

## ٢٥ی گەلاوێژ

### پێکهاتەی دەوڵەت – نەتەوەی ناوەندخواز لە ئێرانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستانی هەمیشە لە سێ هەڵپەساردنی بەردەوامدا ڕاگرتبوو:

**هەڵپەساردنی یاسایی:** پشتگوێخستنی ناسنامەی زمانی و کلتووری و بێبەشکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوون.

**هەڵپەساردنی مێژوویی:** دابەزاندنی مێژوو و سەردەمی ناوچەیی بۆ پەراوێزێک یان پەرەنەسەندووییەک بەراورد بە کاتی ناوەند.

**هەڵپەساردنی سیاسی:** پشتگوێخستنی مافی بڕیاردان، مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیی.

لە وەها دۆخ و کەشێکدا، سەروەریی ناوەندی بۆ مرۆڤی کورد تەنها بە شێوەی "قۆرخکردنی توندوتیژی، سەرکوت و دیسپلینی ڕووتی سەربازی" دیار دەبوو. مرۆڤی کورد لەم چوارچێوەیەدا، لە بێکاتی و بێشوێنییەکی یاساییدا هەڵپەسێردرابوو. دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، ڕێک ڕەتکردنەوەی ئەم هەڵپەساردنە بوو. حیزب بە پێشکەشکردنی پلاتفۆرمێکی مۆدێرن، دامەزراوەییکردنی ئەرکەکانی وەک خوێندن بە زمانی دایک، دامەزراندنی بەستێنی گشتی، بەشداریی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە ڕۆشنبیران و بازرگانانەوە تا ژنان و جووتیاران، و لە کۆتاییدا بە بنەماییکردنی ئەزموونی مێژوویی "کۆماری کوردستان"، دیاردەی سەروەریی حاکمییەتی ناوەندی هەڵوەشاندەوە. حیزبی دێموکرات نیشانی دا کە سەروەری، دەستکەوتێکی ئاسمانی، قۆرخکراو و ڕەگەزیی پەیوەست بە ناوەند نییە؛ بەڵکوو بابەتێکی بەرجەستە، مەدەنی و عەقڵانییە کە دەکرێت لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤ، خواستی گشتی و عەقڵانییەتی ناوچەیی بەرهەم بهێنرێتەوە. ئەم هەنگاوە، ئەم ڕایەڵە وەهمییەی پچڕاند کە کورد دەبێت هەمیشە لە هەڵپەساردنی سیاسیدا بپووکێتەوە تا ناوەند بڕیاری بۆ بدات.

لە ڕوانگەی بوونناسییەوە (ئۆنتۆلۆژی)ەوە، گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکی سەرکوتکراو دەبێتەوە، تەنها سەرکوتی فیزیکی یان ئابووری نییە، بەڵکوو نکۆڵی بوونناسانەیە؛ واتە بارودۆخێک کە تێیدا گوتاری باڵادەست بە جۆرێک هەڵسووکەوت دەکات کە گۆیا "ئەویتر" هەر بوونی نییە، یان بوونی بابەتێکی زیادە، دەستدرێژیکار و بێبەهای مێژوویییە. لە بەستێنێکی وەهادا، "بەرخۆدان" مانایەکی زۆر قووڵتر لە خەباتێکی حیزبی یان ئایدۆلۆژی پەیدا دەکات. بەرخۆدان دەبێتە تاقە ڕێگەی "ڕەسەنایەتیی بوون."

کەواتە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، ڕێکخستنی ئەم بەرخۆدانە بوونناسانەیە بوو. حیزب بە خستنەڕووی فۆرمولەی سیاسیی فرەچەشن (وەک دێموکراسی بۆ ئێران و خۆبەڕێوەبەری/فیدرالیزم بۆ کوردستان)، نەک تەنیا مافی بوونی نەتەوەی کوردی سەلماند، بەڵکوو دیالێکتیکێکی نوێی هێنایە نێو کایەی سیاسیی ئێرانەوە: دیالێکتیکی بوون لە هەناوی نکۆڵی لێکراندا، بەرخۆدانێک کە بەم دامەزراندنە گیانی بەبەردا هات، نیشانی دا کە "کوردبوون" تاوان یان بێئاگاییەکی مێژوویی نییە، بەڵکوو "مافێکی بوونناسانەی عەقڵانییە". حیزبی دێموکرات، ئازاری مێژوویی، سەرکوتی کەڵەکەبوو و بێبەشبوونی نەتەوەیەکی وەرگرت و کردی بە ئیرادەیەکی ئیجابی، ئەرێنی و بنیادنەر.

بۆیە، دووبارە خوێندنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نابێت بۆ ڕێوڕەسمێکی مێژوویی کورت بکرێتەوە. ئەم ساڵیادە، وەبیرهێنەرەوەی ساتێکە کە عەقڵانییەتی سیاسی لە کوردستاندا لەدایک بوو و کاتی مێژوویی ئەم کۆمەڵگەیە لە "وەستان و هەڵپەساردن"ەوە گۆڕدرا بۆ "جووڵە و کردار."

**لە کۆی گشتی ئەم نووسینەدا، هەوڵ دەدرێت بە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ڕواڵەتی ڕۆژانە، سێ تەوەرەی سەرەکیی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە هەڵبدرێتەوە:**

**١- یەکەم؛ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی گۆڕانی سوژەی پاسیڤ بۆ سوژەی خۆئاگا و عەقڵانی لە بەستێنی پێکهاتەی حیزبدا.**

**٢- دووهەم؛ شیکاریی دیاردەناسانەی چەمکی سەروەری و شێوازی دابڕانی حیزبی دێموکرات لە مۆدێلی خۆسەپێنی ناوەندگەرا و ڕەتکردنەوەی دۆخی هەڵپەساردن.**

**٣- سێیەم؛ شرۆڤەی بوونناسیی بەرخۆدان لەگوێن ئامرازی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی کەرامەت، ناسنامە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی نکۆڵی و سڕینەوەی مێژوویی.**

**ئەم دووبارە خوێندنەوە فەلسەفییە نیشان دەدات کە بۆچی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، تەنها دەستپێکی ڕێکخراوێک نییە، بەڵکوو لەدایکبوونی بڕیارنامەی عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرنە لە کوردستاندا.**

**– لە "نکۆڵیی بوونناسانە"وە تا "خۆئاگایی هزرمەندانە": دابڕانی ئێپیستەمۆلۆژیک لە ڕەوتی دەرکەوتنی سوژەڤانیدا**

ڕەوتی مێژوویی نەتەوەکان و گروپە مرۆییەکان، بەر لەوەی دیاردەیەک بێت لەخۆگری ڕەهەندی جوگرافی، سەربازی یان

لەخۆگری پێکهاتەی یاسایی بێت، ڕووداوێکی ناسیاریناسانەیە (ئێپیستەمۆلۆژیکە). لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دیاردەناسانە و تیۆرەکانی سوژەڤانی لە فەلسەفەی سیاسییدا، مرۆڤی قەتیسماو لە دۆخی پێش - دامەزراوەییدا، لە نێو نکۆڵییەکی بوونناسانەی قووڵدا دەژێت. ئەم نکۆڵییە ئاکامی جۆرێک لە بیگانەبوونی پێکهاتەیی و سەپاندنی گێڕانەوەیەکە کە تێیدا ئامێری دەسەڵاتداری و خۆسەپێنی ناوەند، دەقێک دەنووسێتەوە و ئەویتری پەراوێزخراو تەنیا وەک خەیاڵێکی بێدەنگ یان ئۆبژەی گەمەکانی دەسەڵاتداران وێنە دەکرێت. لەم دۆخی پێش - دامەزراوەییەدا، سوژە نە توانای پێناسەکردنی خۆی هەیە و نە ئاسۆیەکی بۆ تێپەڕین بەرەو داهاتوو دەبینێت. ئەو لە مێژوویەکدا دەژێت کە لەلایەن ئەویترەوە دەنووسرێتەوە، بەڵام خۆی مێژووساز نییە. جیهانی ژیاوی ئەو بە چەمکگەلێکی ژەهراویی وەک: چارەنووسی دیاریکراو، ناشایستەیی سیاسی و پێویستیی تواندنەوە لە ناوەنددا پێناسە دەکرێت.

دامەزراندنی حیزبی دیموکرات لەم سەردەمەی مێژوودا، تەنیا وەڵامێکی ڕێکخراوەیی یان تاکتیکی بۆ داواکارییەکانی کەڵەکەبووی ڕۆژانە نەبوو. ئەم دامەزراندنە، لە زاتی خۆیدا دابڕانێکی ناسیاریناسانە بوو. حیزب لە پێگەی ماتریکسی پێکهاتەمەندی ئاگاییدا هاتە نێو مەیدانەکەوە تا زمان، لۆژیک و چەمکەکانی پێشووی گەمەی سیاسی بسڕێتەوە.

**ئەم دابڕانە ناسیاریناسانەیە لە چەند ئاستێکی بنەڕەتیدا ڕووی دا:**

**١- پەڕینەوە لە بێفۆڕمی بۆ فۆرمبەندی سیاسی:** کۆمەڵگەیەک کە تا پێش ئەوە لە قالبێکی تووڕەیی بڵاو، ڕاپەڕینی ناوچەیی و کاردانەوەیی، یان دڵساردبوونی تاکەکەسیدا خۆی دەردەخست، لەپڕ عەقڵانییەتی خۆی لە قالبێکی فۆرمبەندی هاوئاهەنگ و عەقڵانیدا دۆزییەوە. حیزب وەک دامەزراوە، دەرفەتی گۆڕینی وزەی سەرەتایی و خاوی بۆ ئیرادەیەکی گشتیی پەروەردەکراو ڕەخساند.

**٢- بەرزبوونەوەی پلەی بوونناسانە:** سوژەی کورد لە ئۆبژەیەک لە مێژوودا گۆڕا بۆ خوڵقێنەری مێژوو. ئەو تێگەیشت کە چارەنووسی سیاسیی ئاکامی ئیرادەیەکی پێشوەختەی دیاریکراوی کۆلۆنیالیزم یان خۆسەپێنی ناوەند نییە، بەڵکوو پێکهاتەیەکە کە دەکرێت بە هۆی هەڵسەنگاندن، خودئاگایی و کردەی بەکۆمەڵ هەڵوەشێندرێتەوە و لە نوێوە بنیاد بنرێتەوە.

**٣- پێناسەکردنەوەی عەقڵانییەت لە کایەی گشتیدا:** عەقڵانییەت لەم مانایەدا، دابەزاندنی خواستی سازشکاریی پاسیڤانە نەبوو؛ بەڵکوو وەدەستهێنانی مەعریفەیەک بوو کە توانای هەڵسەنگاندنی دۆخی ژێردەستەیی و داڕشتنی پرۆژە بۆ دەرچوون

لەو دۆخەی هەبوو. ئاگاداریی عەقڵانیی ئەم توانایی بە سوژە دا تا جیاوازیی نێوان دۆخی سروشتی و دۆخی سەپێندراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بکات.

بەم شێوەیە، وەرچەرخان لە سوژەی پاسیڤەوە بۆ سوژەی خودئاگا، بڕبڕەی پشتی وەرچەرخانی مێژوویی بوو. حیزب کە لەدایک بوو، تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو شوێنێک بوو بۆ گەشەکردنەوەی عەقڵانییەتی بەکۆمەڵ و گۆڕینی توانای نەتەوەیەک بۆ کردەییترین فۆرمەکانی خەبات و پێکهاتەمەندبوون.

## – سەروەری، هەڵوەشاندنەوەی هەڵپەساردن و دابڕان لە مۆدێلی ناوەندگەرا

بۆ تێگەیشتن لە شوناسی سیاسیی سەروەری لە مۆدێلی خۆسەپێنی ناوەندخوازدا، دەبێت چەمکی دۆخی هەڵپەساردن لە دیاردەناسیی دەسەڵاتدا تاوتوێ بکەین. ناوەندی دەسەڵاتخواز هەمیشە لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی دووفاقییەوە هەڵسووکەوت دەکات: ئەویتر لە جوگرافیا و یاسادا دەتوێنێتەوە، ئا بەم جۆرەش بەردەوام دەیکاتە بەشێک لە ئیستسنایەکی هەمیشەیی هەڵپەسێردراو. لە دۆخی هەڵپەساردندا، یاسا بوونی هەیە بەڵام ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی ئەویتر؛ مافی هاووڵاتیبوون باس دەکرێت، بەڵام مافی بنەڕەتی کە ڕێک "مافی هەبوونی ماف"ە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەویتر هەمیشە لە دۆخی ناجێگیری، نەبوونی ئاسایشی بەردەوام، و نکۆڵی لێکراوی ناسنامەییدا دەژێت. سەروەریی ناوەند لە ڕێگەی شاردنەوەی ئەم هەڵپەساردنە و سروشتی نیشاندانی، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تاقە سەرچاوەی ڕەوای نەزم، ئاسایش و عەقڵانییەتە. حیزبی دێموکرات بە هاتنی بۆ نێو کایەی سیاسی، دەستی دایە هەڵوەشاندنەوەیەکی دیاردەناسانە؛ هەڵوەشاندنەوەی ئەو لۆژیکەی کە دەسەڵاتی ناوەندی بە هەتاهەتایی و نەگۆڕ وێنای دەکرد. دیاردەناسیی سەروەری لەم بزووتنەوەیەدا نیشانی دا کە سەروەریی ڕەوا، لە زۆرداریی چرکراوە، گێڕانەوەی نەتەوەپەرستەکانی باڵادەست یان ڕەوایەتییە ئاسمانی و مێژووییە خۆسەپێنەکانەوە سەرچاوە ناگرێت؛ بەڵکوو بەرجەستەبوونی ئیرادە و ئاگاداریی ژیاوی خودی خەڵکە لە نیشتمانی خۆیاندا.

### ئەم دابڕانە لە دوو کایەی بنەڕەتیدا هاتە دی:

### ١- تێکشکاندنی ئەفسانەی ناوەند وەک تاقە دەستەبەرکەری نەزم:

خۆسەپێنیی ناوەند، هەمیشە فرەچەشنی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەوی تری وەک بشێوی، پارچەپارچەبوون و وێرانبوونی نەزم وێنا دەکات. بزووتنەوەی دێموکراتیک بە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی مەدەنی، عەقڵانی و لەسەر بنەمای

بەشداریی گشتی، ئەوە ئاشکرا دەکات کە خودی ناوەند سەرچاوەی سەرەکیی بێنەزمی (ئانۆمی)، توندوتیژیی پێکهاتەیی و ئاڵۆزییە. سەروەریی هەڵقوڵاو لە هەناوی کۆمەڵگەوە نیشانی دا کە نەزمی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دەردەکەوێت کە یەکسانی بوونی هەبێت.

### ٢- کۆتاییهێنان بە دۆخی هەڵپەساردن و گەڕاندنەوەی خواستی سیاسی:

بە دامەزراندنی ئیرادەیەکی سەربەخۆ، سوژەی کورد توانی خۆی لە بوونەوەرێکی هەڵپەسێردراو لە بێمافیدا بگۆڕێت بۆ یاسادانەر و داڕێژەری ماف. حیزب، سەروەریی لە کایەی قۆرخکراوی فەرمانڕەوایانی ناوەند دەرهێنا و بە شێوازێکی ئاسۆیی، فرەچەشن و وەڵامدەر سەرلەنوێ دایڕشتەوە. ئەم وەرچەرخانە پێکهاتەییە، کاروباری سیاسیی ژیاندەوە. سیاست ئیتر نە ملکەچبوون بوو بەرامبەر بڕیارەکانی ناوەندی خۆسەپێن، بەڵکوو توانای کۆمەڵگە بوو لە بڕیاردان بۆ ژیانی بەکۆمەڵ، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات، و دروستکردنی پێکهاتە دێموکراتیکەکانی خودی کۆمەڵگە.

### – بوونناسیی بەرخۆدان: ئافراندنەوەی کەرامەت، ناسنامە و مافی دیاریکردنی چارەنووس

کاتێک سیستمێکی دەسەڵاتخواز سیاسەتێک لەسەر بنەمای نکۆڵی، سڕینەوەی مێژوویی و هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ناسنامەیی دەگرێتە بەر، ئامرازی سەرکوتکارییەکەی تەنیا بۆ چەک و بەندیخانە کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو دەست دەداتە نەبوونکردنی بوونناسانە. لەم ستراتیژیەدا، ئامانجی کۆتایی ئەوەیە نەتەوەی ژێردەست، زمان، بیرەوەریی بەکۆمەڵ، کەرامەتی مرۆیی و تەنانەت وێنەکردنی داهاتوویەکیش لە دەست بدات و بگۆڕێت بۆ بوونێکی بێلایەن و تواوە.

لە ئاسۆیەکی وەها تاریک و ترسناکدا، بەرخۆدان مانایەکی زۆر فرەتر لە تاکتیکێکی سەربازی یان کاردانەوەیەکی کاتیی سیاسی پەیدا دەکات. بەرخۆدان دەبێتە شێوازێکی بوون لە جیهاندا و پێویستییەکی بوونناسانە.

### پێکهاتە سێقۆڵییەکانی بوونناسیی بەرخۆدان بریتین لە:

#### ١- ئافراندنەوەی کەرامەت:

خۆسەپێنی بە سووکایەتیکردنی بەردەوام و سڕینەوەی ئیرادە، بە دوای تێکشکاندنی سوژەیە. بەرخۆدان، ڕەتکردنەوەیەکی

بڕوا پێکراو و ڕەهای ئەم سووکایەتییەیە. مرۆڤی بەربەرکانیکەر بە ڕاوەستانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە بەها و کەرامەتی ئەو داگیر نەکراوە. بەرخۆدان، گەڕاندنەوەی شکۆی مرۆیی و بەکۆمەڵە؛ پرۆسەیەک کە تێیدا کۆمەڵگە فێر دەبێت نەچێتە ژێر باری گێڕانەوە سووکایەتیپێکراوەکانی دەسەڵات و قامەتی خۆی لە بەرامبەر سەرکوتدا بە بەرزی ڕابگرێت.

### ٢- ناسنامە وەک پڕۆژەیەکی بزوێنەر:

لە بووناسیی بەرخۆداندا، ناسنامە نە ئاسەوارێکی مۆزەیی یان کەلەپوورێکی نەگۆڕ و دەستکارینەکراوی ڕابردووە، بەڵکوو پڕۆژەیەکی بزوێنەرە لە سەیرورەتی بووندا. ناسنامە لە بەستێنی خەبات، ئاگاداری و ڕەخنەی بەردەوامدا سەرلەنوێ بەرهەم دێتەوە. ئەم ناسنامە نوێیە، نە لەسەر بنەمای دووژمنایەتی، بەڵکوو لەسەر بنەمای ئاگاداریی نەتەوەیی، ئازادیخوازی و پەیوەندیی نێوان نەوەکان دروست دەبێت و لە بەرامبەر وێرانکاریی مێژووییدا بەرخۆدان دەکات.

### ٣- مافی دیاریکردنی چارەنووس؛ بەرجەستەبوونی عەینی ئازادی:

مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئامانجی بووناسانەی ئەم ڕێگەیەیە. ئەگەر سوژە، خۆئاگا بووبێت و سەرەوەریی لە دۆخی هەڵپەساردن دەرهێنابێت، دەرکەوتنی کۆتایی ئەم ئاگادارییە لە ڕەسەنایەتی بڕیاردان بۆ داهاتوودا دەردەکەوێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس، ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستییە کە هیچ دەسەڵاتێک لە دەرەوەی ئیرادەی بەردەوامی نەتەوەیەک، ڕەوایەتیی دیاریکردنی ڕێگەی ژیان، کولتوور، ئابووری و سیاستەکەی نییە.

## دەرئەنجام

بە تێپەڕین لە گێڕانەوەی ڕواڵەتی، ڕووکەشی و دابەزاندخوازانەی ڕووداوەکان، ئاسۆی فەلسەفیی ئەم نووسینە بە ڕوونی نیشانی دەدات کە جووڵەی مێژوویی ئەنجامدراو بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا، هەرگیز ململانێیەکی سنووورداری سیاسی بۆ پشکخوازی لە دەسەڵات، یان کاردانەوەیەکی کاتی بۆ بۆشایی دەسەڵاتی ناوچەیی نەبووە. ئەم ڕووداوە، لە جەوهەر و پێکهاتەی بنەمایی هزریی خۆیدا، سەرلەنوێ بووژانەوەیەکی دیاردەناسانەی سوژەی کورد و خاڵی دەستپێکی عەقڵانییەتی سیاسیی مۆدێرنە لە پانتایی مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا.

**سەیری گەشەکردن و لۆژیکی دەروونی ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەکرێت لە سێ وەرزی ڕزگارییەخشدا کۆبکرێتەوە:**

## ٢٥ی گەلاوێژ

**یەکەم؛** پەڕینەوە لە پاسیڤبوونەوە بۆ سوژەییەتی عەقڵانییانە: حیزبی دێموکرات توانی کۆمەڵگە لە دۆخی پەتی، واتە ژیان لە مێژووی نووسراو لەلایەن ئەویترەوە دەربهێنێت و بۆ ئاستی خۆئاگایی بۆخۆ بەرزی بکاتەوە. لەم خاڵەدا، ئازاری کەڵەکەبوو و تووڕەییە بڵاوەکان گۆڕدران بۆ پرۆژەیەکی عەقڵانی، پێکهاتەمەند و نەتەوەساز.

**دووەم؛** هەڵوەشاندنەوەی سەروەریی ناوەند و ڕەتکردنەوەی هەڵپەساردن: بە پێشکەشکردنی مۆدێلێکی مەدەنی، فرەچەشن و دامەزراوەیی، پێکهاتەی خۆسەپێنی ناوەند کە ئەوانیتری لە دۆخێکی هەڵپەساردنی بەردەوامدا (یاسایی، مێژوویی و سیاسی) ڕاگرتبوو، ڕووخا. سەروەری لە بابەتێکی ئاسمانی، سەرکوتکار و قۆرخکراوەوە، بۆ بابەتێکی بەرجەستە، وەڵامدەرەوە و هەڵقوڵاو لە ئیرادەی گشتی پێناسە کرایەوە.

**سێیەم؛** جێگیرکردنی بووناسیی بەرخۆدان: لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستراتیژیی نکۆڵی و سڕینەوەی بوونناسانەدا، بەرخۆدان لە تاکتیکێکی سەربازی یان ئامرازێکی خەباتکارانەی ڕووتەوە، بۆ شێوازی ژیان و تاقە ڕێگەی گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆیی، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی بزوێنەر و هێنانەدیی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەرز بووەوە.

بەردەوامیی ئەم دابڕانە مێژووییە لە کاتی ئێستادا و لە ئاسۆی داهاتوودا، پێش هەموو شتێک پێویستی بە پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەم عەقڵە ڕەخنەیی و سوژەڤانیە ئەکتیڤە هەیە. پەیامی بنەڕەتیی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ ئەمڕۆ ئەوەیە کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرۆژە تازەداڕێژراوەکانی نکۆڵی و دەسەڵاتخوازی، تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستن بە خۆئاگایی پێکهاتەیی و عەقڵانییەتی لۆکاڵی ڕێگەپێدراوە. تا ئەو کاتەی ئەم ئاگاداریی بنەڕەتییە لەمەڕ ماف، ڕەتکردنەوەی هەڵپەساردن و بەرخۆدان وەک بنەمای کەرامەتی مرۆیی، لە دەمارەکانی هزر و کردەی بەکۆمەڵدا بڕوات، هیچ ئامێرێکی سەرکوت یان وتارێکی دەسەڵاتخواز ناتوانێت ئەم ڕاستییە مێژووییە بگەڕێنێتەوە بۆ پەراوێزی بێدەنگی مێژوو.

**بەرخۆدان لەم ئاسۆ فەلسەفییەدا، نە تەنیا خۆڕاگری لە بەرامبەر سەرکوتدا، بەڵکوو بەرزترین فۆرمی هێنانەدیی ئازادی، جێگیرکردنی مسۆگەری مافی مرۆڤ بەسەر چارەنووسی خۆیدا و پەیماننامەی هەمیشەیی عەقڵانییەتی سیاسییە لە کوردستاندا.**

٢٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزب (واشنتۆن)




**ئاماژە:**

**ئەم دەقە پەیامێکی سیاسی و ستراتیژییە لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە ئاراستەی بەشداربووانی کۆڕیادی ٨١ ساڵەی دامەزراندنی حیزب لە واشنتۆن کراوە. وتارەکە پرۆژە و دیدگای حیزب بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران، چۆنیەتیی تێپەڕاندنی دەسەڵاتی ئێستا و، بنەماکانی چارەسەری پرسی نەتەوەکان دەخاتە ڕوو.**

**بەڕێزان،**

**بەشدارانی بۆنەی یادی هەشتا و یەک ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واشنتۆن،**

**بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەموو ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات دەکەم.**

**هاوکات سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو هەزاران تێکۆشەرەی کە ڕێبواری ئەم ڕێگە دوورودرێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوە**

بوون و لەو پێناوەدا زیندانی کراون، لەسێدارە دراون، لە وڵاتی خۆیان دەربەدەر بوون، تا ئەو حیزبە هەر لەسەر پێ و بەتوانا بمێنێتەوە.

**سوپاس و ڕێز بۆ ئێوەی بەشدارانی ئەو کۆڕیادە لە واشنتۆنی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**

شەرەفمەندم کە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا مەجالم هەیە کە بە کورتی ئامانج و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بخەمە بەر باس، بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێزان و ناسینی زیاتری حیزبەکەمان.

لە بەستێنی هاوکێشە ناوچەییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە چاوەڕوان دەکرێت، جارێکی تر چۆنیەتیی داڕشتنەوەی قەوارەی سیاسیی ئێران و ئایندەی «پرسی نەتەوەیی» گەلانی نیشتەجێی ئەم جوگرافیایە، لە ڕۆژەڤدایە. بۆ خستنەڕووی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک بۆ ڕێژیمی ئێستا لە نێوان ئەو سیناریۆیانەی کە بۆ داهاتووی ئێران خراونەتە ڕوو، فیدراڵیزمی نەتەوەیی - جوگرافی گونجاوترین مۆدێلی سیاسییە. لەم مۆدێلەدا پێگە و سەنگی بزووتنەوەی کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی ئێران ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینن.

هەر بۆیە، هەڵبژاردنی هەر ستراتیژییەک بۆ گۆڕانی سیاسی لە ئێران، دەبێت هەم لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هەرێمە نەتەوەییەکان بێت و هەم بەگوێرەی ڕێککەوتن و دێموکراسییەکی تەوافوقی. بەم پێیە، ئامانجی کۆتایی هەر پرۆسەیەکی سیاسی لە دواڕۆژدا، دەبێت چارەسەرکردنی پرسی گرنگی نەتەوەیی بێت؛ بە جۆرێک کە سەروەریی سیاسی و دەسەڵاتی یەکلایەنە لە ناوەندەوە هەڵبوەشێتەوە و بەشداری و سەروەریی هاوبەشی هەموو نەتەوەکان مسۆگەر بکرێت.

بەفەرمیناسینی ئێران وەک جوگرافیایەکی فرەنەتەوە، بابەتێک نییە کە بە داهاتوو بسپێردرێت، یان بە پاساوی جۆراوجۆر هەڵپەسێردرێت، بەڵکوو پێش هەر ئەگەر و ڕێککەوتن و گوزارێک، دەبێت وەکوو باشترین مۆدێلی سیاسیی پێکەوەژیان، بکرێتە بنەما و بۆ دیزاینکردنەوەی سیستەمی سیاسیی داهاتوو کەڵکی لێ وەربگیرێت.

لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، بزووتنەوەی نەتەوەیی - دێموکراتیکی کوردستانی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاشخانێکی دووردرێژی لە خەبات و تێکۆشان هەیە. خەبات بۆ بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و پاراستنی ناسنامە و خاک و دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان، پرەنسیپە نەگۆڕەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون.

## ٢٥ی گەلاوێژ

بزووتنەوەی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا، بەهۆی بەئەمنییەتیکردنی ناسنامەی کوردی و ئەزموونی کەڵکووەرگرتن لە شێوەکانی بەرگری و خەباتی ڕەوا، خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمە و هێزێکی بەرینی مەیدانییە و شوێندانەری خۆی لە هاوکێشەکاندا سەلماندووە. ئەم بزووتنەوەیە، سەرەڕای هەلومەرجی ئاستەنگ و هەوراز و نشێوەکانی بەردەمی، هەرگیز فاکتەرێکی کاتی، یان پەراوێز نەبووە، بەڵکوو بەردەوام لە خەباتێکی نەپساوەدا بووە.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی ئێران، هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسیی ڕوون و مۆدێرن بۆ داهاتووی ئێران و کوردستانە، کە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس و دێموکراسیی بەشدارانە داڕێژراوە. هەر تێڕوانینێکی ناوەندگەرا، کە هەوڵی پەراوێزخستنی بدات، نەک هەر ناتوانێت چارەسەری قەیرانەکان بکات، بەڵکوو مەرجەکانی داهاتوویەکی سەقامگیر لە خشتە دەبات.

کوردستان، بەبوونی هێزێکی فرەچەشن و بەرفراوانی مەیدانی و بە هۆشیاریی نەتەوەییەوە، خاوەنی عاملییەت و هێز و سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی و بەشێکە لە چارەسەری بنەڕەتیی شەڕ و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هیچ پرۆسەیەکی گۆڕانکاری لە ئێراندا ناتوانێت سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بێنێت، ئەگەر مافی نەتەوەی کورد بۆ سەروەری و ئیرادەی سیاسیی کوردستان لەبەرچاو نەگرێت.

فرەچەشنیی نەتەوەیی و فرەپێکهاتەیی لە ئێراندا، بەپێچەوانەی سیاسەت و بۆچوونی ناوەندگەرایی و شۆڤێنیستی، نەک هەڕەشە نەبووە، بەڵکوو دەرفەت و بنەمای سەرەکییە بۆ بونیاتنانی داهاتوویەکی سەقامگیر و دێموکراتیک. قبووڵکردنی ئەم فرەچەشنییە و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان بە شێوازێکی یەکسان، هەموو پرۆسەیەکی سیاسی لە ئێراندا دەبەستێتەوە بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دڵخوازانە.

### فیدراڵیزم: وەک چوارچێوەیەکی دێموکراتیک

فیدراڵیزمی ڕاستەقینە هیچ کاتێک مانای هەڵوەشاندنەوە، یان دابەشبوونی وڵات ناگەیەنێت، بەڵکوو میکانیزمێکی پێشکەوتووی سیاسی و بەڕێوەبەرییە بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتە جیاوازەکان لەناو چوارچێوەیەکی دێموکراتیک و هاوبەشدا.

ئەم سیستەمە، دەسەڵات لە ناوەندێکەوە دەگوازێتەوە بۆ بەڕێوەبردنێکی هاوبەش کە تێیدا یەکسانیی نەتەوەکان، پاراستنی ناسنامە جیاوازەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی ئەرک و مافەکان، دەبنە بناغەی سەقامگیری و پێکەوەژیانی

ئارەزوومەندانە.

هاوبەشی و ڕەزامەندیی هەموو نەتەوەکان، وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی، ڕەوایی دەبەخشێتە سیستەمی بەڕێوەبەری و متمانەی نێوان لایەنەکان پتەوتر دەکات. لە بەرانبەردا خۆسەپاندن و پاوانخوازی، دەوڵەت دەکاتە سیستەمێکی پڕ لە درز و ناسەقامگیری، کە بەردەوام لە لێواری دارمان و بەریەککەوتنی ناوخۆییدایە.

قەیرانە قووڵەکانی ئێران هەرگیز لەڕێگەی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلکردنی بڕیاری سیاسییەوە چارەسەر ناکرێن. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە کە بەو هۆیەوە داهاتووی ئێران لەڕێگەی گفتوگۆی ڕیشەیی، دانوستان و ڕێککەوتنی فرەنەتەوەیی دیاری بکرێت.

جەختکردنەوە لەسەر ئاسایشی ناسنامەی نەتەوەیی، مەرجی سەرەکییە بۆ بوون و مانەوەی نەتەوە بندەستەکان؛ چونکە پێداگری لەسەر پرسی ناسنامەی نەتەوەکان، لەمپەرێکی سەرەکییە لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە و پەراوێزخستنیان. لە هەمان کاتدا ئاسایشی ناسنامە بۆ ئەم نەتەوانە، بە مانای پاراستنی بوونی فیزیکی، کولتووری، زمانی و سیاسییە، لە بەرانبەر هەر جۆرە هەڕەشەیەکدا.

ئەم حەقیقەتە مێژوویی و سیاسییە، بەڕوونی دەریدەخات کە هیچ سیستەمێک ناتوانێت ناوی دێموکراسی لە خۆی بنێت کاتێک مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانی جوگرافیایەکی فرەنەتەوە زەوت بکات. لە لایەکی تریشەوە بەبێ بوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە، ستەمی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی دیکەی ستەم، بەردەوام دەبن؛ هەر بۆیە دێموکراسی و مافی نەتەوەیی دوو پرەنسیپی لێکبەستراون.

## پێداویستییەکانی گوزارێکی سەرکەوتوو

**گوزارێکی سیاسیی سەرکەوتوو بە ئامانجی تێپەڕاندنی دۆخی ستەمکاری و کۆتاییهێنان بە ئەزموونی شکستخواردووی ناوەندگەرایی، دەبێت بەگوێرەی بەشداریی کارای نەتەوەکان و ڕەزامەندیی پێکهاتە جیاوازەکان بونیاد بنرێت:**

**یەکەم؛** دانپێدانان بە هەرێمە نەتەوەییەکان وەک لایەنی سەرەکیی بەشداریی سیاسی لە داڕشتنەوەی نەخشەڕێگەی گوزار.

**دووەم؛** چەسپاندنی یاسایەکی گشتگیر کە تێیدا هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان دڵنیا بن کە مافە سیاسییەکانیان تێیدا

پارێزراوە.

**سێیەم؛** خستنەگەڕی میکانیزمی فیدرالیزمی ڕاستەقینە، بۆ کۆتاییهێنان بە مۆنۆپۆلی ناوەند و سیاسەتی داگیرکاری، بە مەبەستی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەلات و سەرچاوەکان.

**چوارەم؛** دابینکردنی بەستەرێک بۆ دیالۆگێکی هاوسەنگ لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کە دەبێت هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە فیدرالیزمی ڕاستەقینە و هاوبەشیی ئارەزوومەندانە تاکە ڕێگەیە بۆ بونیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک؛ چونکە مێژوو و هاوکێشە سیاسییەکان سەلماندوویانە کە بێ دابینکردنی مافی نەتەوەیی، دێموکراسی هەرگیز سەرناگرێت و بەبێ دێموکراسییەکی قووڵ، نەتەوەکان لە ژێردەستەیی ڕزگاریان نابێت. هەر بۆیە ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای سەروەریی سیاسیی هاوبەش و یەکسانیی هەموو نەتەوەکان بونیاد بنرێت. بە پێچەوانەوە، دووپاتکردنەوەی ڕابردوو، هیچ سەقامگیرییەک بۆ داهاتوو بەرهەم ناهێنێت. جەختیش دەکەینەوە بەبێ پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی چەمکی «نەتەوە» لە ئێران، پەیوەندیی داگیرکاری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. ئەم پێداویستییانە مەرجی بنەڕەتین بۆ ئەوەی پرۆسەی گوزار ببێتە دەستپێکێک بۆ دێموکراسییەکی درێژخایەن و ئەنجامدار.

**لە کۆتاییدا، وەکوو حیزبی دێموکرات، بە خوێندنەوەی دەرفەت و هەڕەشەکانی سەر ڕێی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بەرپرسیاریەتیی مێژوویی خۆمان لەبەرچاوە و پێداگرین لەسەر پێکگەیشتنی نەتەوەیی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و ڕەوتە دێموکرات و ئازادیخوازەکان، بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بونیاتنانی ئێرانێکی جیاواز لە ڕابردوو.**

٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٦

## بۆچی ملیۆنان کەس گوێ لە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگرن؟






**ئیبراهیم لاجانی**

ئەوە پرسیارێکە کە لە یەکەم نیگادا سادە دەردەکەوێت، بەڵام وەڵامێکی ئاسانی نییە. حیزبێک کە زیاتر لە هەشت دەیەیە نە دەوڵەتێکی لە پشتە، نە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، نە داهاتی نەوت، نە ڕاگەیاندنێکی فەرمیی دەوڵەتی، نە سوپایەک لە پڕوپاگەندەچی و نە مەیدانی تێکۆشانی ئازادانەی لەبەردەمدایە - چۆن دەنگی هێشتاش بە زوڵاڵی دەگاتە نێو ماڵ و دڵی خەڵک؟

## ٢٥ی گەلاوێژ

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت لە سێ کۆڵەکەی سەرەکیدا بگەڕێین: لەو مێژووەی ئەم حیزبە لەسەر شانی هەڵیدەگرێت، لەو نەوانەی دەستاوودەست پەیامەکەیان بە یەکتری سپاردووە، و لە ناوەڕۆکی جەوهەریی ئەو پەیامەی کە هەرگیز توشی داخوران و گۆڕان نەبووە.

### ڕەگێک کە قەت وشک نەبوو

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا لە مەهاباد دامەزرا، و کەمتر لە شەش مانگ دواتر، لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، لە گۆڕەپانی چوارچرا، لەژێر ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا، ئاڵای پیرۆزی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بەرز کرایەوە.

ئەو کۆمارە زیاتر لە یازدە مانگ نەژیا، بەڵام هەر لەو یازدە مانگەدا کارێکی کرد کە هیچ دەسەڵاتێک پێش ئەو نەیکردبوو: زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی، قوتابخانە بە زمانی دایک کرایەوە، چاپخانە خرایە کار، ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤاری منداڵان بڵاو کرانەوە، و بۆ یەکەمجار ژنانی کورد لە دامەزراوەیەکی سیاسیدا ڕێک خران؛ نەتەوەی کورد لە بەشێک لە نیشتمانەکەیدا بۆ یەکەم جار مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی گرتە دەست. کۆماری کوردستان پێش ئەوەی ڕووداوێکی سەربازی بێت، پرۆژەیەکی مەدەنی و ژیاری بوو؛ شکاندنی پرۆژەی مەدەنیش زۆر لە لەناوبردنی سەربازی ئەستەمترە.

پێشەوا قازی محەممەد لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦دا هەر لەو گۆڕەپانەدا لە سێدارە درا کە کۆمارەکەی تێیدا ڕاگەیاندبوو. ئەم هاوکاتییە ڕێکەوت نییە؛ پەیامێکی سیاسیی دەسەڵات بوو. دەسەڵات ویستی نیشان بدات کە هەر داوایەک بۆ ماف و ئازادی، لە هەمان شوێنی لەدایکبوونیدا دەنێژرێت. بەڵام ئەنجامەکە تەواو پێچەوانە بووەوە؛ لەسێدارەدانی پێشەوا، کۆمارەکەی لە ئەزموونێکی کورتی سیاسییەوە کردە ویژدان و یادەوەرییەکی نەتەوەیی هەمیشەیی. ئەمڕۆ، هەشتا و چەند ساڵ دواتر، پرسی چوارچرا هێشتا بێوەڵام ماوەتەوە؛ و تا ئەم پرسە بێوەڵام بمێنێتەوە، ئەم دەنگە هەر بە بڵندی دەمێنێتەوە و گوێگری خۆی دەبێت.

### نەوەیەک کە بێدەنگیی شکاند

دوای ڕووخانی کۆمار، دوو دەیە بێدەنگییەکی قورس سێبەری خستە سەر کوردستان. سەرکردایەتیی حیزب پەرت و بڵاو بوو؛

بەشێک لە زیندان بوون و بەشێکیش بە ناچاری ڕوویان لە تاراوگە و دەربەدەری کرد.

لە هەلومەرجێکی وادا بوو کە نەوەیەکی لاو - ئیسماعیل شەریفزادە، سولەیمان موعینی، مەلا ئاوارە و هاوڕێیانیان - بڕیاریان دا کۆتایی بە چاوەڕوانی بهێنن. بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ نەک بە فەرمانی سەرەوە، بەڵکوو لە ناڕەزایەتی و بوێریی نەوەیەکەوە سەری هەڵدا کە چیتر ئامادە نەبوو لە نێوان دوو هەڵبژاردەی تەسلیمبوون و لەبیرچوونەوەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

ئەو بزووتنەوەیە لە ڕووی سەربازییەوە شکستی هێنا؛ لە تەنگژەی هاوکێشە ناوچەییەکان و لە نەبوونی پشتیواندا سەرکوت کرا و ڕێبەران و سەرکردەکانی شەهید کران؛ کارێکیان بە تەرمی سولەیمان موعینی و ساڵح لاجانی کرد کە تەنیا لە دەسەڵاتێک دەوەشێتەوە کە لە تەرمی بێگیانیش دەترسێت.

بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووی سیاسییەوە شتێکی خوڵقاند کە نرخەکەی لە سەرکەوتن مەزنتر بوو: سەلماندی کە دوای پێشەوا، حیزب هێشتا زیندووە و کوردستان هێشتا خاوەن ئیرادەیە. ئەو بازنەیەی نەوەی ١٣٢٤ بە نەوەی ئەمڕۆوە دەبەستێتەوە، بە نێو جووڵانەوەی پێشمەرگانەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویدا تێدەپەڕێت.

### حیزبێک کە میراتگری هەیە

زۆرێک لە بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مردنی دامەزرێنەر یا سەرکردەکانیان کۆتاییان هاتووە. جیاوازیی حیزبی دێموکرات لێرەدایە: لە هەر قۆناغێکدا، نەوەی دواتر ئامادە بوو. لە حیزبی دێموکراتدا نەوەکان جێگەی یەکتر دەگرنەوە.

دوای نەوەی کۆمار، نەوەی ٤٦ و ٤٧ هات. دوای ئەوە، لە دەیەی پەنجادا، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێکانی حیزبیان نۆژەن کردەوە و پێناسەیەکی نوێیان بە حیزب دا کە تا ئەو ڕۆژە بێوێنە بوو: تیۆرییەکی سیاسیی مۆدێرن، گوتار و ڕەوانبێژییەکی هاوچەرخ بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئێران و لەگەڵ جیهان، و ئەو دەستەواژە کورتەی دواتر بوو بە ناسنامەی حیزب - «**دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان.** »

قاسملوو لە ڤییەنا تیرۆر کرا؛ لەسەر مێزی دانوستان، لە کاتی گەڕان بەدوای چارەسەرێکی سیاسیدا. د. سادق شەرەفکەندی

هەمان ڕێگای درێژە پێ دا و لە بەرلین تووشی هەمان چارەنووس بوو. دواتر دادگای میکۆنۆس ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمەوە دەیانزانی، بە زمانی یاسایی و جیهانی دووبارە سەلماندی کە ئەمە تیرۆری دەوڵەتیی ڕێبەرانی کورد بوو. دوای ئەوەش حیزب لە پێ نەکەوت؛ کۆنگرەی بەست، ڕەخنەی لە خۆی گرت، بەسەر لێکترازانی نێوخۆیدا زاڵ بوو و گەیشتەوە یەکگرتنەوە. ئەم بەردەوامییە خۆبەخۆ ڕووی نەداوە؛ بەرهەمی دامەزراوەییبوونە. حیزبێک کە سەرکردەکەی شەهید دەکرێت و پاشماوەیەک دواتر کۆنگرە پێکدەهێنێت، پەیامێکی ڕوون دەداتە خەڵک:

**لێرەدا تاک جێگای ڕێکخراو ناگرێتەوە. خەڵک متمانە بە دەنگێکی وا دەکەن، چونکە دەزانن بە شەهیدبوونی ڕێبەرێک یان چەند ڕێبەرێک، ئاگری ئەم خەباتە هەرگیز خامۆش نابێت.**

## پەیامێک کە تەنیا ڕووی لە کورد نییە

**ئەگەر قسە و پەیامی حیزب تەنیا بۆ کورد و کوردستان بووایە، گوێگرەکانیشی بەو ڕادەیە بەرفراوان نەدەبوون.**

بەڵام ئەم پەیامە لە سەرەتاوە وتوویەتی کە کێشەی کورد تەنیا لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک، ناناوەندگەرا و سێکۆلاردا چارەسەر دەبێت. ئەو کەسەی لە تەورێز، زاهیدان، ئەهواز یان تەنانەت تاران گوێی لەم قسەیە دەبێت، ئاسۆیەک بۆ داهاتووی ئازادانەی خۆشی تێدا دەدۆزێتەوە؛ پەیامێک کە مافی «ئەوی دی» بە فەرمی دەناسێت. پەیامێکی لەم چەشنە، بازنەی گوێگرەکانی خۆبەخۆ بەرفراوان دەبێت.

## ئازادییەک کە نانیشی پێیە

**تا ئێرە باسی مافێکمان کرد کە داوا دەکرێت، بەڵام پرسیارە قووڵەکە ئەمەیە: ئازادی بۆ چی؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بەم پرسیارە وەڵامێکی ڕوونی هەیە و نایشارێتەوە: ئامانجی دوارۆژی ئێمە سۆسیالیزمی دێموکراتیکە.

**واتای ئەم دەستەواژەیە دەبێت لە هەردوو لاوە پێناسە بکرێت، چونکە لە سەدەی بیستەمدا هەردوو لایەنی بریندار کران:**

## ٢٥ی گەلاوێژ

**ئەو سۆسیالیزمەی ئازادیی کردە قوربانیی دادپەروەری، گەیشتە دیکتاتۆرییەکی نوێی بیرۆکراتی و لەبەرچاوی جیهاندا هەرەسی هێنا.**

ئەو بازارە ئازادەی دادپەروەریی کردە قوربانیی ئازادی، کۆمەڵگەیەکی دروست کرد کە تێیدا مرۆڤ ئازادە هەرچی بیەوێت بیڵێت، بەڵام کەرەستە و توانای ئەوەی نییە ژیانێکی شایستە بۆ خۆی بونیاد بنێت.

ئەزموونی هەردووکیانمان بینیوە. سۆسیالیزمی دێموکراتیک واتە ڕەتکردنەوەی ئەم مامەڵە چەوتە؛ واتە نابێت هیچ کام لەم دووانە (ئازادی و دادپەروەری) لە پێناوی ئەوی دیکەیاندا بکرێنە قوربانی.

د. قاسملوو، کە پێش ئەوەی سەرکردەیەکی سیاسی بێت ئابووریناسێکی پایەبەرز بوو، ئەمەی بە وردبینیی توێژەرێک دەبینی: دواکەوتوویی و پەراوێزخرانی کوردستان ڕێکەوتێکی جوگرافی نەبوو، بەڵکوو سیاسەتێکی بەئەنقەستی دەسەڵات بوو. خاکێک بە زەویی بەپیت و سامانی زۆرەوە، بە هەژاری هێڵرابووەوە. ستەمی نەتەوەیی و ستەمی چینایەتی لە کوردستاندا دوو کێشەی جیاواز نەبوون؛ بەڵکوو یەک کێشە بوون کە لە دوو لاوە مرۆڤی کوردیان دەچەوساندەوە: زەحمەتکێشی کورد هەم لەبەر ئەوەی کرێکار بوو دەچەوسایەوە، و هەم لەبەر ئەوەی کورد بوو بێبەش دەکرا.

**کەواتە ئەوەی ئێمە بۆ سبەینێی کوردستان دەمانەوێت ئەمەیە: کۆمەڵگەیەک کە مرۆڤ تێیدا لە چوار کۆتوبەند ڕزگار بێت:** لە سەرکوت و سەرەڕۆیی، لە ستەمی نەتەوەیی، لە جیاکاری و هەڵاواردن بە هەر بیانوویەک بێت، و لە هەژاری و دەستکورتی. سێ ڕزگاریی یەکەم بەرهەمی سیستەمی سیاسین؛ ڕزگاریی چوارەم دەبێت ئاکامی دادپەروەریی ئابووری بێت. دەبێت بگوترێت کە ڕزگاریی چوارەمە ئەو سێیانەی دیکە دەکاتە واقیعێکی بەرجەستە؛ چونکە ئەو کەسەی نانی سبەینێی مسۆگەر نییە، دەنگی ئەمڕۆشی ناتوانێت بە تەواوی ئازاد بێت. ئازادیی بێنان تەنیا ئازادییەکی ڕواڵەتییە، و نانی بێئازادیش بەشەخۆراکی بەندکراوێکە لە زینداندا.

بەڵام ئامانجی کۆتایی تەنانەت ئەمەش نییە؛ ڕزگاربوون لە هەژاری ئامانجی کۆتایی نییە، بەڵکوو مەرجی سەرەتاییە. ئامانج ئەوەیە کە مرۆڤ دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێت بە هەموو تواناکانییەوە و بە هەموو ئەو توانست و بەهرەیەی تێیدایە گەشە بکات. کۆمەڵگەیەکمان دەوێت کە تێیدا کچێک لە گوندێکی دووردەستدا بتوانێت بە زمانی دایکی بخوێنێت و ببێتە پزیشک؛ کە تێیدا کرێکار و زەحمەتکێشێک دوای کار، کات و توانای ئەوەی هەبێت کتێب بخوێنێتەوە، بچێتە شانۆ، سینەما، کۆنسێرت و کۆڕی فەرهەنگی؛ کە تێیدا پێشکەوتنی بەهرەکان بە بەخت و ناوی بنەماڵەوە گرێ نەدرێت.

## ٢٥ی گەلاوێژ

گەشەسەندنی ئازادانەی کەسایەتیی مرۆڤ - ئەمە لوتکەی ئامانجەکەیە. ئێمە نامانەوێت دوورگەیەکی دادپەروەری لەنێو دەریایەکی هەژاریدا دروست بکەین؛ شتی وا مەحاڵە. دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش وەک ئازادی، یان بۆ هەمووانە یان بۆ هیچ کەس نییە.

## چوار کۆڵەکەی نەگۆڕ

**ئەو ئامانجەی باسمان کرد، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی پتەو نەوەستێت، دەبێتە دروشمێکی بێکردار. ئەو بنەمایە خاوەنی چوار کۆڵەکەیە و ئێمە دەستبەرداری هیچ کامیان نابین:**

### ١- خەبات دژی ستەم لەسەر ژنان:

ئەمە دەبێت بێپەردە و ڕاشکاوانە بوترێت: کۆمەڵگەیەک کە نیوەی دانیشتووانەکەی لەژێر ستەمدا بن هەرگیز ئازاد نییە، تەنانەت ئەگەر ئاڵای سەربەخۆیی خۆشی بەرز کردبێتەوە. ژنی کورد باری سێ ستەمی لەسەر شان بووە: ستەمی سیاسی کە دەسەڵات بە هاووڵاتیی پلە دووی دادەنێت، ستەمی نەتەوەیی کە زمان و شوناسەکەی قەدەغە کردووە، و ستەمی نەریتیی کۆمەڵایەتی کە لە ماڵی خۆیدا لە بڕیاردان بێبەشی دەکات. خەبات دژی دوو ستەمی یەکەم، ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی سێیەم بێبەری ناکات. حیزبی ئێمە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە - کە یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کوردی تێدا پێکهات - لەم ڕاستییە گەیشتبوو. ئەو ڕۆژەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە سنە و سەقزەوە بەرز بووەوە و لە سەرتاسەری ئێران و جیهاندا دەنگی دایەوە، جیهان بینی کە ڕزگاریی ژن نەک لقێکی لاوەکیی خەبات، بەڵکوو خودی خەبات و جەوهەری ئازادییە. کۆمەڵگەیەک کە ژن تێیدا ئازاد نەبێت، پیاویش تێیدا ئازاد نابێت.

### ٢- خەبات بۆ دێموکراسی:

دێموکراسی بۆ ئێمە تاکتیکێک نییە کە لە ڕێگادا بەکاربهێنرێت و لە کاتی گەیشتنە دەسەڵاتدا فڕێ بدرێت. ئێمە دێموکراسیمان بۆ سبەینێی ئێران دەوێت و لە نێوخۆی خۆشماندا پابەندین پێی: لە ڕێگەی کۆنگرە، هەڵبژاردن، ڕەخنە و بەرپرسیارێتی. حیزبێک کە لە نێوخۆی خۆیدا دێموکرات نەبێت، بەڵێنەکەی بۆ داهاتوو جێگەی متمانە نییە. دێموکراسی بەبێ دابەشکردنی دەسەڵات ناتەواوە؛ کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە پایتەختدا، هەر هەڵبژاردنێک دەکاتە ڕواڵەت.

**لێرەوەیە کە ئێمە باسی فیدراڵیزم دەکەین – نەک بۆ جیابوونەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی هەر هەرێمێک و سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بتوانن چارەنووسی بەڕێوەبردنی خۆیان بەدەستەوە بگرن و ئارەزوومەندانە و یەکسان پێکەوە بژین.**

### ٣- خەبات بۆ سێکۆلاریزم:

جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، نە دوژمنایەتییە لەگەڵ ئایین و نە کەمڕێزییە بەرامبەر باوەڕی پیرۆزی خەڵک؛ بە پێچەوانەوە: سێکۆلاریزم ڕزگارکردنی ئایینە لە دەستی دەسەڵاتی سیاسی. لەو شوێنەی دەسەڵات خۆی بە نوێنەری خودا بزانێت، هەم دژبەرەکەی بە بێباوەڕ ناوزەد دەکات و هەم پیرۆزییەکان دەکاتە ئامرازی سەرکوتی سیاسی. کوردستان، بە موسڵمانی سوننە و شیعە، بە یارسان، مەسیحی، جوولەکە و بێباوەڕانەوە، بەبێ دەوڵەتێکی بێلایەن و ناسیاسی بەڕێوە ناچێت. دەوڵەت دەبێت پارێزەری مافی هەموو باوەڕ و کولتوورەکان بێت، نەک خاوەنی یەکێکیان و دوژمنی ئەوانی دیکە.

### ٤- پێکەوەژیانی ئاشتییانە:

ئەمە ئەو کۆڵەکەیە کە ئێمە زیاتر لە هەمووان باج و قوربانیمان لە پێناویدا داوە. ئێمە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەکدا دوژمنایەتیمان نییە؛ نە لەگەڵ فارس، نە ئازەربایجانی، نە عەرەب و بەلووچ. دوژمنی ئێمە سیستەمی ستەمکارییە، نەک نەتەوە یان ئایینێکی دیاریکراو. پێشخستنی دیالۆگ بەسەر توندوتیژیدا و خۆپاراستن لەوەی کێشەی نەتەوەیی بکرێتە پرۆژەی تۆڵەسەندنەوە، پرەنسیپی نەگۆڕی ئێمەیە، هەرچەندە ئەم سیاسەتەمان جارجارە بە سادەیی لێکدرابێتەوە؛ د. قاسملوو لەسەر هەمان مێزی دانوستان تیرۆر کرا، بەڵام ئێمە هەرگیز مێزی دیالۆگمان بەجێنەهێشت. هەمان بنەما لە نێوخۆی کوردستانیشدا پەیڕەو دەکەین: جیاوازیی نێوان هێزە کوردییەکان دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، نەک بە لولەی تفەنگ. مێژوو وانەی سەختی لەم بارەیەوە پێ داوین؛ ئەو کەسەی داهاتووی ئێران بە دیالۆگ دەوێت، ناتوانێت ئەمڕۆی کوردستان بە زۆرداری بۆ خۆی قۆرخ بکات.

**ئەم چوار کۆڵەکەیە لە یەکتر دانابڕێن: دێموکراسی بەبێ سێکۆلاریزم بەرگە ناگرێت، سێکۆلاریزم بێ مافی ژنان نیوەچڵە، و هیچ کامیان بەبێ پێکەوەژیانی ئاشتییانە ناگەنە ئامانج.**

### ڕەگ لە نێو کۆمەڵگەدا، نەک لە دەفتەری حیزبدا

**ئەمانە هەمووی دەکرا تەنیا لەسەر کاغەز بمێننەوە، ئەگەر ئەم حیزبە لە خەڵک دابڕابایە؛ بەڵام حیزبی دێموکرات قەت لە خەڵک دانەبڕاوە.**

## ٢٥ی گەلاوێژ

**ڕۆژنامەی «کوردستان» و دەنگی ڕادیۆی حیزب، بۆ چەندین دەیە زمان و ئەدەبی کوردییان بە زیندوویی ڕاگرت لە سەردەمێکدا کە فێرکردنی ئەو زمانە بە تاوان دەژمێردرا.**

ئەو مامۆستایەی لە ژێرزەمینـدا پـۆلی زمـانی کـوردی کـردووەتەوە، ئەو شـاعیرەی لە ئەنجـومەنە ئەدەبییەکانـدا شـیعر دەخـوێنێتەوە، ئەو بـازاڕی و کرێکـارەی بەشداری لە مـانگرتنی گشتیدا دەکـات، و ئەو دایکەی نـاوی کوردی لە کۆرپەکەی دەنێت - هەموویان بەشدارن لە پاراستنی ئەم ناسنامە و یادەوەرییەدا.

**خاڵی جەوهەری ئەمەیە کە ئەم حیزبە زیاتر لەوەی بیەوێت فەرمان بەسەر خەڵکدا بکات، هەمیشە هەوڵی داوە گوێ لە دەنگی ڕاستەقینەی شەقام بگرێت.**

**لە ڕاپەڕین و بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئەم دواییانەشدا هەوڵی نەدا دروشم و دەستکەوتی خەڵک بە ناوی خۆیەوە قۆرخ بکات، بەڵکوو خۆی لە ئیرادەی خەڵکدا دۆزییەوە. بزووتنەوەیەک کە داوای سەپاندنی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا نەکات، هەمیشە متمانە و گوێگری زیاتر بۆ پەیامەکەی بەدەست دەهێنێت.**

## و لە کۆتاییدا...

**دەبێت ڕاستگۆ بین: ئەم گوێگرتنە خەڵاتێکی بەخشراو نییە، بەڵکوو قەرز و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی مێژووییە.**

ملیۆنـان کەس گـوێ لەم پەیـامە دەگـرن نەک لەبەر ئەوەی تەنیـا بەدوای نـاوێکی حیزبیـدا دەگەڕێـن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بەدوای دەروازەیەکدا بۆ ئـازادی و ڕزگـاری دەگەڕێن. ئەو ڕۆژەی پەیـامەکە لە ئـاستی داخوازی و چـاوەڕوانیی خەڵکدا کـورت بهێنێت، گوێکانیش دادەخرێن. متمانەی هەشتا ساڵەی خەبات، سەرمایەیەکی مەعنەوییە کە هەر نەوەیەک دەبێت سەرلەنوێ بە کـار و داهێنـان بەدەسـتی بهێنێـتەوە. هەر نەوەیەک لە کچـان و کـوڕانی ئەم بـزووتنەوەیە، دەبێـت وەڵامـدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیان بن.

**لە چوارچراوە تا ئەمڕۆ، ئەم حیزبە یەک شتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستووەتەوە: نەک کینە و تۆڵە، بەڵکوو پرسیاری شوناس و ماف. ئەم پرسیارەش تا لەسەر زەوی وەڵامی شایستەی خۆی وەرنەگرێت، هەر بە نەمری وەک پرسێکی ڕەوای نەتەوەیی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.**

**٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٦**

# د. قادر وریا: دێموکراسیی زۆرایەتی ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا وەڵامدەر بێت




**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د. قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، لەبارەی مێژووی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە ئەنجام داوە. لەو وتووێژەدا، تیشک خراوەتە سەر فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکرات، ئەزموون و دەستکەوتەکانی، کاریگەریی حیزب لەسەر گەشەپێدانی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد، و ئاسۆی تێڕوانینی حیزبی دێموکرات بۆ پێگەی کورد لە ئێرانی داهاتوودا.

**شەهرام سوبحانی: فەلسەفەی وجودیی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژدا چی بوو، و چۆن خەباتی کوردی لە قۆناغی نەریتییەوە بۆ خەباتی هاوچەرخی ڕێکخراو گواستەوە؟**

**د. قادر وریا:** دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤(١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥)، ڕووداوێکی لەپڕ و لە

نەکاو نەبوو،

بەڵکوو لە درێژەی سێ ساڵ تێکۆشانی نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵەی ژێکاف لە لایەک و لە لایەکی دیکە لەژێر کاریگەریی پێکهاتنی زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕی ناوچەیی و جیهانیدا بوو. واتە پێش ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێت، ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەری کورد لەم بەشەی کوردستان پێویستیی خەبات دژی بندەستی و بێ مافیی کوردیان هەست پێ کردبوو و ڕێکخستنی نهێنیی تایبەت بە خۆیان پێک هێنابوو. لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندی و بوونی هێزی وڵاتانی هاوپەیمان لەنێو ئێرانیشدا، ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەشانەوەی جووڵانەوەی دێموکراتیک لە ئێراندا. لە کوردستانیش سێ ساڵ خەباتی کۆمەڵەی ژێکاف، وشیاری نەتەوەیی بەرەوژوور بردبوو، بۆیە کاتێک ئاڵمانی نازی تێک شکا و شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی هات، هیوا بە گۆڕانی سیاسی و وەدیهاتنی ویست و ئاواتە لەمێژینە و سەرکوتکراوەکان، لە ناوچە و کوردستان وەها گەشەی کردبوو کە دەبوایە حیزبێکی نوێ بە بەرنامە و قەوارەیەکی سەردەمیانە دابمەزرێ، حیزبێک کە بتوانێ نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد لەم بەشە بکات و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەم جۆرە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەڵامدانەوە بە پێویستییەکی مێژوویی بوو. ئەم پێویستییە مێژووییە، بریتی بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مودێرن بە دنیابینییەکی نوێوە، بە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانە، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جێگیرکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستاندا.

**دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوکات بە خاوەنکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە لایەن ڕێکخراوی سیاسی و دەرهێنانی ڕێبەریی جووڵانەوە لە دەست سەرۆک عەشیرەت و شێخ و تاکەکەس بوو، بە جۆرێک کە بە نەمانی کەسی یەکەم، جووڵانەوە کۆتایی پێ نەیەت و درێژەی هەبێت.**

**شەهرام سوبحانی: حیزب بە چ ئامرازێک توانی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببووژێنێتەوە و داواکاریی نەتەوەیی بکاتە بیروباوەڕێکی گشتگیر؟**

**د. قادر وریا:** وەک باسم کرد سێ ساڵ کوردایەتی و تێکۆشانی سیاسیی تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و پێوەندیگرتنیان بە مامۆستایانی ئایینی، شاعیران و پیاوە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و خاوەن نفووزەکان، بە تایبەتی تێکۆشانی فەرهەنگیی ئەو کۆمەڵەیە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" و نووسین و بەڕێوەبردنی شانۆی "دایکی نیشتمان"، هەتا ڕادەیەکی بەرچاو وشیاریی نەتەوەیی پێکهێنابوو. لەگەڵ پێکهاتنی حیزبی دێموکرات و دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵ بۆ گشتگیرکردنی وشیاریی نەتەوەیی وپشتیوانی لە ویستی نەتەوەیی درا.

## ٢٥ی گەلاوێژ

جێخستنی هێما نەتەوەییەکانی وەک ئاڵا و سروودی کوردستان، پێکهێنانی سپای میللی و هێزی پێشمەرگە، داهێنانی نەریتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان و وتاردان بۆ خەڵک لەم جۆرە ڕێورەسمانەدا، باوەشکردنەوە بۆ بارزانییەکان، ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ کورد و ڕووناکبیرانی باشووری کوردستان و لە بەرامبەریشدا خزمەتی دڵسۆزانەی ئەوان بە کۆماری کوردستان لە بواری پێشمەرگایەتی و پەروەردەدا، بە ڕەسمی کردنی زمانی کوردی و کردنی بە زمانی یەکەم، گرنگیدان بە شاعیران و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی، پەرەپێدانی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەڕێخستنی پەروەردە بە زمانی کوردی، وتاردان لە نوێژی هەینی بە زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ تەبایی و یەکگرتوویی و پشتیوانی لە پێشەوای سەرکۆمار و دەوڵەتی جمهوریی کوردستان، بووژاندنەوەی شانۆ، هەر کامیان بە نۆرەی خۆی کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی گیانی کوردبوون و وشیاری نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان لەوکاتدا هەبووە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش، بەردەوامی حیزبی دێموکرات لەسەر خەباتەکەی و شێلگیربوونی لەسەر بارهێنانی ئەندامان و لایەنگران و کۆمەڵانی خەڵک بە بیری نەتەوەیی و پاراستنی شوناس و زمانی کوردی، ئەم ئاورگەی بە گەشاوەیی هێشتووەتەوە.

**شەهرام سوبحانی: ئەم ئەزموونە سیاسییە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیلهامبەخشین و ئاڕاستەکردنی خەباتی سیاسی لە پارچەکانی تری کوردستاندا هەبوو؟**

**د. قادر وریا:** کورد یەک نەتەوەیە، بەڵام دابەش کراوە، هەر بۆیە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە کە بەشەکانی کوردستان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت. بەو هۆیەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێش لە بەشەکانی تری کوردستان توانی حیزبی کوردی و حکوومەتی نوێی کوردی دابمەزرێنێت، و لە بڕگەیەکدا بووە ڕووگەی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی تریش، بەشێک لە دەسکەوتەکان و نەریتەکانی گواسترانەوە بۆ پارچەکانی تر. هەر بۆ نموونە، پێشمەرگە، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەزاند و بوون بە هێمایی نەتەوەیی. ئەزموونی پێشوازی و پشتیوانی لە کەسایەتییە سیاسییەکان، ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکە - ئەو جار لە لایەن بەشەکانی ترەوە لە پێوەندی لەگەڵ خەباتکارانی ئاوارە و پەریوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا - خۆی نواندووە. هەرچەند نموونەی تاڵ و چاوەڕواننەکراو و جێگای داخیش لەم بارەیەوە لە هێندێک بڕگەدا هەبووە، بەڵام ئەم نەریتە جوانەی سەردەمی کۆمار، لە کولتووری خەباتی نەتەوەیی کورددا بە خۆشییەوە هەر ماوەتەوە.

یەکێک لە گرنگترینی ئەو کاریگەرییانە، دروستبوونی حیزبێکی کوردی هاوناوی حیزبی دێموکرات بە ئامانج و ناوەرۆکێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان، ساڵێک دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. واتە ئەم قەناعەتە کە بزووتنەوەی کوردی دەبێت بە هۆی حیزبێکی نەتەوەیی و کوردی بەڕێوە بچێت، بە دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان ، بۆ باشووری کوردستانیش پەلی هاویشت. هەروەها بیری قۆستنەوەی دەرفەتە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی دەسەلاتی کوردی و بەڕێوەبردنی ناوچەی ژێر دەسەلاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گەڕانەوە بۆ سەر ئەزموونەکان و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، لە برگەکانی دواتر چ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و چە لە بەشەکانی تردا دووپات بۆوە. بە تایبەتی بە فەرمیکردنی زمان و پەروەردە بە کوردی، ئازادیی چاپەمەنی، ڕێزگرتن و دابینکردنی مافە کولتوورییەکانی کەمایەتییە دینی و زمانی و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی لاوان و ژنان، گرنگیدان بە هونەر و ئەدەبیاتی کوردی... و هتد.

**لە گەرمەی ململانێی هێزە چەپەکان و لایەنگرانی سۆڤیەت، حیزبی دێموکرات چۆن توانی مۆدێلێکی نەتەوەیی پێشکەش بکات کە جیاواز بێت لە حیزبی تودە و ئازەربایجان؟**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا لەدایک بوو. لەو کاتدا، ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران کەوتبوونە ژێر سێبەری ململانێی زلهێزەکان (بریتانیا، سۆڤیەت و ئەمریکا) و شەپۆلی حیزبی توودە و بزووتنەوەی "فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان".**

**شەهرام سوبحانی: حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی نەبێتە پاشکۆی ئەوان، توانی لە چەند خاڵی سەرەکیدا "مۆدێلێکی تایبەت بە خۆی" دابمەزرێنێت:**

**د. قادر وریا: یەکەم؛** دەستنیشانکردنی پرسی نەتەوەیی وەک پرسی سەرەکیی خۆی. حیزبی دێموکرات بە دروستی پرسی سەرەکیی کۆمەڵ و نەتەوەکەی خۆی دەستنیشان کرد کە ئەویش پرسی نەتەوەیی بوو. کێشەی ئەو کاتی کۆمەڵی کوردستان، ململانێی نێوان چینەکانی کرێکار و سەرمایەدار نەبوو، تەنانەت کێشەی نێوان دەرەبەگ و جووتیاریش نەبوو. ئەوە بەو مانایە نییە کە چەوسانەوەی ڕەعیەت بە دەست دەرەبەگ لە کوردستاندا نەبوو. بەڵێ هەبوو، بەلام کێشە سەرەکییەکە، بێبەشیی کورد لە سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی، ملهوڕی و زۆرداریی دیکتاتۆریی پەهلەوی، تواندنەوەی زمان و ناسنامەکەی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی سەردەستدا بوو. حیزب لەگەڵ ئەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی و حیزبی توودە و فیرقەی دێموکراتی وەک دۆستی خۆی دەدیت، بەلام نەکەوتە داوی ئایدۆلۆژیای چەپی کلاسیک، و پێناسەکردنی کێشەی کوردستان وەک کێشەیەکی چینایەتی.

**دووهەم؛** ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتیی ئازەربایجان و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ئازەربایجانی سۆڤییەت وهەروەها بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، پێیان خۆش نەبوو کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێت و خاوەن حکوومەتی نەتەوەیی خۆی بێت (دەیانەویست بە لانی زۆرەوە یەکەیەکی خودموختار لە چوارچێوەی حکوومەتی میللیی ئازەربایجاندا بێت!) بەلام پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی حیزبی

دێموکرات، کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند. ئەوان بە پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ئەم پەیامەیان بە گوێی دۆست و دوژمن دادا، کە کوردستان و نەتەوەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، بوونێکی سەربەخۆ لە ئازەربایجانیان هەیە، ویستی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە، ڕێبەری و حیزب و حکوومەتی خۆیان هەیە. ئەگەرچی پێوەندیی کۆماری کوردستان بە یەکیەتیی سۆڤیەت، زیاتر لە ڕێگای کاربەدەستانی حیزبی کۆمونیست و کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بوو، بەڵام ئەمە نەیتوانیبوو ببێتە هۆی کەم بایەخدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار بە هاوپێوەندی لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان.

سێهەم، پاراستنی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستان. کوردستان، لە باری شارنشینی، ئابووری و بازرگانی نەگەیشتبووە ئاستی ئازەربایجانی ئەوکات. پێکهاتەی خێڵەکی و سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان زۆر بەهێز بوو. لە باری کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە کوردستان هەلومەرجێکی جیاواز لە ئازەربایجانی هەبوو. ئەمانە وایان کردبوو حیزبی دێموکرات خۆی لە چەپڕەوی و لەبەرامبەر یەکتردا ڕاگرتنی چین و توێژەکان بە دوور بگرێت و ببێتە بەرەیەک بۆ لێک کۆکردنەوە و یەکگرتوویی خەڵکەکەی.

چوارەم؛ جیاوازیی مۆدێلی حکوومەتی. کوردستان تەنانەت لە بنیاتنانی مۆدێلی حکوومەتییشدا لەگەڵ ئازەربایجان جیاواز بوو. ئەو حکوومەتەی لە کوردستان پێکهات، کۆمار (جمهوری) بوو، بەڵام ئەوەی لە تەورێز ڕاگەیەندرا، ناوی حکوومەتی میللی بوو، واتە ڕوون نەبوو چ جۆر سیستەمێکە. ئاشکرایە سیستەمی کۆماری دێموکراتیک ترە و خەڵک ڕۆڵی زیاتریان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکەیدا هەیە.

لە یەک وتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە، بە ژەکی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی فرچکی گرت و نەبووە پاشکۆی هیچ هێزێکی دەرەکی و لاوەکی. ئەمەیە حیکمەتی پابەند مانەوەی بە پرسی نەتەوەیی و دەرنەچوون لە بەرژەوەندی نەتەوەکەی.

**شەهرام سوبحانی: لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گوشارە دەرەکییەکان، پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و بەهێزکردنی نێوماڵی کوردی چۆن دەتوانرێت بە کرداری پەیڕەو بکرێت؟**

د. قادر وریا: جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئێستا و ئەو سەردەمەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەیە. هەر بۆ نموونە ئەوکات حیزبی دێموکرات حیزبی تاقانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام ئێستا چەندین حیزب و ڕێکخراوی

سیاسی لە پیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەن و تێکۆشانیان هەیە. دیارە شتێک کە هەروا لە جێگای خۆیەتی، ئەو ڕاستییەیە کە ئێستاش وەک ئەوکات نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی نەتەوەییی تایبەت بە خۆی بێبەشە. ئیستاش دەوڵەت نەتەوەی ئێران، ئێلیتی ناوەندگەرا و تەنانەت زۆرینەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بە ناو ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە، ئامادە نین کورد و نەتەوە نافارسەکانی تری ئێران وەک نەتەوە و، کێشەکەیان وەک پرسی نەتەوەیی قبووڵ بکەن وهەروا خەیاڵی ڕاگرتنی ئەو دۆخەیان هەیە کە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان نزیکەی سەدەیەکە لە دژی خەبات دەکەن.

ئێمە ئێستا لە برگەیەک لەمێژوودایین کە ناوچەکەمان و وڵاتی ئێران لە بەردەم گۆڕانی گەورەدان. ئەگەر ژیرانە و ئازایانە و بەرپرسانە نەجووڵێینەوە، لەوانەیە دەیان ساڵی تریش لە پەراوێزی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکاندا بمێنینەوە و هیچ بە هیچ نەکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە حوکمی درێژترین مێژووی خەبات و زۆرترین ئەزموونی سیاسی، بە هۆی پێگەی یەکەم و بێ وێنەی لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێ و لێی چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵێکی پێشەنگانەی لە دروستکردنی زۆرترین یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەبێت. پێویستە چ وەک خۆی و چ لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا، جێ پەنجەی بەسەر ڕووداوەکانەوە دیار بێت. پەیامی ٢٥ی گەلاوێژ، لە ئێستاشدا وەک ٨١ ساڵ لەمەوبەرلە ئاستی نێوخۆیی(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا دەبێ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی و لە ئاستی ئێراندا، دروستکردن و لە نوێ نووسینەوەی مێژووی پێکەوەبوون بە کۆتاییهێنان بە نەتەوەی سەردەست و بندەست، بە نەهێشتنی هەلاواردنی زمانی، دینی و ڕەگەزی، و دوایی هێنان بە دیکتاتۆری و زۆرداری بێت.

**شەهرام سوبحانی: هەر لەو پێوەندییەدا و لە درێژەی پرسیاری پێشوو، لەگەڵ بێئومێدبوونی خەڵک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا و نەبوونی ئاسۆی دێموکراسی لە ئێراندا، ئایا دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران هێشتا ستراتیژییەکی ڕیئالیستییە یان پێویستی بە پێداچوونەوەیە؟**

**د. قادر وریا:** دێموکراسی، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێستادا پێویستییەکی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانە، هەروەک پێویستییەکی بنەڕەتیی ژیانی تاکەکەسییشە. وڵاتێکی وەک ئێران، با تاقم و گرووپ و کەسایەتیی ڕەگەزپەرست، کۆنەپارێز و ناوەندگەڕاشی تێدا بێت و چارەی دێموکراسیی ڕاستەقینەیان نەوێت، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا وڵات و کۆمەڵ چ بۆ بریاردان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، چ بۆ دیاریکردنی دەستوور و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵ، هەروەها بۆ دابینبوونی مافە کەسییەکان ناتوانێت هەتا هەتایە دژی دیموکراسی بوەستێت و لێی بێبەش بێت. دیارە دیموکراسی لە هەر ناوچە و کۆمەڵێک، پێویستە لەگەڵ سروشتی ئەوێ خۆی بگونجێنێت.

## ٢٥ی گەلاوێژ

ئێـران وڵاتێکـی فـرەنەتەوە، فـرە زمـان، فرەئـایین و فرەکولتـووورە، هەر بـۆیە دێموکراسییەکەشـی دەبـێ لە خـزمەت بەرەسمیناسینی ئەم جۆراوجۆریانەدا بێت و بیانپارێزێت. دەسەڵاتی سیاسی و دەستووری وڵات پێویستە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتە تایبەتانەی وڵاتەکە بن. ئەمەش بە دێموکراسیی ڕێککەوتن (توافقی)، دابین دەبێت. "دیموکراسیی زۆرایەتـی" ناتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێران وەڵامدەر بێت، ئەگینـا نەتەوەی سەردەست کە حەشیمەتەکەی لە نەتەوەکانی تـری وڵات زیـاترە، بە سـوودوەرگرتن لە ئـامرازی زۆرایەتـی و دەنگـی زۆریـنە، فرەنەتەوەیـی و فرەزمـانی ڕەت دەکـاتەوە، پـێش بە دابینبوونی بنەمای خۆبەڕێوەبەری بۆ ئەو نەتەوانە دەگرێت، فرەزمانی و فرەئـایین و فرەکولتـووری لە بەرژەوەنـدی نەتـەوە و زمـان و ئـایینی سەردەست، پێخوست دەکـات. ئاکامێک کە دەمەوێ لەم قسـانە وەری بگـرم و وەڵامی پرسیارەکەتی لە یەک ڕستەدا پێ بـدەمەوە ئەوەیە ئێمەوە وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان هەتـا ئەو کـاتەی ئامانجمان چارەسـەری پرسـی نەتەوەییمـان لە چوارچێوەی ئێرانـدایە، نـاتوانین دیموکراسی بـۆ ئێران، دابەشکردنی دەسـەڵات لەنێـوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەکانی تر و، پێکەوەژیانی دێموکراتیکمان نەوێت.

١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

# دێموکرات دەڵێ چی و چیی دەوێ؟





**عەلی لەیلاخ**

**٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، هاوکات بوو لەگەڵ هەشتا و یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان»؛ ئەگەر سێ ساڵەی تێکۆشانی کۆمەڵەی «ژ – ک»یشی وەسەر بخرێت کە حەقی خۆیەتی، دەبێتە ٨٤ ساڵ کە ئەم کاروانە لەسەر ڕێبازی کوردایەتی و مافی نەتەوایەتیدا بە ڕووسووری ماوەتەوە. حیزبێک کە دواتر بە لەبەرچاوگرتنی وەرچەرخانە سیاسییەکان، ناوەکەی گۆڕدرا بۆ «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.»**

## ٢٥ی گەلاوێژ

**بە تێڕوانینێکی گشتی دەکرێت بگەینە وەڵامی ئەم پرسیارە جەوهەرییەی کە:** حیزبی دێموکراتی کوردستان چی دەڵێت و لە ڕاستیدا داواکانی چین؟ حیزبێک کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا بە ئەمڕۆ، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوو مۆدێلی ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە تاراندا، هێشتا بە گرنگترین سەنگەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی سیاسیی کوردستان دەناسرێت.

**بۆ لێکدانەوەیەکی کورت و گشتی، دەکرێت داواکانی ئەم حیزبە ڕیشەدار و مێژووییە لە چەند بەشدا تاوتوێ بکەین:**

**حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی کۆمەڵەی نەتەوەیی «ژ.ک» بوو؛** کاتێک ژمارەیەک لە بیرمەند، پیاوماقوولان و کەسایەتییە بڕواپێکراوەکانی شاری مەهاباد، بە ئیلهاموەرگرتن لە «حیزبی هیوا»، چوارچێوەی سەرەتایی ئەم بزاڤە خەباتکارانەیان لە جەنگەی ململانێکانی شەڕی جیهانیی دووەمدا داڕشت. زۆری پێ نەچوو دامەزراندنی «کۆماری کوردستان» و دەستکەوتەکانی ئەم کۆمارە - بەتایبەت ڕێزلێنان لە کەمینەکانی شاری مەهاباد - سەلماندی کە ئەم حیزبە بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژیانی سیاسی و ژیاندنەوەی ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتووانە و بەری لە ڕەگەزەکانی فاشیزم لەدایک بووە.

**ناوەندگەراییی پشتبەستوو بە قۆرخکاریی سیاسی لەژێر ناوی «تەواوەتیی خاکی وڵات»**دا کە لە ڕاستیدا هەمان تەواوەتیخوازی (تۆتالیتاریزم)ی سیاسی و فەرهەنگییە، ئەگەرچی بە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان ئەم دەوڵەتە نوێپێگەیشتووەی ڕووخاند و پەتی سێدارەی لە ملی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆککۆمارەوە تا ئازادیخوازانی دیکەی ئەم خاکە دێرینە هەڵواسی؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە: بە کام تاوان؟!

لە نێوەندی ئەو سەردەمەدا کە ناسیۆنالیزمی خۆسەپێن و هێرشبەری فارس دوای پەهلەویی یەکەم لەگەڵ سەرهەڵدانی عوسمانییە نوێیەکان و پانعەرەبیزمی عەبدولڕەحمان کەواکیبییەکاندا لە کێبڕکێدا بوو، بێگومان بۆ کوردانی گیرۆدەبوو لەم گێژاوەدا، هەبوونی ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی مۆدێرن پێویستییەکی مێژوویی بوو تا بتوانن لە مینبەری ئەو حیزبەوە مافخوازیی خۆیان پڕ بە گەروو هاوار بکەن. ئەم مینبەر و پێگەیە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندرا و لە هەموو ئاڵۆزی و گێژاوەکانی سەدەی بیستەمدا بەرگەی پەلامار و هێرشەکان، تیرۆر و سڕینەوە، حاشاکردن و هەڵاواردنەکانی گرت و وەک سەنگەرێکی خۆڕاگر هەتا ئێستاش بە بڕشتەوە بە پێوە وەستاوە.

**لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی ئەم حیزبەدا (لە ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦)،** لە هەلومەرجێکدا کە دەزگای تۆقێنەری ساواک و ژاندەرمەکانی «ژ - ٣» لەشان بەگژ هەر جۆرە مافخوازی و دەربڕینێکی ڕەخنەگرانە لە سیستەمی تاجی پاشایەتی و

## ٢٥ی گەلاوێژ

تەختی دەسەڵاتدا دەهاتنەوە و هەر چەشنە دەنگێکی جیاوازیان هەر لە گەروودا دەخنکاند؛ لە سەردەمێکدا کە ئەگەرچی بە ناوی ئاوەدانی و گەشەپێدانەوە شەقامەکانی تاران و مەزنەشارەکانیان بۆ تاجگوزاری و خۆسەپێنیی دیکتاتۆر دەڕازاندەوە و پاشا خۆی بە «سێبەری خودا» دەزانی و خەڵکانی دیکەش کۆیلە و بێدەسەڵاتی ژێر نیری زۆرداری بوون، لەو سەردەمەدا دیسانەوە لە قوتابخانەی هەر ئەم دێموکراتەدا، «شەریفزادە»کان دژی چەوسانەوە، هەڵاواردن و سیاسەتی سڕینەوە ڕاپەڕین و پێش چریکەکانی سیاهکەل بوونە مەشخەڵ و شەودڕی زۆرداری، کە ئاکامەکەشی گەیشتە شۆڕشی ١٣٥٧.

**بۆ کورتکردنەوەی کۆی تێڕوانینی ڕێژیمی پاشایەتی لە کۆنەوە تا پەهلەوییەکان کە خەڵکیان بە کۆیلە و ڕەعیەت دەزانی، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی محەممەد عەلی شای قاجار بکەین کە لە دژایەتی لەگەڵ مەشرووتەدا دەیگوت:** «ڕەعیەت هەڵەیە ئەگەر نارەزایەتی دەرببڕێت؛ هەڵەیە ئەگەر داوای دیوانی دادپەروەری بکات؛ هەڵەیە ئەگەر داوای یاسا بکات! ئێمە ڕەعیەتی سەر شۆڕمان دەوێت، ئێمە ڕەعیەتی بەڵێقوربانبێژمان دەوێت...». حیزبی دێموکرات ڕێک بە پێچەوانەی سیاسەتی ناوەندگەرا و تاکڕەو، سەروەریی نیشتمانی و چەسپاندنی مافی خەڵکی دەویست و لە هەموو دەرفەتێکدا بۆ ئەو جێخستنە تێکۆشا. «شا»یەک دیکە هەڵات و ڕێژیمێکی دیکە لە ئێران هاتە سەر کار، بەڵام وەک دەڵێن: «لە ترسی دووپشک پەنایان بۆ مار برد»؛ بەڵێ! سەرمای زەمهەریری کۆماری ئیسلامیی عەباپۆش سێبەری ڕەش و ماڵوێرانیی خۆی خستە سەر ڕەنجەڕۆکراوانی هاڕدراو لەژێر پۆتینی دیکتاتۆریی هۆمایۆنیدا.

**دیسانەوە حیزبی دێموکرات لە بڕگەیەکی دیکەی مێژووی خەباتکارانەی خۆیدا،** لە هەمبەر هەژموونخوازیی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا، لە بەرەیەکدا وەستا کە بە تەواوی لە قازانجی سەرجەم ئازادیخوازانی ئێراندا بوو؛ بەڵام هەم بەرەورووی ڕاوەستان، هەم جەفای لێ کرا و هەمیش حەقانییەتەکەی لە لایەن «حەقانییەکان» و مەلاکانی فەیزییەی قومەوە فەتوای لە دژ دەرکرا.

**ساڵی ١٣٥٧ شۆڕشێک کرا و زۆر کەس هەوڵ دەدەن ئەم ڕاپەڕینە وەک «شۆڕشی گەلانی ئێران» پێناسە بکەن؛** بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە شۆڕشێکی مەزهەبی بوو و بنەما سەرەکییەکەشی لەسەر تێڕوانینی «مەحرەم و نامەحرەم»ەکەی خومەینی بینا کرابوو. لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات وەک ئاڵاهەڵگری سێکۆلاریزم لە ئێراندا، باجی ئەم تێڕوانینە ڕەخنەگرانەیەی بۆ حکوومەتی نوێ بە خوێن و فیداکاری دا؛ و دوای نزیکەی پێنج دەیە، گەلانی دیکەش گەیشتنە ئەم ڕاستییە گرنگە کە بەختیاریی گشتی لە گرەوی سەروەریی یاسادایە نەک سەرەڕۆییی ئایینی، لەسەر بنەما و جێخستنی دێموکراسیدایە نەک ئۆلیگارشیی مەزهەبی؛ هەر ئەوەی کە حیزبی دێموکرات دەیگوت و ئێستاش لەسەری سوورە.

## ٢٥ی گەلاوێژ

**لە ساڵی ١٣٥٧ەوە هەتا کۆنگرەی ١٣یەمی حیزبی دێموکرات، دروشمی سەرەکیی ئەم ڕەوتە ڕیشەدار و جەماوەرییە «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بوو؛ واتە خودموختارییەکەی گرێ دابووەوە بە جێگیربوونی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا! چ ڕوانینێکی بەنرخە؛ لەمە باڵاتر چی هەیە کە حیزبێک نەتەوەکانی دیکەش لە نیعمەتی دێموکراسی بێبەش نەبینێت؟!**

**حیزبی دێموکرات دەرفەتێکی مێژوویی بۆ چەسپاندن و بەدامەزراوەییکردنی پرەنسیپەکانی دێموکراسی لە ئێرانێکدا خوڵقاند کە هەمیشە لێی بێبەش بووە. ئەم حیزبە لە کاتێکدا بۆ بەها دێموکراتیکەکان فیداکاریی دەکرد کە پاش سێ دەیە، لە سەردەمی دەوڵەتی دووەمی ئەحمەدینەژاددا، کۆمەڵێک لە بیرمەندانی فارس کە لە نەبوونی دێموکراسی لە ئێران ماندوو ببوون، کەوتنە ڕاوێژ و گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە لە هیچ جۆرە حکوومەتێکدا لە ئێران - چ شا و چ شێخ! - دێموکراسی بوونی نەبووە و ئاڵقەیەکی ونبوو بووە. هەرچەند دیواری حاشاکردنیش بەرز بێت، بەڵام بە سووکەئاوڕێک لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات دەردەکەوێت کە چەندە لە پێناو ئەم بەها مرۆییەدا باجی قورسی داوە.**

**ڕستە سادە و لە هەمان کاتدا پڕنێوەڕۆکەکەی د. قاسملوو، ڕێبەری بیرمەند و کاریزماتیکی ئەم حیزبە لە گەرمەی ئاڵۆزییە سیاسی و گرژییە سەربازییەکانی ئێران و کوردستاندا، لە ئێستاشدا شایانی تێڕامانە کە دەیگوت: «شێوازی خەباتی ئێمە بەستراوەتەوە بە جۆری سیاسەت و تێڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندییەوە». لێکدانەوەی سادەی ئەم وتەیە ئەمەیە: ئەگەر بنەما لەسەر ڕێزگرتنی دوولایەنە بێت، کورد ئامادەیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە؛ ئەگەر درێژە بە دوژمنکاری، حاشاکردن، سڕینەوە و کوشتوبڕ بدەن، تفەنگی خەباتکارانەمان لە مێژە بە میرات پێ گەیشتووە. بە وتەی شاعیری لوڕ: «گورگەکان باش بزانن کە لەم خێڵە غەریبەدا، ئەگەر باوکیش مردبێت، تفەنگی باوکانە هێشتا ماوە!». بە تێڕوانینێکی گشتی بۆ مێژووی خەباتکارانەی حیزبی دێموکرات - بەتایبەت دوای شۆڕشی ١٣٥٧ - دەردەکەوێت کە حیزبی دێموکرات ئەوەی بۆ خۆی ویستووە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوانی دیکە و نەتەوەکانی دیکەشی بە ڕەوا زانیوە.**

**کاتێک دەڵێین خەباتی نەتەوەیی – دێموکراتیک، باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین؛ حیزبێک کە لە کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا، ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەیەکی ڕەوا بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلان بووە؛ لە خودموختارییەوە هەتا فیدراڵیزم، واتە سڕینەوەی هەر جۆرە بێدادی و هەڵاواردنێک کە لە ناوەندگەراییەوە سەرچاوەی گرتبێت، و هەروەها هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی، گەشەپێدانی چالاکییە مەدەنییەکان و بایەخدان بە سندووقی دەنگدان، نەک ئەوەی خۆت بە «نائیبی بەرحەق» بزانیت. لە دێڕێکدا: حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلانی دیکە لە جوگرافیای ئێراندا، لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەرفەت بووە و لە ئێستاشدا دەلاقەیەکە بەرەو پانتایی**

## ٢٥ی گەلاوێژ

پێکەوەژیان و وەک ئەڵتەرناتیڤێک دادەنرێت بۆ دیالۆگ و مامەڵەی سیاسییانە، لەبری بەربەرەکانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ماڵوێرانکەری سەربازی.
بۆیە دەتوانین بڵێین کۆی مافە سروشتی و مرۆییەکان کە بەرچاوترینیان مافی چارەی خۆنووسینە – و هیچ کام لەو مافانەش نکۆڵی لەوانی دیکە ناکات، بەڵکوو دەتوانێت بانگەوازی پێکەوەژیانیش بێت بۆ گەلانی دیکە – وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە: حیزبی دێموکرات چی دەوێت؟

هاوکات لەم ڕۆژانەدا لەملاولا باس لەوە دەکەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، با لە پرۆسەی وتوویژدا و بە دانانی چەک کێشەکەیان چارەسەر بکەن. بە کورتی دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات هەر وەک چۆن لە سەرەتاوە بۆ ژیانی ئازاد و سەربەرزانە دامەزراوە، هەمیشە وەک پرەنسیپێک چاوی لە «وتوویژ» کردووە و تەنانەت سەری سکرتێرەکەشی لەو ڕێگە دیپلۆماسییەدا داناوە. چەکەکەی سەرشانیشی جیا لەوەی چەکی بەرگرییە، چەکی پرسیارخوڵقێنە کە: ئەم گەلە چیی دەوێت؟

کاتێک ئەو حیزبە دەیگوت وەرن با بە «نیازپاکی» کێشەکان چارەسەر بکەین و لە جیاتی سەنگەرگرتنی سەربازی پەرە بە سندووقی دەنگدان بدەین، هەر لەو کاتەدا فەتوای قەتڵی قاسملوو لە لایەن خومەینییەوە تەنیا بەو تاوانەی کە دەنگی متمانەی خەڵکی بەدەست هێنابێ درا؛ ئەمەش دەریخست کە ئەو ڕێژیمە چەندە لەگەڵ کێبڕکێی سیاسی نامۆیە و هاوشێوەی شاکانی قاجار دەڵێت: خەڵک کێیە هەتا ئازادیی بوێت؟!

ئەو کات داواکاریی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتییەکەی پەراوێز خرا؛ ڕاستە فەتوادەر خومەینی بوو، بەڵام بێدەنگبوون و تەماشاکردنی کەسانی دیکەش لە کزبوونی ئەم هاوارەدا بێکاریگەر نەبوو، تا ئەو کاتەی هەمان پەتی فەتوای کوشتنی دێموکرات پەلی کێشا بۆ سەر قەتڵە زنجیرەییەکان و لەناوبردنی جیابیرانی دیکەش. کەواتە ئەگەر ئەو سەردەمە لە جیاتی سەنگەرگرتن لە حیزبی دێموکرات و ئاژاوەنانەوە بە دروستی سەرنجی ڕوانگەکانی درابا، ئێستا ئیتر ئێران ناونیشانی قەتڵ، تیرۆر، زیندان و مافکوژی نەدەبوو.

کۆماری ئیسلامی هەموو دەرفەتەکانی کوشت؛ ئەوەی کە دەبێت گەلانی نێو جوگرافیای ئێران سەرنجی بدەن، ناسین و مامەڵەی سیاسییانەیە لەگەڵ پرسی کورد و حیزبی دێموکراتدا؛ ئەو کات لە بەرفراوانیی دید و تێڕوانینی پێشکەوتووانەی ئەم حیزبە، هەمووان بەهرەمەند دەبن. بە زمانێکی سادە و لە وەڵامێکی کورتدا، داواکارییەکانی حیزبی دێموکرات بریتین لە: مافی نەتەوایەتی، مافی چینایەتی و دادپەروەری، و دێموکراسی.

٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێمای خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی






**هەردی سەلیمی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا، بەردەوام پرسی کۆمەڵایەتی بەشێک بووە لە خەمە سەرەکییەکانی. ئەم خەمخۆرییە ئەوکاتە بەڕوونی و بە شێوازێکی داڕێژراو و ڕێکخراوتر دەرکەوت کە حیزب

## ٢٥ی گەلاوێژ

لە سێیەم کۆنفرانسی خۆیدا لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧١ی زایینی)، پەیڕەوێکی پەسەند کرد کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا بە شێوازێکی دیاریکراو، و لەڕێگەی خستنەڕووی ڕێگەچارە و هەڵوێستوەرگرتنەوە سەرنجی خستە سەر ئەم پرسە. دیارە پێشتر و لە کۆنگرەی دووەمی حیزبیشدا بەکورتی ئاماژە بەم بابەتە کرابوو، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، حەوت ساڵ دواتر و لە کۆنفرانسی سێیەمدا بوو کە ئەم پرسە بووە بابەتێکی جەوهەری.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی پەسەندکردنی بەرنامە و پەیڕەوی خۆی لە ساڵی ١٣٥٠ـەوە، بەرنامەکەی لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراندووە کە بریتین لە: پرسی نەتەوەیی و پرسی کۆمەڵایەتی. لەو کاتەوە هەتا ئێستا بەرانبەر بە هیچ جۆرە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبووە؛ بەڵام بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی کار و بەرنامەکانی ئەم حیزبەدا، چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کوردستان ڕەهەندی سەرەکی و لەپێشترینەکانیان بووە. لەبەر ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدا بووە پرسی سەرەکی و جێی باس و مشتومڕ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، نەک پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو خودی پرسی نەتەوەییە. هەر بۆیە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧یش کاتێک ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە زۆرەکانی خاوەن ئاراستەی چەپی ڕادیکاڵ هاتنە ئاراوە و سەرجەم کێشە و ئاڵۆزییەکانیان لە چوارچێوەی هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینی و پێیان وابوو پرسی سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەمان پرسە کۆمەڵایەتییەکانە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتبەستن بە بەرنامە ڕێکخراوەکەی خۆی -کە لە ڕۆژی یەکەمەوە چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە بەرانبەر پرسی کۆمەڵایەتیدا بە لەپێشتر دەزانی- ڕێگەی نەدا حیزب لە چەقی ئەم گەردەلوول و تۆفانەدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو لاڕێچوونانە و بەرەو هەڵدێر بڕوات.

بەڵام سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لەکاتێکدا ئەم حیزبە بە حیزبێکی مارکسیستی - لینینیستی ناناسرێ، بەڵام خەمخۆرییەکانی بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر لەو حیزبانە نەبووە کە پرسە کۆمەڵایەتییەکانیان وەک خەمی بنەڕەتیی خۆیان دەناساند. **لە بەشی یەکەم و ماددەی یەکەمی پەیڕەوی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەمدا هاتووە کە:** «ئێمە حیزبێکی پێشڕەوین»؛ بەکارهێنانی چەمکی "پێشڕەو" دەربڕی ئەو تیۆرییە لینینیستییەیە کە پێی وایە توێژێک لە خەڵک بە تێگەیشتنێکی دروستتر لە پرۆسەی مێژوویی، توانای ڕێبەرایەتیکردنی پرۆژە گرنگ و وەرچەرخانەکانیان هەیە. حیزبی دێموکرات هەروەها لەبەشی ئامانجە سەرەکی و گشتییەکاندا، جێگیرکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەی سۆسیالیستی کردووەتە هەوێنی تێراونێنی خۆی بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

سەبارەت بەوەی کە ئەم حیزبە سەر بە کام توێژی کۆمەڵگەیە، دیسانەوە لە بەرنامەکەیدا ڕوون کراوەتەوە و پێداگری

## ٢٥ی گەلاوێژ

لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە ئەم حیزبە تایبەت نییە بە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، بەڵکوو سەرجەم توێژەکان لەوانە: کرێکاران، جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لەخۆ دەگرێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەر یەک لە توێژ و جەمسەرەکانی کۆمەڵگە کە تووشی هەڵاواردن و چەوسانەوە بوونەتەوە، دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا خۆیان ببیننەوە و بەشداری لە چالاکیی سیاسیدا بکەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافە پێشێلکراوەکانیان لە ڕیزی خەباتدا بن.

لە ئێستاشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدانی تایبەت بە پرسی ژینگە، کەمینە نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییەکان و هەروەها کەمینە ڕەگەزی و جێندەرییەکان سەلماندوویەتی کە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن هەڵوێستی مافی مرۆڤی و دادپەروەریپەروەرە، و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی داواکارییە نوێیەکاندا خۆی لەگەڵیاندا گونجاندووە و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی لەم بارەیەوە خستووەتە ڕوو.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە پرسی نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردستان چارەسەر بکات، بەڵام لە تەنیشت ئەم ئەرک و پێشینەیەدا، بەردەوام هەوڵی داوە داکۆکی لە مافی سەرجەم توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش بکات و لە چەوسانەوە و هەڵاواردنە کۆمەڵایەتییەکان بێئاگا نەبێت، هەروەها هەنگاو لە پێناو سڕینەوەی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەنگاوی ناوە. لەوانەیە ئەو دروشمەی کە دەڵێت **«حیزبی دێموکرات، حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی کوردستانە»، لەم ڕاستییەوە سەرچاوە بگرێت کە لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ سڕینەوەی ئەم جۆرە چەوسانەوە جیاواز و جۆراوجۆرانە هەبووە و لە داهاتووشدا لەسەر ئەم ڕێبازە لە خەباتی خۆی بەردەوام دەبێت.**

٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦

# دیپلۆماسی بە بێ دەوڵەت: (گوزار لە پارادیپلۆماسییەوە بۆ ڕۆڵگێڕانی ستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا)





**زانیار حوسێنی**

دوای هەشت دەیە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گۆڕەپانی سیاسیی ئەو حیزبە لە جوگرافیای نێوخۆیی و سنووورە نەریتییەکانی کوردستانی ئێراندا سنووردار نەماوە. پرۆسەی کەڵەکەکردنی ئەزموون و تێپەڕاندنی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان و بەرگەگرتن لەبەرانبەر شەپۆلی قورسی سەرکوتکردن و خۆگونجاندنێکی ژیرانە لەگەڵ

## ٢٥ی گەلاوێژ

گۆڕانی ڕاستییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیی مۆدێرن، حیزبی لە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی لۆکاڵییەوە گۆڕیوە بۆ ڕۆڵگێڕێکی خاوەن ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان. لە ونبوونی میکانیزمە نەریتییەکانی حوکمڕانی و ئامرازە یاساییەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، ئەو حیزبە هەوڵی داوە بە دروستکردنی "کارایی سیاسیی بەردەوام" لە ناوەندەکانی بڕیاردانی جیهانی لە واشنگتۆن تا برۆکسل ئەو بۆشاییە پێکهاتەییە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی "نەبوونی دەوڵەت"ەوە دروست بووە. ئەم گەشەسەندنە تەنیا ڕێبازێکی تاکتیکی و کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە پارادایمی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا؛ گۆڕانێک لە بەرخۆدانی نێو سنوورەوە بۆ دیپلۆماسیی نێودەولەتی کە هەوڵ دەدا قورسایی ژێئۆپۆلەتیکی و یاسایی پرسی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەرز بکاتەوە.

بەپێی تێڕوانینە نەریتییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت لە مەکتەبی ڕیالیستیدا جەخت لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی هێز و ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێ و دەوڵەت بە قۆرخکاری ڕەهای دەسەڵات و تاکە ئەکتەرێکی ڕەوا لە سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنرێ. لەم چوارچێوە نەریتییەدا، سەروەریی خاک و قۆرخکردنی ئامرازە ڕێگەپێدراوەکانی توندوتیژی و هەبوونی کورسییەکی فەرمی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، مەرجی پێویستن بۆ چوونە نێو مەیدانی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە. بەڵام وەرچەرخانی مێژوویی لە سیستەمی وێستفالییەوە بۆ سیستەمێکی جیهانیی ئاڵۆز کە کاریگەریی گلۆبالیزاسیۆن و تەکنۆلۆژییە نوێیەکانی پەیوەندی و ئابووریی سیاسی جیهانی بە توندی ئەم قۆرخکارییەی تووشی ئاستەنگی و چالێنج کردووە.

لە پانتایی سیاسیی هاوچەرخدا، ڕۆڵگێڕە نادەوڵەتییەکان- لەوانەش بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتمانییەکان، هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆڕە بەهێزەکانی ڕەوەند- بوونەتە کارایی کاریگەر لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانی، دارشتنی نۆرمەکانی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئاراستەکردن بە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان. بۆ گەلانی بێدەوڵەتی سەربەخۆ، پانتایی ئەو ستراکتۆرە نوێیە، دەرفەتێکی گرینگ و مێژوویییە بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی ژێئۆپۆلتیکی خۆیان لە ڕێگای دیپلۆماسیی شاروەمەندی، لۆبی پێکهاتەیی و بەکارهێنانی کەرەستە نوێیەکانی میدیا و دیپلۆماسی پارلەمانی و، هەروەها ڕێگریکردن لە لادانی داواکارییەکانیان لە هاوکێشە شاراوەکانی دەوڵەتان. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ەوە هەتا ئێستا، کەیسێکی دیاری خوێندنەوە و جێی توێژینەوەیە لە پەرەسەندنی ڕۆڵگێڕیی نادەوڵەتیدا. ئەم حیزبە بە تێگەیشتن لە پێشهاتەکانی نێو سیستەمی نێودەوڵەتی، توانیویەتی وردە وردە خۆی لە کۆت و بەستە ژێئۆپۆلیتیکییەکان ڕزگار بکا و خۆی وەک بەردەنگێکی سەقامگیر، بەرپرس و دێموکراتیک لە هاوکێشە ناوچەییەکان بخاتە ڕوو؛ یەک لە هەرە کەرەستە و ئامرازەکانی بەردەمی، ڕێکخراوە مەدەنی و جۆراوجۆرەکانی ئەو حیزبەن، هەر وەک ڕێکخراوی ژنان، لاوان، خوێندکاران و هتد کە لە چوارچێوەی

سیاسەتێکی گونجاووەوە لە تێکۆشان و چالاکی دان.

لە ئەدەبیاتی پسپۆرانەی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چەمکی "پارادیپلۆماسی یان دیپلۆماسیی نافەرمی" وشەی سەرەکییە بۆ شیکردنەوەی ئەم پرۆسەیە. پارادیپلۆماسی ئاماژەیە بۆ چالاکییە دەرەکییەکانی ئەو ئەکتەرانەی کە لە سەرووەری فەرمیی دەوڵەت بەهرەمەند نین، بەڵام هاوتەریب یان تەنانەت لە دەرەوەی دیپلۆماسی فەرمیی دەوڵەتان، لەگەڵ پارلەمان و حیزبە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانیان پەیوەندی دادەمەزرێنن.

هەرچەند حیزبێکی سیاسیی بێدەوڵەت ناتوانێ پەیماننامەی نێودەوڵەتیی دوولایەنە واژۆ بکا، باڵیۆزی فەرمی بنێرێ یان وەک دەوڵەتێکی بەهێز لە شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی دەنگدانی هەبێ،

**بەڵام کۆمەڵێک ئامرازی کاریگەری دیکەی هەیە کە ئەگەر ژیرانە بەکاری بهێنێ، دەتوانێ کاریگەریی قووڵی هەبێ؛ وەک:**

– **دیپلۆماسیی پارلەمانی:** پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ نوێنەرانی پارلەمانە نیشتمانییەکان لە وڵاتانی جیاواز، بەتایبەت پارلەمانی ئورووپا. ئەم ئامرازە ڕێگە بە حیزب دەدا کە داواکارییەکانی خۆی لە شێوەی پێشنیار، پرسیار و بڕیارنامەکانی پارلەمانیدا بخاتە ڕوو و فشاری دیپلۆماسی بخاتە سەر حکومەتەکانی ئەو نوێنەرانە.

– **دیپلۆماسیی حیزبی و هاوپەیمانی:** پەیوەستبوون بە تۆڕە گەورەکانی حیزبە جیهانییەکان، وەک ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست یان هاوپەیمانییە پێشکەوتنخواز و دیموکراتیکە ناوچەییەکان. ئەو بوونە تۆڕییە، ڕەوایی ئایدیۆلۆژی بە حیزب دەبەخشێ و ڕێگەی پێ دەدا ئەزموونە سیاسییەکان لەگەڵ بزووتنەوە دیموکراتیکەکانی دیکەی جیهاندا هاوبەش بکا.

– **دیپلۆماسیی گشتی و میدیایی:** بە بەردەوامی کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی بیروڕای گشتیی جیهانی، دامەزراوە بەناوبانگەکانی مافی مرۆڤ، زانکۆکان و میدیا جیهانیەکان بۆ تیشک خستنەسەر ڕەهەندەکانی سەرکوتی سیستماتیک، دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ڕوونکردنەوەی بەرنامە سیاسییەکانی حیزب بۆ داهاتووی ئێران.

دامەزراندن، پەرەپێدان و درێژەدان بە چالاکییەکانی "بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی ئێرانی کوردستان"

ورده ورده لەو چوارچێوەیەدا مانادار دەبێ. وەرچەرخان لە پەیوەندییە نەریتی، کاتی و تاکەکەسییەکانی دەیەکانی رابردووەوە بۆ پێکهاتەیەکی بروکراتی، تایبەتمەند و سیستماتیک لە بواری دیپلۆماسیدا ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی رێکخراوەیی حیزب. پێکهاتەیەکی لەم جۆرە، دڵنیاییە لەوەی کە کارلێکەکانی دەرەکی لە حاڵەتێکی سۆزداری و کاردانەوە دوور دەکەونەوە و دەبنە بەرنامەیەکی ستراتیژی و درێژخایەن لە سیاسەتی دەرەوەی حیزبدا.

ڕێبازی جوگرافی و سیاسیی پێشهاتە دیپلۆماسییەکانی حیزبی دێموکرات، گێڕانەوەی گۆڕانکارییەکی ستراتیژییە. خاڵی دەستپێکی ئەم خەباتە لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو؛ کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، دامەزراوەیەکی حوکمڕانیی مۆدێرن بە پێکهاتە تایبەتییەکانییەوە پێک هێنرا. دوای داڕمانی ئەو کۆمارە و دەسپێکی دەیان ساڵ بەرخۆدانی چەکداری و سیاسی لە هەلومەرجی سەختی ناوچەییدا، بە ناچاری فۆکووسی حیزب تەنیا لە شاخ و سنوورەکانی نێوخۆدا سنووردار بوو. بەڵام لەم دەیان ساڵەی دواییدا، ناوەندی کێشکردنی چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە. واشنگتۆن وەک پایتەختی بڕیاردانی ماکرۆستراتیژی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا و برۆکسل وەک دڵی زیندووی دیپلۆماسی فرەلایەنەی یەکیەتیی ئورووپا کاریگەرییان لە سەر دیپلۆماسیی حیزب داناوە.

ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزب لە کۆبوونەوە تایبەتمەندەکان، بەستنی کۆبوونەوەی زانستی لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوا، کۆبوونەوە لەگەڵ پلاندانەرانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕەهەندە نوێیەکانی خەباتی ئاوەڵەوە کردووە کە تێیدا قەڵەم و تریبۆن شانبەشانی بەرخۆدانی مەیدانی مانا دەکرێنەوە. ئەم گۆڕانکارییە، ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕێکی سەردەمیانەیە لە ڕێبازی فیکری حیزبدا کە چارەنووسی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تەنیا لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆییدا دیاری ناکرێ، بەڵکوو بە ڕەواییدانی نێودەوڵەتی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی سیاسی لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی جیهانیدا بە قەڵغانێکی پارێزەر لە بەرامبەر پیلانی سڕینەوە و سەرکوتکردنی ئاشکرا دادەنرێ.

سەرەڕای هەموو دەستکەوتە بەنرخەکانی بواری پارادیپلۆماسی، نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ڕێگای دیپلۆماسی بەبێ دەوڵەت، ڕووبەڕووی ئاستەنگی قورسی پێکهاتەیی، ژئۆپۆلیتیکی و یاسایی دەبێتەوە. ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان هەمیشە لە ژینگەیەکی ناهاوسەنگدا یاری دەکەن کە یاساکانیان لە بەرژەوەندی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکاندا دانراون.

**لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات لەم بوارەدا ئەمانەی خوارەوەن:**

## ٢٥ی گەلاوێژ

**– دیپلۆماسیەتی بازرگانانەی دەوڵەت:** زۆرجار حکومەتە ڕۆژئاوایی و ناوچەییەکان، بەرژەوەندییە ئابووری، ئەمنییەتی و ستراتیژییە کورتخایەنەکانیان لە سەرووی مافەکانی مرۆڤ و بەها دیموکراتییەکان دادەنێن. کارلێکەکانی پشتی پەردە لەگەڵ ڕێژیمی ناوەندیی ئێران یان هەوڵدان بۆ پاراستنی سەقامگیرییەکی ناسک لە ناوچەکەدا، هەندێک جار دەبێتە هۆی پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی داواکارییەکانی گەلانی بێدەوڵەت لە ڕێککەوتنە گەورەکاندا.

**– نەبوونی پشتیوانیی یاسایی کلاسیک:** نەبوونی دانپێدانانی یاسایی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان بە واتای زەوتکردنی مافی دەنگدان و تریبۆنە فەرمییەکانی دەوڵەت و میکانیزمە یاساییە پابەندکەرەکانە. حیزب دەبێ هەمیشە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە لە ڕێگەی ڕەوایەتیی ئەخلاقی و سیاسییەوە بدا کە پرۆسەیەکی کاتبەر و ناجێگیرە.

**– ئاڵەنگارییە ئەمنییەتییەکان:** ڕێژیمە تۆتالیتێرەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سڕینەوەی ڕەوایی لە ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنەکان و حیزبە کوردییەکان لە مەکۆکانی ڕۆژئاوادا لە هەموو ئامرازە ئەمنییەتییەکان، شەڕی دەروونی، تیرۆر و دیپلۆماسیی ئابووریی خۆیان کەڵک وەردەگرن؛ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێرشانە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێویستی بە هەوداڵگریی بەرگری، شەفافیەتی دارایی و وردبینیی بەرزی میدیایی هەیە.

**پرسیاری سەرەکی و چارەنووسساز لە ئێستادا ئەوەیە ئەو تۆڕە بەرفراوانەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان کە دامەزراون تا چەند توانیویەتی ببێتە "سەرمایەی بەرهەمداری سیاسی" و پێگەی پرسی کوردستانی ئێران لە ڕوانگەی داهاتووی سیاسی ئێراندا بەرز بکاتەوە؟**

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە دوو ئاستی کاریگەری جیا بکرێتەوە:**

**– یەکەم، ئاستی پێناسەکردنەوە و چەسپاندنی گوتاری دێموکراتیک:** ئامادەبوونی بەردەوام لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی پلانگەلێکی تایبەت بۆ پێکهاتەی سیاسیی داهاتوی ئێران (وەک سیستمێک کە لەسەر بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی فرەییخوازانە و فیدراڵیزم بێ) ئەم گوتارەی ڕێژیمی تاران و هێندێک لە ڕەوتە پاوانخوازەکان کە لە پەراوێزی تۆمەتە درۆینەکانی جوداخوازی بڵاویان دەکردەوە، ڕزگار کرد و گۆڕدرا بۆ پرۆژەیەکی سیاسیی لۆژیکی لەمەڕ تێپەڕبوون لە دیکتاتۆرییەت.

**ئەمڕۆ لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی واشنگتۆن و برۆکسلدا، هیچ وەشانێکی سەقامگیر بۆ داهاتووی ئێران بە بێ**

## ٢٥ی گەلاوێژ

### لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، وێنا ناکرێ.

**– دووهەم، ئاستی ڕێگریکردن لە بەرانبەر نەهێشتنی سیاسی:** سازکردنی تۆڕی دیپلۆماسی، تێچووی سەرکوت، نەهێشتنی فیزیکی و سیاسیی حیزبی زۆری زیاد کردووە. تا پەیوەندییەکانی حزبێک بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارلەمانەکانی ڕۆژئاوا قووڵتر بێ، کاردانەوەکانی ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە بەکارهێنانی توندوتیژیی ئاشکرا لە دژی توندتر دەبن.

**دیپلۆماسیی بێدەوڵەتی حیزبی دێموکرات،** سەرووتر لە هەوڵێکی تاکتیکی و ڕووکەشییە؛ لەڕاستیدا وەڵامێکی ستراتیژی و حەتمییە بۆ پێویستییەکانی حەیاتی سیاسی لە جیهانی بەیەکەوە گرێدراوی سەدەی بیست و یەکەم. حیزب بە سەلماندنی ئەوەی کە مەرج نییە "کارایی سیاسی" و کاریگەریی نێودەوڵەتی لە قۆرخکاریی دەوڵەتەکاندا بێ، توانیویەتی جوگرافیای خەبات لە تەنگژە نێوخۆییەکانەوە بگۆڕێ بۆ چوارچێوەی دیپلۆماسیی پارلەمانی و تۆڕە نێودەوڵەتییەکان لە واشنگتۆن و برۆکسل.

چالێنجی بنەڕەتی و ئەرکی هەستیاری حیزب لە قۆناغی ئێستادا، تەنیا درێژەدان بە پەیوەندییە فەرمییەکان نییە، بەڵکوو زیرەککردنی ئەم تۆڕەیە بۆ گۆڕینی بە ئاستێکی کارامەی فشار بۆ ئەندازیاریی گوزار بۆ دێموکراسی و بەدامەزراوەییکردنی دادپەروەریی دابەشکاری و گەرەنتیکردنی مافە نەتەوەیی و مرۆییەکان لە ئێرانی دواڕۆژدا. دیپلۆماسیی بێدەوڵەت، ئەگەر بە ستراتیژیی ورد، یەکگرتوویی نێو ڕێکخراوەیی و پەیوەندیی قووڵ لەگەڵ بەدەنەی کۆمەڵگە بێ، دەتوانێ ببێ بە یەکێک لە کلیلە زێڕینەکانی تێپەڕاندنی چەقبەستووییە مێژووییەکانی گەلانی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

# بەساڵداچوو بەڵام بەدەماخ و لەسەر پێ: ئەرک و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم حیزبێکی هەشتا و یەک ساڵە





**د. ئاسۆ حەسەنزادە**

"کەمترین چاوەڕوانی کە لە حیزبی دێموکرات دەکرێ ئەوەیە کە هەروا بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە لەسەر ناسنامەی سیاسیی جیاوازی کورد و پێویستیی دەستبەرکردنی پێگەیەکی یاسایی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ دابگرێ و خۆی لە پاشکۆیەتیی ئەو ڕەوتانە بپارێزێ کە بە زمان و ڕواڵەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە هەوڵ دەدەن ئاکامە سیاسی

## ٢٥ی گەلاوێژ

و حقووقییەکانی پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندخوازیی ڕەوای کورد بسڕنەوە".

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد دامەزرا؛ حیزبێک کە دواتر ناوەکەی بۆ «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» گۆڕدرا. بە تێپەڕبوونی هەشتا و یەک ساڵ، ئەم حیزبە هێشتا یەکێک لە هێزە سیاسییە هەرە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر نەڵێین گرینگترینیانە. ئەم تەمەندرێژی و بەردەوامیی ژیانی سیاسییە لەجێدا دیاردەیەکی شایانی تێڕامانە؛ چونکە کەم ڕێکخراوی سیاسی توانیویەتی لە بەرانبەر ئەم قەبارەیە لە سەرکوت و گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەیییەکان و مەودای نێوان نەوەکاندا، ڕەسەنایەتی و ناسنامەی سیاسی و پێگە جەماوەرییەکەی و حزووری مەیدانیی خۆی تا ئەم ئاستە بپارێزێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆرجار وەک یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی و بەڕابردووترین ڕێکخراوی سیاسیی هێشتا چالاک لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا ناو دەبرێ. ئەم ئیدیعایە ئەگەرچی لەسەریەک ڕاستە، بەڵام پێویستیی بە وردکردنەوەش هەیە. بەر لەم حیزبە، ڕێکخراوی مۆدێرنی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا سەریان هەڵدابوو، بەتایبەت حیزبی «هیوا» لە کوردستانی عێراق و "کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان" لە ئێران، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی ببنە حیزبێکی جەماوەری و دەوام بێنن. لە ئاستی سەراسەریی ئێرانیشدا، حیزبی توودە چەند ساڵ بەر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، بەڵام ئەمڕۆ بە کردەوە لەنێو چووە و هیچ جێیەکی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا نەماوە. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ ئەم تایبەتمەندییە تاقانەیەی خۆی لە بواری پێشەنگایەتیی سیاسی و مێژوویی لە کوردستان و ئێراندا بەرجەستە بکاتەوە؛ حیزبێک کە بۆ یەکەمجار توانی وشیاریی نەتەوەیی کوردان لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسیی نوێ، پێکهاتەمەند، ڕێکخراو و گشتگیردا ڕێک بخا.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و لە دڵی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» (ژ.ک)ەوە کە لە ساڵی ١٣٢١دا دامەزرابوو، هاتەدەر. ئاوێتەیی و بەردەوامیی فیکری و تەشکیلاتیی نێوان ژێکاف و حیزبی دێموکرات تا ئەو ئاستەیە کە ئەمڕۆ زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە هەق وایە سێ ساڵی تەمەنی ئەم پێکهاتەیەش بخرێتە سەر تەمەنی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات. گواستنەوە لە ڕێکخراوێکی تا ڕادەیەک داخراو و نهێنیی وەک ژێکافەوە بەرەو حیزبێکی شوێندانەر و کۆمەڵگەتەوەر ئاماژەیە بۆ ئیرادەی پێشکەوتن بە ئاقاری پڕاگماتیزمی سیاسی و پلوڕالیزمی کۆمەڵایەتی؛ بە دەربڕینێکی تر ئامانج لەم بازدانە چەشنییە لە کاری حیزبیی کوردەکان لە ئێراندا، کۆکردنەوە و یەکخستنی توێژە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد بە ڕەچاوکردنی واقیعە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوو.

## ٢٥ی گەلاوێژ

حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا چەند مانگێک دوای دامەزرانی، بوو بە مۆتۆری کاردروستاییەکی مەزنی سیاسی و کەوتە نێو ناوەندی ئەزموونێکی مێژوویی کە ناسنامە و گوتاری ئەو حیزبەی بۆ هەمیشە لە قالب دا، واتە کۆماری کوردستان کە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مەهاباد ڕاگەیەندرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەم کۆمارە لە یازدە مانگ تێنەپەڕی، بەڵام ئەو کۆمارە ڕۆڵێکی ژیانەکی و چارەنووسسازی لە داڕشتن و خەمڵاندنی خەونی سیاسی - نەتەوەییی هەموو کورددا گێڕا. ئەم ئەزموونە کۆمەڵێک پرەنسیپ و هێمای بەرهەم هێنا و لەدوای خۆی بەجێهێشت کە بایەخ و گرنگییان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات تێپەڕی. ویستی سەروەریی نەتەوەیی، ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، ناو و هێمای پێشمەرگە، تێگەیشتنێکی سەردەمی لە وشیاریی هاووڵاتی لە کوردستان و یەکیەتیی نێوان کوردان ئەولاتر لە سنوورەکان، بەشێک لە میراتی سیاسیی و هێمایی ئەم ئەزموونە پڕبایەخەن.

### نەتەوەخوازیی شێلگیر بەڵام واقعبینانە

میراتی مێژوویی مەهاباد لە ناخی خۆیدا هەڵگری جۆرێک دیالێکتیک و گرژیی گوتاری بوو کە لە دەیەکانی دواتریشدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەوە. ئەم حیزبە هەمیشە خۆی بە ئاڵاهەڵگری سەرەکیی داکۆکی لە ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران زانیوە. لە هەمان کاتدا تێکۆشاوە لە چوارچێوەی ئێراندا بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی پتەو و پایەدار بۆ پرسی کورددا بگەڕێ؛ چارەسەرێک کە هەتا ساڵی ١٣٨٣ لە چوارچێوەی خودموختاریدا فۆرموڵە دەکرا و پاشان بۆ فیدراڵیزم بەرز کرایەوە.

هەندێک لە ڕەخنەگران، حیزبی دێموکرات بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە گرتنەبەری ئەم ڕێبازە، ئاستی داواکارییەکان و ئاسۆی ئاواتەکانی کوردی سنووردار کردووە و لە خواست یان مافی سەربەخۆیی کورد پاشەکشەی کردووە. هەقیقەتی مەسەلەکە شتێکی دیکەیە. لە لایەکەوە، ئەزموونی مێژوویی کۆماری کوردستان ئاڵۆزتر لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە سادەکەرەوانەیە. زۆر لە هێماسازی و هەڵبژاردنە سیاسی و نیهادییەکان لە کۆماری کوردستان و بەگشتی کەشی زاڵ بەسەر ژیانی کورتی ئەم کۆمارەدا دەلالەت لە ڕوانگە و تێروانینێکی بەربڵاوتر و بەرزەفڕانەتر دەکەن. هەروەک دکتور قاسملوو دواتر لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی»دا نووسی، قازی محەممەد و ڕێبەرانی کۆمار، چاویان لە ئاسۆیەکی دوورەدەستتر کە زۆر ئەولاتر لە خودموختارییەکی سنووردار لە چوارچێوەی ئێراندا دەڕۆیشت بڕیبوو؛ بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوان بە تەواوی ئاگاداری بەربەستە نێودەوڵەتییەکان و ئاستەنگە ناوچەیییەکانی بەردەمیان بوون. ئەم پێوەندی و لێکگرێدانەی نێوان ئارمانجخوازیی نەتەوەیی و واقیعبینیی سیاسی بووەتە ڕێکار و پێناسەیەک کە حیزبی دێموکڕات هاوسەنگییەکانی پێ ڕاگرتووە. بەدیوەکەی دیکەشدا، حیزبی دێموکرات لە دەیەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیشدا

## ٢٥ی گەلاوێژ

بەردەوام پێداگریی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد کردووە و تەنانەت هەندێک جار ئاماژەی بە مافی کوردەکان لە ئێران بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسیی سەربەخۆییش کردووە.

تێکۆشان بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو ستراتیژییەدا، هەمیشە بۆ ئەم حیزبە مەشقێکی هزری و سیاسیی قورس و سەرچاوەی نالیکی و هەڵکشان و داکشان لە هەر دوو بەستێنی ئێرانی و کوردستانیدا بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ئەو بەرپرسیارەتییە مێژوویی و گوتارییەی لە بزووتنەوەی کوردی لە ئێراندا لەسەرشانیەتی، زۆربەی جار لە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕادیکاڵ خۆی بواردوە. لە ڕاستیدا بۆ ئەم حیزبە، مەسەلەی بنەڕەتی تەنیا هەڵبژاردن لە نێوان خودموختاری/فیدراڵیزم لە چوارچێوەی ئێران و سەربەخۆییخوازیدا نییە؛ بەڵکوو ئاڵەنگاریی سەرەکی لە چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پێگەی سیاسیی کوردستان لە داڕشتنەوەی پێکهاتەیی ئێراندایە، بە شێوەیەک کە مەسەلەی کورد لە چەمکی ئینتیزاعی و ئاستی دابەزێندراوی بەناو یەکسانیی هاووڵاتیبووندا ون نەبێ. ئەم ئاڵەنگارییە بە هەمان ئاست سەختتر دەبێتەوە کە پێگەی کۆمەڵایەتی و بەدەنەی ئەم حیزبە (نەک هەر نەوەی نوێ، بەڵکوو تەنانەت لەنێو پێشمەرگە دێرینەکانیشدا) لە دەربڕینی ویست و ئارەزووی نەتەوەیی خۆیاندا ڕێباز و ڕوانگەیەکی زۆر ڕادیکاڵتر لە ئەدەبیاتی فەرمی و بەرنامەی پەسندکراوی حیزبیان هەیە.

ئەمڕۆ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان زیاتر لە هەر کاتێک مافی ڕەوا و بوونی سیاسیی کوردیان خستووەتە مەترسییەوە و هەوڵ بۆ نەهێشتنی پێگەی تایبەتی کورد لە پرۆسەی بەناو گەشەپێدانی سیاسی و مێعماریی نیهادیی ئەو وڵاتانەدا دەدەن. لەو نێوەدا بەداخەوە هێندێک ڕەوت و لایەن و چالاکی سیاسی و مەدەنیی کوردیش، بەئەنقەست یان لەڕووی نەزانییەوە، تێکەڵکردنی داواکارییە سیاسی و بە کۆمەڵەکانی کورد لە ئێران لەگەڵ بەها و بابەتە کۆمەڵایەتی و بە ڕواڵەت دێموکڕاتیکەکانی ئێراندا بە شتێکی ئاسایی دەزانن و بۆ مەبەستی تایبەت بە خۆیان یارمەتی بە تواندنەوە و بنکۆڵ کردنی پرسی کورد وەک پرسی مێژوویی گەلێکی ژێردەستە و خاک دابەشکراو دەکەن.

لە حاڵەتێکی وادا، کەمترین چاوەڕوانی کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەڵگری سەرەکیی ڕەسالەتی نەتەوەیی کورد لە ئێران دەکرێ ئەوەیە کە، لە پاڵ پاراستنی واقیعبینیی سیاسی و بەرفراوانکردنی هەوڵەکانی بۆ بەشداریی شوێندانەر لە پرۆسە سەراسەرییەکانی ئێراندا، وەک هەمیشە بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە لەسەر ناسنامەی سیاسیی جیاوازی کورد و پێویستیی دەستبەرکردنی پێگەیەکی یاسایی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەسەریەکەوە) پێداگری بکا و خۆی لە پاشکۆیەتیی ئەو ڕەوتانە بپارێزێ کە بە زمان و ڕواڵەتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشەوە هەوڵ دەدەن ئاکامە سیاسی و حقووقییەکانی پێشینەی مێژوویی و تایبەتمەندیخوازیی ڕەوای کورد بسڕنەوە.

### لە چەپی نەریتییەوە بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەستێنێکی مێژووییدا لەدایک بوو کە ئۆردووگای چەپ کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر بیچمگرتنی ناسنامەی سیاسیی بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان هەبوو. بەوحاڵەش، حیزبی دێموکرات هەرگیز نەبووە ڕێکخراوێکی ئیدئۆلۆژیک. ئەو حیزبە لەژێر ساباتی ڕێبەریی د. قاسملوودا کە لە ساڵی ١٩٧١ بەدواوە بەرپرسیارەتیی یەکەمی حیزبی گرتە دەست، توانی خۆی لە هێژمۆنیی گوتاریی حیزبی تودە و بەگشتی چەپی مەوجوود ڕزگار بکا و پێناسەیەکی سەربەخۆ و نائۆرتۆدۆکس لە ئیدەئالی چەپ پێشکەش بکا. لەم چوارچێوەیەدا، سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ حیزبی دێموکرات بوو بە مۆدێلێکی شیکاری و پەنجەرەیەکی گوتاری هەتا هەم لە نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی و ئامانجی نەتەوەیی کورددا ئاوێتەکردنێکی ژیرانە و کارا ئەنجام بدا، هەم زەرفیەتی کایەکردن لە بەستێنی نێونەتەوەیی بەتایبەتی لە ئورووپای ڕۆژئاوا بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی سیاسی لە کورد بەگشتی و کورد لە ئێران بەتایبەتی بەخۆی ببەخشێ.

ئەگەرچی لە سەردەمی ئێستادا سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕابردوو زۆر کاڵ بوونەوە، ئاڵەنگارییەکانی پێوەندی و ئەولەویەتبەندیی نێوان ڕزگاریی نەتەوەیی و یەکسانیی چینایەتی هەر لەجێی خۆیانن. لە سەردەمێکدا کە بەهۆی شکستی ئیدەئالی سۆسیالیستی لەسەر عەرز، چەمکە لیبراڵییەکان دزەیان کردووەتە ناخی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستی بەوەیە مانایەکی عەینی و کردەیی بە بەڵێن و دەروەستییەکانی خۆی لەهەمبەر دادپەروەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتی ببەخشێ. پرسی نەتەوەیی هەرچەندە بۆ ڕەفتاری سیاسیی کورد بڕبڕەی پشت و لەڕاستیدا فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات بێ، بە تەنیا ناتوانێ مانیفێستێکی تەواو و هەمەلایەنە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بخاتەڕوو. بەپێچەوانەوە، پشتگوێخستن یان کەمتر پرژانە سەر پرسی دادپەروەری و بە گشتی بەهێند نەگرتنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی پەرشوبڵاوی و بەفیڕۆچوونی بەشێک لە تواناکانی نێو کۆمەڵگە و ئەم بابەتەش زیان بە یەکگری و ئاقارسازیی ئاکامدار لە خەباتی نەتەوایەتیدا دەگەیەنێ.

### سەربەخۆیی سیاسی و پابەندی بە کۆمەڵێک پرەنسیپی جێی ستایش

سەربەخۆیی لە بڕیاردان و ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتی، هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە. لە سەردەمی ڕێبەریی د. قاسملوودا، ئەم حیزبە توانی لەژێر هەژموونیی حیزبی تودە و بە گشتی

## ٢٥ی گەلاوێژ

ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێران و هەروەها لە بەستراوەیی بە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بێتە دەر. ئەو کاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەستی کرد شورای میللیی مقاومەت (لەژێر هێژێمۆنیی موجاهیدینی خەڵقدا) سەربەخۆیی سیاسیی ئەم حیزبە تەحەمول ناکا، بڕیاری چوونە دەرەوەی لەو هاوپەیمانییە دا. لە پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ ڕەوت و لایەنە دیارەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، ئەو حیزبە هەمیشە هاوسەنگی و بێلایەنیی خۆی پاراستووە.

ئەم سەربەخۆییە پێکهاتەییە لە بەستێنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕاتیشدا بەرجەستە بووە. واقیعی ژێئۆپۆلیتیکی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دەریخست هیچ دەسەڵات و جەمسەرێکی نێودەوڵەتی مەیلی ڕاستەقینەی بۆ پشتیوانی لە داواکارییەکانی کورد نییە. لە هەمان کاتدا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆخۆیشی فەرهەنگێکی سیاسیی تایبەتی لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە پاشکۆیەتی و پەراوێزنشینی لە بەرامبەر زلهێزەکاندا چەسپاند؛ بە شێوەیەک کە لە سەردەمی شەڕی سارد ئەو حیزبە لە یەک کاتدا ئازایەتیی ڕەخنەگرتن لە هەردوو بلۆکە سیاسییە زاڵەکەی ئەو سەردەمەی هەبوو. لە بارودۆخی ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی تێوەگلاوی شەڕێکی قورس و چارەنووسسازە، ئەم حیزبە بە پێچەوانەی هێندێک گریمانە و چاوەڕوانی، هێشتا پێداگری لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی خۆی دەکا و سوورە لەسەر ئەوەی بە قیمەتی تیروتوانجی زۆر لە چاوەدێران جاریَ هەر سیاسەتی دانبەخۆداگرتنی ژیرانە ڕەچاو بکا.

لە بواری پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستان سەربەخۆیی سیاسیی خۆی کردووەتە دەرفەتێک بۆ چەسپاندنی باوەڕ بە هاوپێوەندیی سەراسەریی کورد و پەرەپێدانی ئەخلاقێکی سیاسیی پشتبەستوو بە بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی. بە درێژایی شەڕی ئێران و عیراق، سەرای ئەوەی ئەو حیزبە خەباتێکی چەکداریی خوێناویی بەدژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد، بەڵام قەت ڕێگەی نەدا هاوئاراستەیی عەینی و تاکتیکیی ئەم حیزبە لەگەڵ بەغدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیدا ببێتە مایەی بەستراوەیی سیاسی حیزب بە حیزبی بەعس. لە نیوەی دەیەی ١٩٩٠-یش بەدواوە، ئەو حیزبە هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی مەیدانی (بە تایبەت لە ڕەهەندی سەربازییەوە) بیانووی فشار و هەڕەشە لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق نەداتە دەست کۆماری ئیسلامی. لە هەردووکی ئەو بوارانەدا (هەم مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە و هەم پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد)، حیزبی دێموکڕات پیرەویی لەو ئەسڵە کردووە کە بردنەپێشی پرسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا نابیَ لەسەر حسێبی بەرژەوەندییەکان یان دەسکەوتەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە بیَ. ئەمە ئەسڵێکە کە قەت وەک پێویست یا بە تەواوی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەرهەق بە حیزبی دێموکڕات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو نەکراوە.

لە تەنیشت ئەم سەربەخۆییە لە بۆچوون و کردەوەدا، کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپیش هەن کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە

بەهێزکردنی ئیعتبار و ڕاکێشانی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ لای حیزبی دێموکراتدا هەبوو؛ لەوانە هەوڵی بەردەوام بۆ کەمکردنەوەی تێچووی مرۆیی شەڕ، ڕەفتاری مرۆڤانە لەگەڵ دیلەکان و ئازادکردنیان، ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانەی تێرۆریزم، بارمتەگیری و هێرش و پەلاماری کوێرکوێرانە و پێچەوانەی قانوونی بەشەردۆستی. هەموو ئەو پرەنسیپ و بەهایانە لە ئاستی ئێرانی و نێونەتەوەییدا جۆرێک لە سیمای شارستانی و ڕێز و سەنگینیان به حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەخشیوە کە ئەو حیزبە دەتوانێ شانازیی پێوە بکا. بەڵام دەبێ سەرنج بدرێتە ڕووەکەی دیکەی دراوەکەش: پابەندبوونی قورس و قایم و سەرسەختانە بەو پرەنسیپانە و حەزەری بەردەوام بەتایبەتی لە هێندێک بڕگە و هەلومەرجی دیاریکراودا توانای مانۆڕدان و زەرفییەتە تاکتیکییەکانی ئەو حیزبەشی سنووردار کردووە. لێرەدا بە هیچ جۆر مەبەست ئەوە نیە کە بڵێین با ئەو بەها و پرەنسیپە پیرۆزانە پێشێل بکرێن؛ بەڵکوو قسە لەسەر زەرووڕەتی خستنەڕووی ڕێکارگەلێکی خەباتگێڕانەیە کە وێڕای ڕێزگرتن لە بەهاکانی ئەخلاقی سیاسی و نەتەوەیی، ئاستی دەستپێشخەریی بەکردەوە و توانا مەیدانییەکانی ئەو حیزبە بۆ شوێندانانی زیاتر لەسەر ڕەوتی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بەرز بکاتەوە.

## واقیعگەرایی وەک سەرمەشقی ڕەفتاری سیاسی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی جەماوەری و نائیدئۆلۆژیک، لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا هەمیشە هەوڵی داوە ببێتە چەقی بەیەکگەیشتنی بەشی بەرچاوی فرەچەشنی و جیاوازییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و زەرفییەتە خەباتگێڕییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەو حیزبە هەوڵی داوە هەم لەگەڵ مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە پێش دامەزراندنی خۆیەوە سەنتێز و پێوەندی دروست بکا، هەم جۆرێک لە سێکولاریزم و سەرخانی مۆدێرنی سیاسی بخاتە ڕوو کە ژێرخانی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ پێشخستنی خەباتی نەتەوەیی دەکار بخا بەبێ ئەوەی بهێڵێ بەهۆی ویەوە کەلێن و درزە پێکهاتەییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە قووڵتر ببنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم حیزبە هیچ کات شێواز یان فۆرمێکی تایبەتی خەباتی وەک شتێکی موتڵەق چاو لێ نەکردوە. حیزبی دێموکرات هەر کاتێک هەستی بە کەمترین زەمینەی سیاسی کردبێ، تەنانەت لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی حاکمییەتی نادێموکراتیکدا بەشداری هەڵبژاردن بووە یان بانگەوازی بۆ بەشداریکردنێکی ئامانجدار کردووە؛ ڕێبەرە دیارەکانی خۆی تەنانەت بە نرخی دانانی گیانیان ناردۆتە مەیدانی وتوویژ و دانوستانی سیاسی؛ کات و سەرمایەی ماددی و مرۆیی بۆ بوارە مەدەنی و دیپلۆماسییەکانی خەبات تەرخان کردوە؛ و لە بارودۆخی گونجاودا و بەپێی پێویست پەنای بۆ خۆڕاگریی چەکدارانەش بردووە و هەمیشە هێزی پێشمەرگەی خۆی پاراستووە.

ئەم توانایە لە کایەکردن لە چەندین بەرە یان بەستێنی جیاواز و تەنانەت هێندێک جار ناڵێکدا، بە خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکڕات دادەنرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا، **پرسیارێکی ستراتیژی و ژیانەکییش قووت دەکاتەوە:** چۆن دەکرێ ئەم شێواز و ڕێکارە جیاوازانەی خەبات بەپێی گرینگییان و بەپێی هەلومەرج بە جۆرێک هەماهەنگ و ئەولەویەتبەندی بکرێن کە یەکتر نەفی نەکەنەوە و ئاکام و بەرهەمی سیاسیی ڕوون و کۆنکرێت مسۆگەر بکەن؟ ئاڵەنگاریی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە بارودۆخی هەستیار و جاریَ زۆر دژواری ئێستادا ئەوەیە کە چۆن لە ئاڵۆزییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بەرامبەر بە ئێران بۆ ڕزگاربوون لە سنووردارێی مەیدانیی بەرهەمی سی و سێ ساڵ مانەوەی ڕێبەریی حیزب لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان کەڵک وەربگرێ، بەبێ ئەوەی بۆ ئەو دەربازبوونە ناچار بێ تێچووی گەورە لە جەوهەری داواکارییەکان و لە پێناسەی سیاسیی هەشتا ساڵەی خۆی و لە بنەماکانی هەرمانی خەباتگێڕانەی خۆی بدا.

## حیزبێکی بەساڵداچوو لە کۆمەڵگەیەکی بە پێکهاتە نۆژەنبووەوەدا

لە باس و خواسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هێندێک کەس و لایەن ئەو حیزبە کوردییانەی پێش یان یەکسەر پاش شۆڕشی ١٣٥٧ دامەزراون، بە ئاوەڵناوی "نەریتی" یان "کلاسیک" پێناسە دەکەن؛ هەروەک بڵێی دێرینەیی و پاشخانی مێژوویان نیشانەی مانەوەیان لە ڕابردوودا و ماوە بەسەرچوونیان بێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دێموکڕات، جێی خۆیەتی لەو کەس و لایەنانە بپرسن کە ئایا دەکرێ حیزبێک هەشت دەیە لە داخراویی کەشی سیاسی و چالاکیی نهێنی، شەڕ و سەرکوت و تیرۆری ڕێبەرەکانی، کێشە و لێکترازانە نیوخۆییەکان؛ و گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆیی دەرباز بکا بەبێ ئەوەی خاوەنی توانایەکی ڕاستەقینە بۆ گونجاندن و نوێبوونەوە بێ؟

پێوانەکردنی کێش و پێگەی ئێستای حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی قەدەغەبوونی چالاکییەکانیان و نەبوونی کێبڕکێی ئازادی هەڵبژاردن، هێشتا کارێکی دژوارە. تاکە قۆناغی مێژوویی کە پێوەرێکی باوەڕپێکراو و عەینیی لە کێشی ئەم حیزبانە دایە دەست یەکەمین هەڵبژاردنەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بوو؛ ئەو شوێنەی کاندیدەکانی نیزیک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی ئەو حیزبە حزوور و چالاکیی ئازادی تێدا هەبوو، زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان (تەنانەت سەرووی ٨٠ لە سەد)یان وەدەست هێنا. ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنی خەمڵێنراوی قوورسایی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی پێوەرگەلی ڕێژەیی وەک قووڵایی مێژوویی، پێگەی کۆمەڵایەتی، توانای ڕێکخستنی گشتی، بەرفراوانیی تەشکیلات و پێوەندییەکانیانەوە دەکرێ. بەو پێوەرانە بێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێشتا پێگەیەکی ناوەندی و بڕیاردەری لە ژینگەی سیاسیی کوردستانی ئێراندا هەیە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ساڵی ٢٠٢٦ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ساڵی ١٩٧٩ نیە. نەوە نوێیەکان و ئەکتەرە

## ٢٥ی گەلاوێژ

سیاسییە تاکییەکان (منفرد) و گرووپی سیاسی و مەدەنیی نوێ، زۆرجار بە نرخی ئەتۆمیزەبوونی یاریی سیاسیی کورد لە ئێران، پێیان ناوەتە مەیدانەکەوە و فرەچەشنیی نێوخۆیی کۆمەڵگەی کوردی نە تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە بەڵکوو بەتایبەتی لە بەستێنی فەرهەنگیدا، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەرجەستە بووەتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی مێژوویی خۆی وەک تەوەر و چەقی تەبایی و یەکگریی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران بپارێزێ، پێویستی بەوەیە ئەم فرەچەشنە کولتوری و ناوچەییە بە شێوەیەکی بەرجەستەتر لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و گوتاری سیاسیی خۆیدا ڕەنگ پێ بداتەوە، بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بە زیانی یەکگرتوویی و ئینسجامی نێوخۆیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ناسنامە و ئاسۆ ستراتیژییە هاوبەشەکەی بشکێتەوە.

یەکگرتنەوەی سەرلەنوێی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٢٢دا نیشاندەری بەرپرسیاری و توانای ئەو حیزبە بۆ دروستکردنی سەنتێز و تێپەڕاندنی لێکترازانە نێوخۆییەکان بوو. ڕۆڵی ناوەندی و دەستپێشخەریی ئەو حیزبە بۆ یەکگرتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و دروستکردنی چوارچێوەیەک بۆ هاوکاری و هاوپەیمانیی نێوانیانیش (بە هەموو دەڵەمەیی و کەموکوڕییەکانییەوە) هەڵگری هەمان پەیامە. ئەمڕۆ ئاڵەنگاری و ئەرکی سەرەکیی حیزبی دێموکڕات لەو بوارەدا کەڵکوەرگرتن لە وەرزی نوێ و هیوابەخشی دینامیزمی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردستان بۆ ڕێگریکردنی یەکجاری لە دووبارەبوونەوەی ململانێی خراپ و ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردووی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کارامەکردن و بەکردەوە جێخستنی ئەو یەکڕیزی و یەکگرییەیە، بەبێ ئەوەی ئەو حیزبە لەپێناو یەکێتیی نێوماڵی کوردی ڕۆژهەڵات و هاوئاراستەیی لە خەباتدا ناچار بێ مل بۆ دابەزاندنی ئاستی داواکارییە سیاسییەکانی کورد لە ئێران و کەمڕەنگکردنەوەی بنەما مێژووییەکانی پێناسە و شوناسی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان ڕاکێشێ.

### کێشانەوەی داهاتوو لەسەر بنەمای هەگبەی مێژوویی و توانستی ئەمڕۆیی

سەرەنجام گەورەترین خاڵی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە ئاوێتەکردنی میراتی ڕەمزی و مێژوویی و ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و بەربڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پۆتانسیەلی نوێبوونەوەی ڕێژەیی لە نێوخۆی خۆیدا و خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دەرەوەی خۆی. بەو حاڵەش، میراتی ڕابردوو بە خودیی خۆی دەستەبەری داهاتوو ناکا و دروستکردنی چۆڕاوگەی (خروجی) ڕاستەقینەش لە جیاوازیی بۆچوون و خواستگەکان لە حیزبێکی دێموکڕاتیک و زیندوودا هەمیشە تەمرینێکی دژوار و پڕکێشەیە.

ئەمڕۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی گەنجان و ژنان و گواستنەوەی نێوان نەوەکان و پێگەیاندنی جێگرەوەکان، کەڵکوەرگرتنی دروست

## ٢٥ی گەلاوێژ

و کارا لە پێگەی بەربڵاوی جەماوەری و ڕێکخستنی تەواوی زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگە، ڕاکێشانی بەربڵاوتر و وردتری پسپۆڕ و بژاردەکان، کەڵکوەرگرتنی زیاتر و باشتر لە هێزی دیاسپۆرا، مۆدێرنکردنی ئامرازەکانی خەبات بەتایبەتی لەبواری ڕێکخستن و لۆبیگەریی دیپلۆماسی و میدیا و چەکداریدا، بردنەپێشی گوتاری سەروەریخوازانە لەسەر بنەمای خاک و سەرچاوەکانی کوردستان، دروستکردن و بەهێزکردنی جەمسەرێکی بەهێزی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێراندا وێڕای وریا بوون لە پێوەندیی کورد و ئازەری لە ئێران و دۆزینەوەی هاوبەش (شریک)ی جێی متمانە لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا، بەشێک لە ئەرکەکانی بەردەم حیزبی دێموکراتن.

وێڕای ئەوەی ئەمڕۆ خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی جیددی بەرتەسک بۆتەوە و لەگەڵ کۆسپی گەورەی ئەمنیەتی و ژێئۆپۆلیتیکی بەرەوڕوویە و لە هەمان کاتیشدا ئەو حیزبانەی لە ڕابردوودا بانگەشەی پێشەنگایەتی کۆمەڵگەی کوردستانیان دەکرد ئەمڕۆ ڕوویان زۆرتر روویان لە تەوازوعی سیاسی کردووە، حیزبی دێموکرات نابێ لە توانای کاریگەری بەخشین و ڕۆڵی ناوەندیی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا غافڵ بێ. بۆ ئەم مەبەستە هەق وایە پێگەی مێژوویی، پۆتانسێلی جەماوەری و توانا خەباتگێڕییەکانی ئەم حیزبە لە تەواوی بوارەکاندا زیاتر لە پێشوو ببنە هەوێنی خەباتێکی فرەڕەهەند و ژیرانە کە لەسەر بنەمای پێشینەبەندیی ڕوون و ڕاشکاو ڕاوەستابێ و دەسکەوتی عەینی و بەرجەستەی لێ بکەوێتەوە.

لە هەشتا و یەک ساڵەیدا، ئاڵەنگاریی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتییە لە گۆڕینی قابلیەتی مانەوە (بقا)ی سیاسی بۆ دەستپێشخەریی ئاڵوگۆڕ و توانای ئاڕاستەکردنی پێشهاتەکان. هێنانەدیی ئەم بابەتە بەندە بەوە کە ئەم حیزبە سەربەخۆیی سیاسیی خۆی و سروشتی قائیم بە زاتی پرسی کوردستان بپارێزێ بێ ئەوەی لە دەرەوەی ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکاندا بمێنێتەوە؛ بەشدارییەکی چالاکانەی لە هەوڵەکانی دروستکردنی جێگرەوەیەکی دێموکراتیک لە ئێراندا هەبێ بێ ئەوەی ڕازی بێ پرسی کورد لەم ڕەوتانەدا بتوێتەوە؛ بە ئەسڵ و پرەنسیپەکانی خۆی وەفادار بمێنێتەوە هاوکات کە توانای مانۆڕی سیاسیی خۆی بەرفراوانتر بکا؛ فرەیی و جیاوازییە نێوخۆییەکانی کوردستان زیاتر لە پێشوو لە باوەش بگرێ بێ ئەوەی ئینسجام و یەکێتی نەتەوەیی لەبیر بچێتەوە.

لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە کە ئەو حیزبە بتوانێ هەگبەی مێژوویی و مەشخەڵی خەباتی خۆی بە نەوەکانی ئێستا و دواتر بسپێرێ و بۆ سەرکەوتن لەو کارەشدا لەبیری بێ کە نەوەی نوێ تەنیا هۆگری ناسین و ڕێزگرتن لە شانازییەکانی ڕابردوو نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک لە خەمی ئەوەدایە کە ئایندەیەکی دیکە بنیات بنێ.

١٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

# لە مێژوو و میراتەوە بۆ پڕۆژەی داهاتوو (حیزبی دێموکرات و نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردەواری)





**عەلی بداغی**

لە پێناسەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زۆرجار ئەم دەربڕینە بەکار هاتووە کە حیزبی دێموکرات حیزبی دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم دەربڕینە تەنها ڕیزکردنی کۆمەڵێک وشە یان دروشمێکی ناسنامەیی نییە؛ لە پشت ئەم

## ٢٥ی گەلاوێژ

پێناسەیەدا مێژوویەکی ٨١ ساڵە هەیە کە تێیدا حیزب، بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغ و گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا پێکەوە گەشەیان کردووە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی ئەم مێژووە ئەوەیە کە لە هەندێک قۆناغدا سێ نەوە لە چوار نەوەی تێکۆشەرانی حیزب، لە یەک کاتدا و لە یەک سەنگەری هاوبەشدا، خەباتیان کردووە. ئەمە تەنها نیشانەی درێژایی تەمەن و بەردەوامیی حیزب نییە؛ بەڵکوو نیشانەی جۆرێک لە گواستنەوەی ئەزموون، بیر، بەها، ناسنامە و ئەخلاقی سیاسییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئەم ٨١ ساڵ خەبات و تێکۆشان و ئەو مێژووە دووردرێژ و خوێناوییە چ کاریگەرییەکی لەسەر نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و لە بەرامبەر گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگە، شێوازی بیرکردنەوە و ئاستی داخواز و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێدا، حیزبی دێموکرات چ میتۆدێکی نوێی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێت بگرێتەبەر؟ ئەم دوو پرسیارە بەیەکەوە پەیوەستن. چونکە ئەگەر مێژوو تەنها بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو بێت، دەبێتە مۆزەخانە؛ بەڵام ئەگەر ببێتە سەرچاوەی فێربوون و بەرهەمهێنانی بیر و ستراتیژی، ئەوا دەبێتە سەرمایەیەکی زیندووی داهاتووساز.

### کاریگەریی مێژووی خەبات لەسەر نەوەی نوێ

شک لەوەدا نییە نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە خوێندنەوەی مێژووی بزووتنەوەی کورد، دەزانێت کە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات تەنها زنجیرەیەک لە ڕووداو و ڕاپەڕین و هەڵمەتی پێشمەرگانە و کار و چالاکیی حیزبی نەبووە. بەڵکوو ئەم خەباتە بەشێکە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی دروستکردن و پاراستنی خودی سیاسی و نەتەوەییی کۆمەڵگەی کورد. لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە تا قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانە، و لە خەباتی سیاسی و مەدەنیی ئەمڕۆدا، ئەم بزووتنەوەیە بە نرخێکی زۆر گران بەردەوام بووە.

ئەو نرخە تەنیا بە گیان و خوێنی تێکۆشەران نەدراوە؛ ساڵانێک زیندانی، ئاوارەیی، سەرکوت، دابڕان، لەدەستدانی هەلی ژیان و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەش بەشێکی دیکەی ئەم تێچووە بووە. بۆیە، مێژووی حیزبی دێموکرات لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکەڵە. ئەم حیزبە تەنها ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە لەگەڵ کۆمەڵگە کار بکات؛ بەڵکوو لە زۆر قۆناغدا خۆی بەشێک بووە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە. لە هەمان کاتدا، پێویستە مێژوو لە پێوەندییەکی دروستدا بخوێندرێتەوە. مێژوو نابێت ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی سیاسی. نەوەی نوێ دەبێت ڕابردوو بناسێت، لێی فێربێت، لە هەڵەکان فێر ببێت، سەرکەوتنەکان

هەڵبسەنگێنێت و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە ڕابردووەوە نەبەستێتەوە. واتە میراتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتە بەهادارە کە بتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی زیاتر.

نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەمان کاتدا کە لە جیهانێکی زۆر جیاواز لە جیهانی نەوەکانی پێش خۆی دەژیت، بەشێک لە بەها و بیرکردنەوەکانی خۆی لە مێژووی خەبات وەرگرتووە. ئەم مێژووە لە نەوەی نوێدا چەند سەرمایەیەکی گرنگی دروست کردووە: پێویستیی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، وشیاریی سیاسی، ورەی بەرخودان، متمانە بە توانای خۆ، هەستی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و باوەڕ بەوەی کە ماف بەبێ خەبات بەدەست نایەت. بەڵام نەوەی نوێ ئەم بەهایانە بە شێوەیەکی جیاواز دەخوێنێتەوە. ئەگەر نەوەکانی پێشوو لە زۆر قۆناغدا خەباتیان هەر لە چوارچێوەی ڕێکخستن، پێشمەرگایەتی، چەک، مەیدان و ڕێکخراوی سیاسیدا دەدیت، نەوەی نوێ هەمان ئامانج بە چاوێکی فراوانتر دەبینێت.

ئەم نەوەیە دەزانێت هێزی نەتەوە تەنها لە هێزی ڕەق و توانای چەکداری پێک نایەت. هێزی سیاسیی نەتەوە لە کۆی چەندین جۆری تواناکادا پێک دێت: زانست، خوێندن، توانای ئابووری، میدیا، زانیاری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، توانای دروستکردنی ڕیوایەت و گێڕانەوە، دیپلۆماسی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، توانای بەشداریی مەدەنی و توانای دروستکردنی هاوپەیمانی. ئەم گۆڕانکارییە لە تێگەیشتن لە هێز، یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی نەوەی نوێ.

### شاخ و پێشمەرگە، شار و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان

جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکە تێیدا سنووری نێوان هێزی ڕەق و هێزی نەرم ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە. ئەو کۆمەڵگەیەی بتوانێت بیر و ڕیوایەت و زانیاریی خۆی بەرهەم بهێنێت و بیگوازێتەوە، دەتوانێت کاریگەریی سیاسیی لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دروست بکات. نەوەی نوێی کورد لەم گۆڕانکارییە تێگەیشتووە. بۆیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو نەوەیە تەنها ئامرازی پەیوەندی و کات بەسەربردن نییە؛ بەڵکوو بۆشاییەکی نوێیە بۆ دروستکردنی وشیاری، بەرهەمهێنانی ڕیوایەت، بەرگریی ناسنامە، ڕێکخستنی خۆبەخشانە و گەیاندنی دەنگی کۆمەڵگە بە دەرەوە.
ئەمە زۆر گرینگە کە لە تاراوگە و دیاسپۆرا بەکارهێنانی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاری ڕێکخراوەیی و کەمپینەکان و چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان، بەشێکە لەو هەوڵەی کە دەیەوێت پرسی کورد لە چوارچێوەیەکی نێوخۆییەوە بباتە ئاستی نێودەوڵەتی. هاوکات لە نێوخۆی کوردستانیش، چالاکییە مەدەنییەکان، ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، چالاکییەکانی پاراستنی زمان و ناسنامە، و فێرگە و پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان، هەموویان بەشێکن لە شەڕێکی فراوانتر بۆ پاراستنی بوونی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کورد. ئەمە جۆرێکی نوێی خەباتە؛ خەباتێک کە سەنگەرەکانی تەنها

شاخ نین و لە شارەکان سەر وەدەر دەنێن؛ لە قوتابخانە، زانکۆ، میدیا، کتێبخانە، ئەنجومەن، تۆڕە کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو شوێنانی کە تێیدا بیر و ناسنامە و ئیرادەی کۆمەڵگە دروست دەکرێت.

## نەوەی نوێ و حیزبی دێموکرات؛ لە پەیوەندیی مێژوویییەوە بۆ پەیوەندییەکی نوێ

نەوەی نوێ بەرامبەر بە مێژووی خەبات و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد ئەمەگناسە و ئەو حیزبە لە بیر و ویژدانی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا بە سەرمایەیەکی سیاسی و مێژوویی ناسراوە. بەڵام لێرەدا پێویستە جیاوازییەکی گرنگ ببینین: ڕێزگرتن لە مێژوو بە مانای دووبارەکردنەوەی شێوازی خەباتی ڕابردوو نییە.

نەوەی نوێ لە هەمان کاتدا کە شانازی بە مێژووی حیزبی دێموکراتەوە دەکات، بەڵام پرسیاری نوێشی هەیە. ئەو دەیەوێت بزانێت حیزب چۆن لە مێژووی خۆیەوە بۆ داهاتوو دەڕوانێت؛ چۆن لەگەڵ جیهانی گۆڕاو مامەڵە دەکات؛ چۆن توانای نەوەی نوێ دەخاتە نێو پرۆسەی بڕیاردان و بەرهەمهێنانی ستراتیژی؛ و چۆن لە ڕێکخراوێکی بەئەزموونەوە دەبێتە دامەزراوەیەکی سیاسیی توانابەخش. ئەمەش دەکرێت یەکێک بێت لە گرنگترین ئاڵنگارییەکانی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی داهاتوودا.
حیزب لە مێژووی خۆیدا زۆرجار ناچار بووە ڕۆڵی ڕێکخەر، ڕێبەر و بڕیاردەر بگێڕێت. ئەمەش لە قۆناغە مێژوویییەکانی خۆیدا هۆکاری خۆی هەبووە. بەڵام کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، بە تایبەتی نەوەی نوێ، پێویستی بە شێوازێکی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ حیزب هەیە. واتە دەبێت ڕۆڵی حیزب لە "ڕێکخەر"ەوە بۆ "توانابەخش" بگۆڕدرێ. حیزب نابێ لە هەموو شتێکدا هەر خۆی ببێتە چەقی بڕیار، بەڵکوو دەبێ ببێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی. نەوەی نوێ پێویستی بە ئازادیی بیرکردنەوە، خۆڕێکخستن، داهێنان، ئەزموونکردن و فێربوون لە هەڵەکردن هەیە و ئەگەر هەموو شتێک لە چوارچێوەیەکی توندوتۆڵی ڕێکخراوەییدا کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا بەشێک لە توانای داهێنانی ئەم نەوەیە دەکوژرێت. بۆیە، حیزبی دێموکرات دەبێ لە پەیوەندی لەگەڵ نەوەی نوێدا لە "ئەوان بۆ حیزب چی دەکەن؟"ەوە بگۆڕێت بۆ "حیزب چ بەستێنێک بۆ ئەوان دروست دەکات؟"

## مێژووی حیزب؛ قوتابخانەیەک بۆ نەوەی نوێ

حیزبی دێموکرات سەرمایەیەکی زۆر گەورەی ئەزموونی لەسەر یەک هەڵچنیوە. ئەم ئەزموونە دەتوانێت بۆ نەوەی نوێ پاشخانێکی سیاسیی دەوڵەمەند بێت. نەوەی نوێ دەتوانێت لە مێژووی حیزبدا ڕێکخستن، متمانە، بەرپرسیارێتی، قوربانیدان، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە، دیپلۆماسی، دروستکردنی هاوپەیمانی، مامەڵەکردن لەگەڵ قەیران، هەڵسەنگاندنی هەڵە و سەرکەوتن فێر بێت. بەڵام ئەم فێربوونە بۆ پەرستنی ڕابردوو نییە. نەوەی نوێ دەبێت مێژوو

## ٢٥ی گەلاوێژ

بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەوانەی پێش ئەو چۆنیان خەبات کردووە؛ بەڵام دەبێت ئەو مێژووە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بزانێت خۆی چۆن دەبێت درێژە بەو خەباتە بدات. واتە نەوەی نوێ شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەی سیاسیشە و ئەوەی پێویستیشە دروست بکرێت مرۆڤی سیاسیی نوێی کوردە.

ئەرکی حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر نەوەی نوێدا تەنیا هەر بانگەوازکردن بۆ بەشداری نییە؛ ئەرکی سەرەکیتر ئەوەیە سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنانی کادر، بیر و توانای سیاسی دابمەزرێنێت. حیزب دەبێت زیاتر گرنگی بە پەروەردەی سیاسی، خوێندنەوە، توێژینەوە، دیبەیت، فێرکاریی میدیایی، توانای دیپلۆماسی، زمان، ئابووری، یاسا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شیکردنەوەی ستراتیژی بدات. حیزبێکی مۆدێرن نابێت تەنیا هەر کادری ڕێکخراوەیی بەرهەم بهێنێت؛ دەبێت توانای بیرکردنەوە بەرهەم بهێنێت. حیزب دەبێت لەنێو نەوەی نوێدا ژینگەیەک دروست بکات کە تێیدا لاوەکان بتوانن پرسیار بکەن، ڕەخنە بگرن، پێشنیار بدەن، لەگەڵ بیرۆکەی جیاوازدا دیالۆگیان هەبێت و لە هەمان کاتدا فێری بەرپرسیارێتیی سیاسییش ببن. چونکە حیزبی بەهێز ئەو حیزبە نییە هەموو ئەندامەکانی بە یەک شێوە بیر بکەنەوە؛ حیزبی بەهێز ئەوەیە بتوانێت جیاوازیی بیرکردنەوە بگۆڕێت بۆ هێزی بیر و ستراتیژی.

### دواجار؛ سەنگەرە جیاوازەکانی خەبات

**لە مێژووی خەباتی کورددا سەنگەر زۆرجار شوێنی مانەوە و بەرگری بووە، بەڵام ئەمڕۆ سەنگەرەکان زۆر بوون.**

سەنگەری ئەمڕۆ دەتوانێت زانکۆ، کتێبخانە، تۆڕی کۆمەڵایەتی، میدیا، کۆمپانیا و دامەزراوەی ئابووری، ئەنجومەنی مەدەنی و بواری هونەر و ئەدەبیات یان بوارەکانی یاسا و مافی مرۆڤ بێت، دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بێت. ئەمە بە مانای کەمکردنەوەی گرنگیی سەنگەرە کۆنەکان نییە؛ بەڵکوو بە مانای فراوانکردنی چەمکی سەنگەرە.

**ئەگەر لە سەدەی ڕابردوودا پێشمەرگە بەشێک بووە لە پاراستنی خاک و خەبات بۆ ئازادی، ئەمڕۆ خوێندکار، مامۆستا، نووسەر، توێژەر، ژینگەپارێز، ڕۆژنامەنووس، چالاکی مەدەنی، پیشەساز، دیپلۆمات و بەرهەمهێنەری ناوەڕۆکیش دەتوانن بەشێک بن لە هێزی سیاسی و نەتەوەیی کورد.**

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

## پانۆرامای ٨١ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران




**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

١- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی = ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد. لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ - ک). دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نوختە گۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کوردو سەرەتایەک بوو لە پێک هاتنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مۆدێرن دا. چونکە پێش حیزبی دێموکڕات لە هەموو مێژووی نەتەوەی کورد دا حیزبێکی ئەوتۆ پێشکەوتوو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێک نەهاتبوو. بۆیەش هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکڕات، پشتیوانیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

---

٢- ٢٣ی ئوکتۆبری ١٩٤٥ی زایینی = ٢ی خەزڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد. (قازی محەممەد پێشەوای حیزب)

---

٣- ٦ی دێسەمبەری ١٩٤٥ی زایینی = ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ دەرچوونی یەکەم گوڤاری ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان کە بیرو بووچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە لایەن چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد.

## ٢٥ی گەلاوێژ

٤- ١٧ی دیسەمبەری ١٩٤٥ی زایینی = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ ڕۆژی چەک کردنی شارەوانی مەهاباد ئاخرین بنکەی حکومەتی ناوەندی و هەڵکردنی ئالای کوردستان و دامەزرانی هیزی سپای میللی کوردستان.

---

٥- ١٠ی جانێوێری ١٩٤٦ی زایینی = ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی؛ چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی کوردستان کە هەتا ئێستا ٩٢٦ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

---

٦- ٢٢ی جانێوێری ١٩٤٦ی زایینی = ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ لە گۆرەپانی چوارچرای شاری مەهاباد لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەرین د کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان تێدا بەشدار بوون، پێک هاتنی کۆماری کووردستان ڕاگەیەندراو قازی محەممەد کە ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو؛ بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان. لەو کۆبوونەوە دا پێشەوا قازی قسەی کردو بەرنامەی دوارۆژی کارو تێکۆشانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.

---

٧- ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦ی زایینی = ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایە دوو هەیئەتی ڕەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەورێز ئیمزا کرا.

---

٨- ١١ی فێبریوێری ١٩٤٦ی زایینی = ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ پێک هێنانی کابینەی وزیران بە سەرۆکایەتیی حاجی بابە شێخ لەگەڵ سێزدە وەزیری دیکە کە زۆربەیان نوێنەری چین و توێژەکانی نێونجیی شاری مەهاباد یان ئاغاو خاوەن ملکە گەورەکان بوون.

---

٩- ١٥ی مارچی ١٩٤٦ی زایینی = ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی؛ دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد - ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

---

١٠- ٣٠ی ئەپریلی ١٩٤٦ی زایینی = ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ بۆ یەکەم جار دەزگای ڕادیۆ کە پێیان دەگوت ستاسیۆنی ڕادیۆ لە ڕێ و ڕەسمی تایبەت دا بە وتاری پێشەوا قازی لە شاری مەهاباد کرایەوە.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

١١- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٦ی زایینی = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ ڕاست ساڵێک پاش ئەوەی پاش چەک کردنی شارەبانیی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە گرتبوو، لەشکری دەوڵەتی ناوەندی هات بۆ مەهاباد شاری داگیرکرد بەهاتنی لەشکری شا کۆماری کوردستان تێک شکاو و کۆتایی بەتەمەنی یازدە مانگەی یەکەم کۆماری کوردستان هات.

---

١٢- ٢١ی فێبویۆێری ١٩٤٧ی زایینی = ٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ ئێعدامی ١١ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرۆک عەشیرەتەکانی فەیزوڵلابەگی و گەورەک لە شاری سەقز و ئێعدامی عەلی بەگی شێرزاد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی بۆکان لە شاری بۆکان.

---

١٣- ٢٣ی جانێوێری ١٩٤٧ی زایینی = ٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی؛ واتە ساڵێک و ڕۆژێک پاش ئەوەی بە سەرکۆماری کوردستان هەڵبژێرا، پێشەوا قازی و هاوڕێکانی مەحکووم بە ئێعدام کران بەڵام بەجێ هێنانی حوکمی ئێعدام وەدواخرا، ٦٦ ڕۆژی تەواوی پێ چوو تا لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ = ٣٠ی مارچی ١٩٤٧ دا حوکمی ئیعدام لە مەهاباد بەڕێوە چوو.

---

١٤- نۆڤەمبەری ١٩٥٩ی زایینی = خەزڵوەری ١٣٣٨ی هەتاوی؛ هێرشی بەربڵاوی ساواک بۆ سەر ڕێکخراوەکانی حیزب کە نزیکەی ٢٥٠ کەس لە سەرانسەری کوردستان گیران و زۆریشیان پەرەوازەی باشووری کوردستان بوون.

---

١٥- ساڵەکانی ٦٧ - ١٩٦٨ ی زایینی = ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی؛ خەبات و تێکۆشانی سیاسی - چەکداری لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب، بزوتنەوەی چەکداری ٤٦ و ٤٧ سەرباقی هەموو کەموکووڕیەکان یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی فیداکاری و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی دێمۆکڕاتە. ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێکشکا، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

---

١٦- زستانی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی = ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی؛ سەرکەوتنی بەرچاوی کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە هەڵبژاردنی دەورەی ١٧ی مەجلیسی شوڕادا. ئەم هەڵبژاردنە لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵوەشایەوە و ئیمام جومعەی تاران وەک نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس دیاری کرا، بێئەوەی کەس لە مەهاباد بیناسێ.

## ٢٥ی گەلاوێژ

١٧- زستانی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی = ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی؛ ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بەدژی زوڵم و زۆریی ئاغا و دەرەبەگەکان لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا. ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بە هاوکاریی لەشکری شا سەرکوت کرا.

---

١٨- جوونی ساڵی ١٩٥٥ هەتاوی = جۆزەردانی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی یەکەم کۆنفرانسی حیزب و هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری حیزب لە کێوی قەڵاتەرەش پشتی گوندی سەیدئاوای بابەگەورە لەناوچەی پیرانشار. بەبەشداریی پازدە - بیست کەس ١٥ تا ٢٠. لەم کۆنفرانسەدا بڕیار درا حیزبی دێموکرات پێوەندیی تەشکیلاتیی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ.

---

١٩- ١٩ای نۆڤەمبەری ١٩٦٤زایینی = ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٤٣ی هەتاوی؛ دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم دا پێکهاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە نێوان گوندی شێنێ و گوندی سونێدا لە نێوان سەردەشت و قەڵادزێ. نوێنەری بەشدار لەم کونگرەیەدا سێ سەد و چەند کەس بوون. ئەم کۆنگرەیە جۆرێک لادان لە ڕێبازی دروستی سەربەخۆیی حیزب بوو. - ئەم کۆنگرەیە یەکەمین کۆنگرەی دوای تێک چوونی کۆمار.

هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی نوێ ئەحمەد توفیق وەک کەسایەتی یەکەمی حیزب.

---

٢٠- سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٨ی زایینی = خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی؛ گیرانی سەدان کەس لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، کە بەدوای ئەشکەنجەی زۆر لە پادگانی جەلدیان چەندین کەسیان لێ ئیعدام کران.

---

٢١- ١٦ای ئاگۆستی ١٩٦٩ی زایینی = ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٤٨ی هەتاوی؛ کۆنفرانسی دووهەمی حیزب. لە یەکێک لە گوندەکانی بناری قەندیل(سەر بە ناوچەی سەنگەسەر لە باشووری کوردستان. گرینگترین کاری کۆنفرانسی دووهەم، ساخکردنەوەی کۆمیتەی ناوەندی و دووبارە زیندوو و چالاک کردنەوەی تێکۆشان و خەباتی حیزب بووە.

---

٢٢- جانێویری ١٩٧١زایینی = ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی؛ دەرچوونی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. لەو کاتەوە تا ئێستا "کوردستان" ٩٠٠ ژمارەی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو بۆتەوە.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

٢٣- ١٣ی مای ١٩٧١ی زایینی = ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٥٠ی هەتاوی؛ کۆبونەوەی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزب بۆ چارە سەری ئەو ناکۆکی و ئاڵۆزییە فکرییەی کە بۆ ئەندامانی حیزب هاتبوو پێش، لە کۆبوونەویەک دا دوای راوێژو لێکدانەویەکی زۆر چەند بریاری گرینگ دران.

---

٢٤- ٢١ی جوونی ١٩٧١زایینی = ٣١ی جۆزەردانی ١٣٥٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنفرانسی سێهەمی حیزب، بەبەشداری ٣٢ کەس لە شاری کۆیی لە باشووری کوردستان ئەو کۆنفرانسە کۆنفرانسێکی بەکەلک بوو و حیزبی هێناوەتەوە سەررەوتی ئاسایی خۆی. - کۆنفرانسی سێهەم حیزب کاری زۆر بوون، ئوسولی حیزبی پەسند کرد، ڕێبازی سیاسی دارشت، بەرنامە و پێرەوی نۆی بۆ حیزب پەسند و کۆمیتەی ناوەندیی نوێ هەڵبژارد کە لە ١١ کەس پێک هاتبوو. - ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان گۆردرا و بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی(ئێران)

– هەڵبژاردنی دوکتۆر قاسملوو بە سیفەتی سکرتێری گشتیی حیزب.

---

٢٥- ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی = ١ی ڕەزبەری ١٣٥٢ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب بە بەشداری ٤٩ کەس نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی حیزبی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لەشاری بەغدا.. پەسند کردنی بەرنامەو پیرەوی نیوخۆی تازە و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی - ئاڵ و گۆڕ لە ناوی حیزب دا پێکهات، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بو بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

– بۆ جاری دووهەم دوکتۆر قاسملوو بو بە سکرتێری گشتیی حیزب.

---

٢٦- ٢٧ی جووڵای ١٩٧٧ی زایینی = ٥ی گەلاوێژی ١٣٥٦ی هەتاوی؛ زەختی حکوومەتی عێراق، هەڵ و مەرجی دژوار و هەستیار کۆمیتەی ناوەندی ناچار دەکا کۆمیتەی ناوەندی بچێتە فەرانسە و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە شاری شانیومون لیڤون لە ماڵی کریس کوچرا بگری.

---

٢٧- ٧ی جوونی ١٩٧٨زایینی = ١٧ی جۆزەردانی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ خۆپیشاندانی گەورە لە مەهاباد بەبۆنەی سێ ڕۆژانەی ناشتنی تەرمی کاک عەزیز یوسفی. ئەم خۆپیشاندانە سەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتری خەڵکی کوردستان بەدژی ڕێژیمی شا لە کوردستان بوو.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

٢٨- ٢ی مارچی ١٩٧٩ی زایینی = ١١ی رەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ میتینگەی سەدهەزار کەسی لە ستادیومی وەرزشی مەهاباد، حیزب تێکۆشانی ئاشکرای نوێی بە فەرمی راگەیاند. لەم میتینگە شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان،
ئەم کۆبوونەوەیە وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو.

---

٢٩- ١٩ی فێبریوێری ١٩٧٩زایینی = ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی؛ گرتنی پادگانی مەهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بە یارمەتیی ئەرتەشییە شۆڕشگێڕەکان، ٨ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

---

٣٠- ٣٠ی مارچی ١٩٧٩ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ تەحریم و بایکوت کردنی ریفراندوم و دیاری کردنی سیستمی حکوومەتی ئێران لە لایەن حیزب و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان.

---

٣١- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی = ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ رێ و رەسمێکی ئاشکرا ٢٥ی گەلاوێژ ٣٤ مین سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆشکی لاوان لە شاری مەهاباد.

---

٣٢- ١٩ی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی = ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ راگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد و هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی حیزب لە لایەن خومەینی و سەپاندنی شەرێکی سەرانسەری(شەری سێ مانگە)

---

٣٣- ٢١ی مارچی ١٩٧٩زایینی = ١ی نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ سازبوونی شەڕ لە سنە لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرستەوە. ئەوە یەکەم شەڕی ڕێژیمی تازە، دژی گەلی کورد و داخوازەکانی بوو.

---

٣٤- ٢٠ی ئەپریلی ١٩٧٩زایینی = ٣١ی خاکەلێوی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ تەقەکران لە کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە و سازبوونی شەڕێکی خوێناوی.

---

٣٥- ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩زایینی = ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی؛ دەرچوونی پەیامی خومەینی لەسەر کوردستان، ئەو پەمامە بەکردوە بە مانای دانپێدانانی ڕێژیم بە شکستی خۆی و کۆتایی هاتنی شەڕی سێ مانگە بوو.

## ٢٥ی گەلاوێژ

٣٦- ١٩ی فێبریوێری ١٩٨٠ی زایینی = ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزب بەبەشداری ٣١٠ نوێنەر بەشێوەی ئاشکرا لە ساڵۆنی سینەما ئومێد بەڕێوە چوو. دوای کۆنگرەی یەک و پاش ٣٤ ساڵ ئەوە یەکەم کۆنگرە بوو کە بە ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەشاری مەهاباد دەبسترا.

– بۆ جاری سێهەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٣٧- ١٥ی جوونی ١٩٨٠ی زایینی = ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ جودا بوونەوەی تاقمی ٧ کەسی (بەناو پیرەوانی کۆنگرە یەک) بە هاندانی حیزبی توودەی ئێران کە ٦ کەسیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون.

---

٣٨- ١٤ی مارچی ١٩٨٠زایینی = ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ی هەتاوی؛ سەرکەوتنی زۆربەی کاندیداکانی حیزبی دێموکرات بۆ مەجلیسی شوڕای میللی لەو شوێنانەی کوردستان کە هەڵبژاردن بەڕیوە چوون.

---

٣٩- ١٧ی جوونی ١٩٨٠ی زایینی = ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی؛ دەستپێکردنی یەکەمین بەرنامەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگورانی مەهاباد.

---

٤٠- ٥ی دێسەمبەری ١٩٨١ی زایینی = ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی پێنجەمی(کۆنگرەی شەهیدان) حیزب. بەبەشداری نوێنەرانی هەڵبژێراوی کۆنفرانسەکان و ئامادەبوونی چەندین میوان لە گوندی شیوەجۆ لەناوچەی گەورکی لە نیزیک بنکەی دەفتەری سیاسی. سەردەشت. - چوون بۆ نێو شوورای نیشتمانی بەرگری - دروشمی رووخاندنی ڕێژیمی خومەینی پەسند کرا.

– بۆ جاری چوارە دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤١- ٢ی جوونی ١٩٨٣زایینی = ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە.

---

٤٢- ٢٢ی جانیۆیری ١٩٨٤ی زایینی = ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بەبەشداری ٢٣٠ کەس لە نوێنەران پێک هاتنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە گوندی گەلاڵەی ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان.

## ٢٥ی گەلاوێژ

پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب (سوسیالیزمی دێموکراتیک) هەرچەند ناکۆکی یەکی توندی بیرو بۆچوونی لەسەر دەرکەوت.

– جاری پێنجەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤٣- ٦ ی ئاگۆستی ١٩٨٤ی زایینی = ١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەتاوی؛ لە پلینۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بریار درا ٢٦ی سەرماوەز بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکرێ.

---

٤٤- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٨٥ ی زایینی = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی حەوتەمی حیزب(کۆنگرەی چل ساڵ خەبات) لە بیرەوەری رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا لە گوندی کانی مێو باشووری کوردستان دەستی بەکار کرد کە سەرجەم چوار رۆژی خایاند. - کۆنگرە هاتنە دەرێی حیزب لە شورای نیشتمانی بەرگری بەکاری دروست و بەجێ زانی.

– بۆ جاری شەشەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤٥- ١٦ی ئاگۆستی ١٩٨٧ز = ٢٥ی گەلاوێژ ١٣٦٦ی هەتاوی؛ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبدا لە سەر یەک چەند سەعات بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە توندترین شێوە بە تۆپ و کاتیوشا کوتا. لەم ئاگربارانەدا رێژیم لە تۆپی شیمیایی کەلکی وەرگرت.

---

٤٦- ١٨ی جانێوێری ١٩٨٨ی زایینی = ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب. هاتنە ئارای لیستی فیکس و دەست پێکردنی ناکوکیەکانی نێوخۆیی، لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان. - جیای دین لە دەوڵەت. - درێژ کردنی مەودای نێوان کۆنگرەکانی حیزب لە دوو ساڵەوە بۆ ٣ ساڵ.

– بۆ جاری حەوتەم دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٤٧- ٢١ی مارچی ١٩٨٨ی زایینی = ١ی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاو لە کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕاگەیاندنی بوون و پێکهاتەی خۆیان لە ژێر ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"دا.

---

٤٨- ٢٩ی جوونی ١٩٨٨ی زایینی = ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێموکراتی

## ٢٥ی گەلاوێژ

کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆرشگێر بە بەشداری ١١٢ نوێنەری هەڵبژێردراو لە ئۆرگانەکانی حیزب لە دوڵەرەقی باشووری کوردستان. ئەم کۆنفرانسە دوای جیابوونەوە ١٩٨٨ی زایینی لە دوای کۆنگرەی ٨ی بەرێوە چوو.

– بۆ یەکەم جار جەلیل گادانی وەک سکرتێری گشتیی هەڵبژێردرا.

---

٤٩- سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی = خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی؛ کوشتاری کەم وێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبینران.

---

٥٠- ١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی = ٢٢ی پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی؛ تیرۆری سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵلاقادری ئازەر، د، فازڵ ڕەسووڵ لە ڤییەن بە دەستی دیپلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ.

---

٥١- ١٥ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی = ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٦٧ی هەتاوی؛ ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر سەبارەت بە تیرۆری دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حدکا، وێرای مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی، داوا لە دەوڵەتی ئۆتریش کرد کە لێپرسراوان بۆ دۆزینەوە و سزادانی بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە سامناکە هەنگاوی جیدی و خیرا هەڵێنێتەوە.

---

٥٢- ١٢ی ئاگۆستی ١٩٩٠ی زایینی = ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٩ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرە نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر لە گوندی قەڵا سەیدەی دوڵی شاوەێ سەر بەشاری رانیەی باشووری کوردستان. بەبەشداری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئۆرگانەکان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات.

– بۆ جاری دووهەم جەلیل گادانی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٣- ٢١ی دێسەمبەری ١٩٩١ی زایینی = ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرە نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(گۆنگرەی قاسملوو) لە "گەلی بەدران" لە نیزیک گوندی بەناوبانگی "زارگەڵی" لە ناوچەی ناسراوە (ناوچیا)باشووری کوردستان.

- پاراستنی مافی کەمینە لە نێو ڕیبەری حیزب دا.

## ٢٥ی گەلاوێژ

– بۆ یەکەم جار دوکتور سادق شەرەفکندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٤- ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی = ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی؛ تێرۆری مێکونووس. لەم پەلامارە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

---

٥٥- ١٢ی ئەپریلی ١٩٩٥ی زایینی = ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کۆنگرەی پەنجا ساڵەی دامەزرانی حیزب)لە شاری هەولێری باشووری کوردستان. - کرانەوەی دەرگای دیالۆگ بۆ یەک گرتنی هەردوو بەشی حیزب.

– بۆ یەکەم جار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٦- ١ی مای ١٩٩٥ی زایینی = ١١ی بانەمەڕی١٣٧٣ی هەتاوی؛ پێکهاتنی گونگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شورشگێرلە باشووری کوردستان. بەبەشداری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئۆرگانەکان و رێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات. - گورێنی دروشمی ستراتیژی حیزب لە خودموختاری بۆ مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ کوردستان.

– بۆ سێهەم جاری جەلیل گادانی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٥٧- ٢٨ی جوولای ١٩٩٦زایینی = ٧ی گەلاوێژی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ هاتنی هێزێکی دووهەزار کەسیی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە نیزیک شاری کۆیە.

---

٥٨- ٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٦ ی زایینی = ١٩ی خەرمانانی ١٣٧٥ی هەتاوی؛ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی چاودێری ئەنترناسیونالی سوسیالیست لە بیستەمین کۆنگرەی خۆی لە سالونی کوری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکان لە نیویورک. بە بەشداری مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

٥٩- ١٠ی ئەپریلی ١٩٩٧ی زایینی = ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ دادگای بێرلین پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوە بڕیاری کۆتایی دادگای بەناوبانگی میکونووس ڕاگەیاند و سەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی(خامنەیی و ڕەفسەنجانی)بەبەرپرسی ئەو جینایەتە ناسی.

---

٦٠- ٨ی جووڵای ١٩٩٧ی زایینی = ١٧ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی؛ پاش ٩ ساڵ جیایی و لێک دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرئەنجام یەکیەتی و یەک پارچەیی خوی وەدەست هێنایەوە.

---

٦١- ٢٢ی دێسەمبەری ١٩٩٧ی زایینی = ١ی بەفرانباری ١٣٧٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەمی حیزب (کۆنگرەی خەباتگێرانی خۆڕاگر). لەشاری کەرکوک باشووری کوردستان. ئەوە یەکەمین کۆنگرە بوو کە بەدوای یەکبوونەوەی ڕیزەکان حیزبدا پێک دەهات.

– بۆ دووهەم جار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٢- ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ی زایینی =٤ی سەرماوەزی ١٣٧٩ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە شاری کۆیە باشووری کوردستان.- بڕیاری بەرچاوی کۆنگرە، گۆڕینی مەودای نێوان کۆنگرەکان، لە ٣ ساڵەوە بۆ ٤ ساڵ.

– بۆ سێهەم جار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٣- ٣ی جووڵای ٢٠٠٤ی زایینی = ١٣ی پووشپەری ١٣٨٣ی هەتاوی؛ پێکهێناتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لە کۆیە. لەم کۆنگرەیەدا دروشمی بنەڕەتی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆ کوردوستان" وە گۆڕا و بوو بە "دابینکردنی مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا". - پەسند کردنی ئاڵای کوردستان.

– بۆ یەکەم جار مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٦٤- ٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٦ی زایینی = ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاوی؛ دوو لەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان. بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێران.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

٦٥- ٧ی ئاگۆستی ٢٠٠٧ی زایینی = ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی؛ دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ. زمان حاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەمکاناڵ شوێنی گرینگی لەسەر پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب لە دوای لەتبوونی حیزبی دێموکراتەوە هەبوو.

---

٦٦- ٦ی مارچی ٢٠٠٨ی زایینی = ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کویەی باشووری کوردستان. ئەم کۆنگرەیە یەکەم کۆنگرەی دوای دوو لەت بوونی حیزبی دێموکرات بوو.

- گەڕانەوەی ناوی حیزب بۆ ڕۆژی دامەزرانی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان.
- پەسند کردنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵ دا. وەک دروشمی ستراتیژی حیزب.

**– بۆ یەکەم جار خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.**

---

٦٧- ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨ی زایینی = ٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٧ی هەتاوی؛ کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(کۆنگرەی بەجەماوەریتر کردنی خەبات) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان.

- بڕیاری دیاری ئەو کۆنگرەیە، هەڵگرتنی تێبینیی دوو دەور سکرتێری بوو لە ئەساسنامەی حیزب.

**– بۆ دووهەم جار مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.**

---

٦٨- ٢٣ی مای ٢٠١١ی زایینی = ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠ی هەتاوی؛ پێکهاتنی پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کویەی باشووری کوردستان.

**– بۆ دووهەم جار خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.**

---

٦٩- ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢ی زایینی = ٨ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی پازدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی ئازادیی سەر بە شاری کۆیەی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو.

- دروشمی کۆنگرە: هەوڵدان لە پێناو یەکریزیی حیزب.

**– بۆ سێهەم جار مستەفا هیجری وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.**

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

٧٠- ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥ی زایینی = ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ وەرگیرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامەتیی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست. ئەم کۆبوونەوەیەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە لواندا، پێتەختی ئانگۆلا گیرا.

---

٧١- ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٥ی زایینی = شەو زستان (یەلدای خوێناوی)ی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ تەقینەوەیەک لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی شەوی یەلدا، ٨٦ ساڵەی لەدایکبوونی د. قاسملوودا ڕووی دا. لەم ڕووداوە تێرۆریستییەدا ٥ کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان شەهید بوون.

---

٧٢- ٦ی فێبریوێری ٢٠١٦ی زایینی = ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٤ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان) لە قەڵای دێموکرات لە شاری کویە. بەڕێوە چوو.

**بۆ جار سێهەم خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.**

---

٧٣- ٩ی جانیوێری ٢٠١٨ی زایینی = ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی؛ کۆبوونەوەی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم کۆبوونەوەیە بووە بەردی بناغەی پێکهاتنی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران".

---

٧٤- ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨ی زایینی = ١ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی شازدەهەمی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" لە جێژنیکانی دەشتی بەرانەتیی هەولێر باشووری کوردستان.
- هەیکەل و قەوارەی حیزب بە هێنانە ئارای گەلاڵەیەک گۆردرا. سکرتێری گشتیی گۆردرا بە لێپرساوی گشتیی.

**– کاک مستەفا هیجری بووبە لێپرسراوی گشتی**

---

٧٥- ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم پەلامارە تێرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

٧٦- ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی = ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی؛ مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئێعدامی پۆلێک تێکۆشەری سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، بەڕێوە چوو.

---

٧٧- ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ی زایینی = ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی؛ پێکهاتنی کۆنگرەی حەڤدەیەمین حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ژێر ناوی "کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان" و بە دروشمی "یەکریزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ زامنی سەرکەوتنمانن" لە "قەڵای دێموکرات" لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو،

– بۆ جار چوارەم خالید عەزیزی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٧٨- ٢١ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی = ٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١؛ دوای ١٦ ساڵ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و دوای بەئاکام گەیشتنی وتووێژەکانی نێوان ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوولایەنی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بە بەشداریی سەدان کادر و پێشمەرگە و، کەسایەتییە سیاسییە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات یەکیان گرتەوە.

---

٧٩- ٣ی فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی = ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی؛ بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە (ئەندامانی ڕێبەری، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان)، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"دا کارەکانی خۆی دەست پێ کرد.

– مستەفا هیجری بۆ پێنجەمین جار وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێرا.

---

٨٠- ٢٩ی مارچی ٢٠٢٥ی زایینی = ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی؛ دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، ڕێزنامەیەکی بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکرات، پێشکەش کردن. ئەم ڕێزنامەیە هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەشێک لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پێشکەشیان کرا.

---

## ٢٥ی گەلاوێژ

**٨١- ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی = ٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی؛ بەیاننامەی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: ئەندامانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە: پارتی ئازادیی کوردستان – پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران – کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**رەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و لێدوانەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

